دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٣٠

www. kurdistanukurd.com

شەممە ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨٨ ـ ٦ی مارسی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## پیرۆز بێ ٨ی مارس



لە پێشوازی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان دا گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی ژنانی کوردستان و ئێران دەکەین. جارێکی دیکە لە سەر ڕەوا بوونی ویست و داخوازی یەکسانیخوازانەی ژنان لە کوردستان و ئێران پێ دادەگرینەوەو، پشتیوانیی خۆمان لە خەبات بۆ نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنی جینسی لە هەموو بوارەکان دا، دووپات دەکەینەوە.


""کوردستان"

سیاسی



پەیام
بە بۆنەی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن

وتووێژ



دیدارریێك لەکەڵ بەرپرسی دیپلۆماسی حدك لە دەرەوەی وڵات

### خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ BBCدا:

# سەقامگیری و ئەمنییەتی سیاسی لە ئێران، لە گرەوی دانان بە جۆراوجۆریی نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی و مەزهەبی دایە



ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١١ی ڕەشەمە، خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەرنامەی " بە عبارت دیگر"ی تلویزیۆنی "بی بی سی فارسی" دا وەڵامی پرسیارەکانی "عینایەتی فانی"، بەڕێوەبەری ئەو بەرنامەیەی دایەوە.

خالیدی عەزیزی لە وڵامی پرسیارێك دا سەبارەت بەوەی کە ئێوە دەتانەوێ چ گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ خەبات دارێژن و چ جۆرە سیمایەکی نوێ لە بواری فکر و ئەرزشەوە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیشان بدەن، وڵامی دایەوە: **تا ئەو جێگایەی کە** پەیوەندی بە بابەتە نێوخۆییەکانی حیزبەوە هەبێ، حیزبی دێمۆکرات لە ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردوو دا یەکێك لە گرفتەکانی ئەوە بووە کە ئێمە ئازادیی دەربڕین و بیر وڕا بە گشتی، لە حیزب دا زیاتر نەهادینە بکەین و ئەندامانی حیزب بتوانن لە دەرەوەی حیزبیش بە ناوی خۆیانەوە سەبارەت بە مەسایلی جیدیی حیزب قسە بکەن، بە ئامادەییەکی زیاترەوە بچنە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزب، پەیوەندیی حیزب لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان پەرە پێ بدەن و لەو ڕێگایەوە خەڵکی کوردستان بتوانن لە شێوازی پێکهاتنی بیرە سیاسییەکانی نێو حیزب دا ڕۆڵیان هەبێ.

هەڵبژاردەیەک لەم وتووێژە لە لاپەڕەی ٣دا بخوێننەوە

## پەیام

## لە پێشوازی چوارشەممەسووری و نەورۆزی ١٣٨٩دا

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**لاوانی نیشتمانپەروەر!**
**سەرجەم ئەوگرانی نەورۆز و جوانی و نوێبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

چوارشەممەسووری و نەورۆز بەڕێوەیە. پاش تێپەڕکردنی ساڵێکی پڕ لە خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ستەم و دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارانو، دوای دەیان و سەدان چالاکی و حەرەکەتی مەدەنیی لاوان و توێژە ڕووناکبیرەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٨دا، جارێکی دیکە باوەش بۆ نەورۆز و بەهارو ساڵی نوێ دەکەینەوە. با وەك ساڵانی ڕابردوو، چوارشەممەسووری و نەورۆز، بکەینەوە بە جێژنی یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی. لە چوارشەممەسووری و نەورۆزدا، جارێکی دیکە نیشان بدەنەوە کە خەڵکی کوردستان وەك هەمیشە دژی ژێردەستی و چەوسانەوەی نەتەوەیین، دژی ستەم و بێدادی دەسەڵاتدارانو، دژی سەرکوت و تاوانخوڵقێنیی بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامین.

ئەمجارەش ڕێوڕەسمەکانی چوارشەممەسووری و نەورۆز بکەنەوە بە بۆنەیەك بۆ دەربڕینی هەست و شوعووری نەتەوەیی و هەڵوێستی ئازادیخوازیتان. جارێکی دیکە وەفاداریی خۆتان بە ڕێگاو ئامانجی ڕێبەرانی شەهیدی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی گەلەکەمانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرووی هەمووانەوە، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دووپات بکەنەوە. هاوپێوەندیی خۆتان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان، بنەماڵەی بەندییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی کورد، پێشان بدەنەوەو، دروشمی "ئازادی بۆ بەندییە سیاسییەکان" و داوای "هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام" تێکەڵ بە سروودەکانی "نەورۆز" و "ئەی ڕەقیب"و "ئەی شەهیدان" بکەن و بانگی "نەسرەوتن تا سەرکەوتن" با سەرانسەری شارو گوندەکانی کوردستان دابگرێ.

ئەمساڵیش بە جلوبەرگی کوردی و بە دابی ساڵان لە ماڵەکانتان وەرنەدەر، با گڕی ئاگری نەورۆزی کوردەواری و دەنگی سروودە حەماسییەکانتان، با هەڵپەڕکێ و شادی نواندنتان، جارێکی دیکە زیندوویی، ورەبەرزی و نوێخوازیی گەلی کوردو، بەردەوامیی خەڵکی کوردستان لە سەر خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆری و جەهل و تاریکی بسەلمێنێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێشوازی چوارشەممەسووری و نەورۆزدا، بە بۆنەی تێپەڕکردنی ساڵێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانی و تێکۆشان ماندوونەبوونی و دەستخۆشتان پێدەڵێ و، بە گەرمی پیرۆزبایی هاتنی چوارشەممەسووری و جێژنی نەورۆزتان لێدەکا. ئێمە بەداخین کە زۆر لە هاوڕێیان و ئازیزانتان، بە بۆنەی گیان لەدەستدان لە ڕێگای ئازادی، یا گیران و مانەوە لە بەندیخانەدا، ئێستا لە نێوتاندا نین. بەڵام پێمان وایە دەبێ یادی ئەوان بکەین بە ئیلهام و هاندەرێك بۆ درێژەدان بە ڕێگاکەیان. هەر بۆیە چاوەڕوان و هیوادارین ئێوە لاوانی وشیار و کۆمەڵانی خەباتگێڕی کوردستان، بە عەزمی خەباتگێڕانە، هەڵوێستی ئاگایانە و ئازایانەو، بە وشیاریی نەتەوەیی خۆتان، چوارشەممەسووری و نەورۆز، لە لایەکەوە بکەن بە بۆنەیەك بۆ هاتنە مەیدانو، دەنگ هەڵبڕین دژی زوڵم و زۆر و تاوانەکانی دەسەڵاتدارانو، لە لایەکی دیکەوە لەم بۆنەیەدا، هاوپێوەندیی خۆتان لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران دووپات بکەنەوە.

هەر شکۆدار بێ یادی نەورۆز
هەر لە ئێستاوە نەورۆزتان پیرۆز

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**نێوەڕاستی ڕەشەمەی ١٣٨٨**

### کۆمیسێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

## دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خراپتر بووە



**کوردستان:** کۆمیسێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ خراپتربوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران نارەزایەتی دەربڕی.

کۆمیسێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی ڕەشەمە لە درێژەی دانیشتنی شووڕای مافی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوەدا گوتی کە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا خراپتر بووە.

نۆی پیلای، کۆمیسێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتووەکان لە دانیشتنی شووڕای مافی مرۆڤی ئەو ڕێکخراوە لە ژنێڤ دا وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆی ڕای گەیاندوە کە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بەرەوە خراپتر بوون ڕۆیشتوە.

خاتوو نۆی پیلای، کە ڕاپۆرتی دۆخی مافی مرۆڤی لە ساڵی ٢٠٠٩ دا پێشکەشی ئەم شووڕایە دەکرد، جارێکی دیکە ئاماژەی بە سەرکوتی نارازیان بە ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا کرد.

## "شادی سەدر" خەڵاتی نێونەتەوەیی بوێریی ژنان لە ساڵی ٢٠١٠ی پێ بەخشرا



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی دووشەممە ١٠ی ڕەشەمە ناوی شادی سەدر، چالاکی مافی ژنان و پارێزەری پەرەوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ، لەگەڵ ٩ ژنی دیکە لە وڵاتانی جۆراوجۆر وەك براوەی خەڵاتی " میداڵی نێونەتەوەیی بوێریی ژنان" ڕاگەیاند.

١٠ براوەی خەڵاتی نێونەتەوەیی بوێردی ژنان لە ساڵی ٢٠١٠ ،ڕۆژی ١٠ی مارسی ئەمساڵ دوو ڕۆژ دوای ڕۆژی جیهانیی ژنان خەڵاتەکانیان لە شاری واشینگتۆن لە لایەن هیلاری کلینتۆن ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکاوە پێ دەدرێ.

شادی سەدر ، لە چەند مانگی ڕابردوو دا بە هۆی چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤەوە چەند خەڵاتی نێونەتەوەیی پێ دراوە و لە مانگی خەوڵوەری ئەمساڵ خەڵاتی مافی مرۆڤی شاری لاهەی هولەندیشی وەدەست هێنا.

دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران و دەست پێکردنی نارەزاییەتییەکان دژی ئاکامی هەڵبژاردنەکان ، "شادی سەدر" لە مانگی پووشپەڕی ئەم ساڵدا لە کاتی بەشداریکردن لە نوێژی هەینی تاران لە لایەن هێزە ئەمنیەتی‌یەکانی حکوومەتەوە قۆڵبەست و دوای ١١ ڕۆژ ئازاد کرا.

پێویستە بگوترێ کە خەڵاتی نێو نەتەوەیی بوێری ژنان ، لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن "کاندولیزا رایس" ، وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی بووش ، بە مەبەستی ڕێز لێنان لە ژنانی سەرانسەری جیهان کە لە بەرەو پێشبردنی مافی ژنان لە وڵاتی خۆیان دا " بوێریەکی بێ وێنەیان" لە خۆیان نیشان داوە، دیاریی کراوە. ئەم خەڵاتە بە ژنانێك دەدرێ کە" لە ڕێگای پێکهێنانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤدا کارو تێکۆشانیان هەیە.

### بەڕێوەچوونی سمینارێک لە پارلیمانی نۆرویژ

## بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی مارس لە پارلمانی نورویژ سمینارێک بە بەشداریی چەند کەسایەتی و پسپۆڕی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە دەچێ.

سمینارەکە دوو تەوەری کێشەی کورد بە گشتی و ژینۆسایدی خەڵکی کوردستان لە خۆ دەگرێ.

گروپی کوردی لە ڕێکخراوی دژی ڕەگەزپەرستی " ئێس.ئۆ.ئێس.ڕاسیسمە" و کەمپەینی بە جیهانی کردنی ژینوساید دژی گەلی کوردستان بە هاوکاریی ئەندامانی پارلمانی سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ پێکهێنەری ئەم سمینارەن.

بەشدارانی ئەو سمینارە بریتین لە : "خالید عزیزی" سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دۆکتور "مەجید حامید جەمیل"، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، "شورش حاجی" پسپۆڕ و لێکۆڵەر لە بابەت ژینوسایدی کورد ، "عەبدوول باسییت سەیدا" پسپۆڕی بواری مێژوو و مامۆستا لە زانکۆی ئۆپسالای سوید و "کەریم یەلیدز" پرۆفیسۆر و لێکۆڵەر.

باسکردن لەسەر کێشەی کورد و ژینوساید و کۆمەڵکوژیی کوردەکان لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ لە ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە ناوەرۆکی باسی هەر کام لە وتاربێژانی ئەو سمینارە لە خۆ دەگرێ. هەروەها لێکۆڵەرێک لە سەر کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست وتاری دەسپێکی سمینارەکە پێشکەش دەکا.

ئەندامانی پارلەمانی نورویژ، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی نۆرویژی، ریکخراوە مەدەنیەکانی چالاک لە بواری مافی مروڤ و کەسایەتییە ناسراو و بەناوبانگەکانی سیاسی و مەدەنیی نۆرویژ، باڵوێزی چەند باڵوێزخانەی وڵاتانی جیهان لە نۆرویژ و نوینەری حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بۆ ئەم سمینارە بانگهێشت کراون.

هەر لەم بارەوە ڕێکخراوەکانی " ئێس.ئۆ.ئێس.ڕاسیسمە" و کەمپەینی بە جیهانی کردنی پرسی ژینوساید دژ بە گەلی کوردستان ڕۆژی سێشەممە ١٦ی مارس خۆپیشاندانێک لە شاری ئۆسلۆ پێک دێنن.

## کۆماری ئیسلامی و نۆرویژ دیپلۆماتەکانی یەکتر دەردەکەن



دوای ئەوەی دەوڵەتی نۆرویژ، پەنابەرێتی دا بە محەممەد ڕەزا حەیدەری، دیپلۆماتی ئێرانی لە ئۆسلۆ، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، سەفیری نۆرویژ لە تارانی بانگ کردو داوای لێ کرد دەستبەجێ دیپلۆماتێکی نۆرویژی، تاران بەجێ بێڵێ. دەوڵەتی نۆرویژ لە ڕێگای وەزیری دەرەوە بەتوندی نارەزایەتی لەم بڕیارەی تاران دەربڕی و، نوێنەرایەتیی سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی بانگ کردو پێی ڕاگەیاند کە دیپلۆماتێکی ئێرانی دەسبەجێ دەبێ ئۆسلۆ بەجێ بێڵێ.

شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە ماوەیەك لەمەوبەر محەممەدڕەزا حەیدەری، دیپلۆماتی کۆماری ئیسلامی لە نورویژ وەك نارەزایەتی دەربڕین دژی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ئێران و بە نیشانەی هاوپیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران لە ڕێژیمی ئێران هەڵگەڕایەوە و داوای پەنابەریەتیی لە وڵاتی نۆرویژ کرد. ئەم داوایەش لەلایەن نۆرویژەوە قبووڵ کرا.

# راگەیەندراو بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ ئەسعەد دریازییەوە



بە داخێکی گرانەوە رادەگەیەنین کە هاوڕێ و هاوکاری خۆشەویستمان ئەسعەد عەزیز پوور، ناسراو بە ئەسعەدی دریازی، کاتژمێر ٢ی شەوی رابردوو پێنجشەممە لەسەر هەینی ٧ی رەشەمە لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

ئەسعەد دریازی کادری فەنیی رادیۆی دەنگی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوییەوە هاتبووە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکرای دێمۆکرات لە هێزی شەهید پێشەوا و ٣ ساڵ دواتر لە رادیۆ دەنگی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد.

ئەسعەد لە ئاکامی ئۆگری بەم رادیۆیە و، بە ئاگاداری لە رۆڵ و جێگای ئەو رادیۆ خۆشەویستە لە بەرەو پێش بردنی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان دا بە زوویی بوو بە یەکێک لە کادرە بەوەجەکانی بەشی فەننیی رادیۆی دەنگی کوردستان. هەر بۆیە هەتا سەرەتای پاییزی ئەمساڵ کە نەخۆشی ، بڕستی لێ بڕی ، لە خزمەتی دڵسۆزانە بە رادیۆ دەنگی کوردستان و لە هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ بەشی فەننیی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ درێغی نەکرد.

ئەسعەد دریازی کوڕی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و سەربەرزی خەڵکی دریاز بوو . برای تێکۆشەری جوانەمەرگ ، شەهید کاوەی عەزیزپوور بوو کە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکرات دا ، ساڵی ١٣٨٤ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهابادەوە گیرا و لە ئاکامی نەخۆشییەک دا کە بە هۆی لێدان و شکەنجەوە تووشی هاتبوو ، رۆژی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧ ، پاش چەندین مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ ئازار و نارەحەتی ، گیانی لە دەست دا.

ئەسعەد دریازی، نموونەی تێکۆشەرێکی خۆڕاگر و بە بیروباوەڕ بوو . لاوێکی قسەخۆش ، سادە و لە کاری خۆیدا جیددی و رێکوپێک بوو. هەر بۆیە خۆشەویستی سەرجەم هاوکاران و هاوخەباتانی بوو. لەم چەند ساڵەی دوایی دا بە داخەوە تووشی نەخۆشیی "لە کار کەوتنی گورچیلەکانی" و هاوکات تووشی نەخۆشیی وشکبوونی پێست بوو. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا ئەگەرچی بەردەوام لە هاتوچۆی دوکتور و نەخۆشخانە دابوو و رۆژ بە رۆ زیاتر بەرەو لاوازیی جەستەیی دەچوو، بەڵام لە کارو تێکۆشان دا هەروا جیددی و، بە ورە و ئیرادە ، هەروا بەرز و، لە هەڵسوکەوت دا وەک هەمیشە رووخۆش و سەمیمی بوو. سەرەتای پاییزی رابردوو، دوای ناهۆمێدی لە چارەسەربوونی نەخۆشییەکەی لە هەرێمی کوردستان، بە رەزامەندیی حیزب، گەڕایەوە نێو بنەماڵە بەڕێزەکەی لە مەهاباد بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکی باشتر دا، چارەسەری نەخۆشییەکەی بکا. بەڵام بە داخەوە هەوڵ و تەقەلای پزیشکەکان نەیتوانی ئەم رۆڵە تێکۆشەرە لە دەست مەرگی بێوەخت رزگار بکا و، سەرەنجام لە تەمەنی ٣٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم هاوڕێ و هاوکارە لە مێژینەیەی خۆی، بە گەرمی سەرەخۆشی لە بنەماڵە سەربەرز و تێکۆشەرەکەی ئەسعەد دریازی و سەرجەم خەڵکی مەهاباد دەکا. بەم بۆنەیەوە هەروەها سەرەخۆشی لە هاوکارانمان لە راگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات و تێکڕای تێکۆشەرانی دێمۆکرات دەکەین.

گیانی ئەسعەدی هاوڕێ و هاوکاری جوانەمەرگیشمان دڵنیا دەکەین کە یادی لە دڵمان دا زیندوو رادەگرین و هەتا بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کە رزگاریی نەتەوەکەمان لە ژێر دەستییە، لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین.

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٧ی رەشەمەی ١٣٨٨**
**٢٦ی فێورییەی ٢٠١٠**

# نامەی ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بۆ کۆمیسارپای بەرزی مافی مرۆڤ

ناوەندیی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە نامەیەک دا کە بۆ کۆمیسارپای بەرزی مافی مرۆڤی ناردوە داوای لەو رێکخراوە کردوە کە پێش لە وێران بوونی کۆمەڵگای مەدەنی بگرێ کە لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد دا بە توندترین شێوە هێرشی کراوەتە سەر.

لە بەشێکی ئەو نامەیەدا هاتوە : خەڵکی ئێران لە چەند دەیەی رابردوو دا هەوڵێکی زۆریان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی داوە و لەو پێناوەشدا سەرکەوتوو بوون و ئەوەش بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دیمۆکراسی لە ئێراندا دەژمێردرێ.

بەڵەم لە سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد دا ، هێرش بۆ سەر ئەو ناوەندە مەدەنییانە پەرەی سەندوە و زۆربەیان کەوتونە بەر ئەو پەلامارانە و دواتر لە دەزگای قەزایی حکومەت دا حوکمیان بۆ بڕاوەتەوە.

لە درێژەی ئەو نامەیەدا وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە ناوەندە داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ ، ژنان ، خوێندکاران ، رۆژنامەنووسان و حیزبە سیاسییەکان پێش لە هەڵبژاردنەکان لە ژێر فشاری حکوومەت دا بوون ، دوای هەڵبژاردنەکانیش بوون بە ئامانجی سەرەکیی سەرکوتی ئەم دواییانە.

ناوەندیی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە نامەیەکدا کە بۆ کۆمیسارپای بەرزی مافی مرۆڤی ناردوە ، پێی وایە کە بازنەی سەرکوتی ناوەند و دامەزراوە مەدەنییەکان رۆژ بە دوای رۆژ چووک دەبێتەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو وێرانی دەچێ.

# لە سنە رێ لە بەڕێوەچوونی رێورەسمێکی تایبەت بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایک گیرا

هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری سنە نەیان هێشت رێورەسمێکی تایبەت بە رۆژی جیهانیی زمانی دایک لەو شارەدا بەڕێوە بچێ.

سێ رێکخراوی مەدەنیی ژنان، شاهۆ و هەوراز لە هەوڵێک دا و بە وەرگرتنی ئیزنی قانوونی بەرنامەرێژییان بۆ بەڕێوەبردنی رێورەسمێک کردبوو کە بڕیار بوو رۆژی چوارشەممە، ٥ ی سەرماوەز سەعات ٤ ی دوانیوەڕۆ لە هۆڵی کتێبخانەی شارۆچکەی بەهارانی شاری سنەدا بەڕێوە بچێ.

بەڵام سەعاتێک بەر لە دەسپێکی رێورەسمەکە و لە حاڵێک دا خەڵکان و ئامادەبووان و کەسانی بانگهێشت کراو لە بەر دەرکی هۆڵەکە کۆببوونەوە، هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە شاری سنە ئەو کۆبوونەوەیەیان هەڵوەشاندەوە و ئیزنی بەڕێوە بردنی ئەو رێورەسمەیان نەدا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو رووداوە بە کوردستان و کورد نیوزی راگەیاند کە ئەو سێ رێکخراوە مەدەنییە پێشتر لە ناوەندی توێژینەوەی زانستیی خەیام مۆڵەتیان بۆ بەڕێوە بردنی ئەو رێورەسم و بەرنامەیە وەرگرتبوو، بەڵام هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە داکوتانی راگەیەندراوێک لە بەر دەرکی هۆڵەکە گوتوویانە کە لە بەر "سوء استفادە" ی کەسانێک لەو دامەزراوە توێژینەوەییە ئەو بەرنامەیە هەڵوەشاوە رادەگەیەندرێ.

شایانی باسە کە بەیانیی ئەو رۆژە چەند کەسانێک لە ئەندامانی ئەو رێکخراوانەی کە بڕیار بوو ئەو بەرنامەیە بەڕێوە ببەن، بانگ کرابوونە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە و لێپرسینەوەیان لە گەڵ دا کرابوو.

# شەهیدبوونی چوارکەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە



کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان رایگەیاند کە ٤ کەس لە پیشمەرگەکان ی ئەو حیزبە لە ناوچەی سەردەشت لە لایەن هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتە کەمین و دەسرێژیان لێ کراوە.

ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەیانیی رۆژی یەکشەممە، ٢ ی رەشەممە لە حاڵێک دا کە لە ماشێنێکی تۆیۆتادا بوون، لە نیزیک گوندی کانی زەرد لە ناوچەی سەردەشت کەوتوونەتە کەمینی هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیم و لە جێ دا هەر چواریان شەهید کراون.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاشکرای کردوە کە ئەو پیشمەرگانەی بۆ کاروباری ماڵی چوونەتەوە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەر لەو رووداوە لە هیچ شوێنێکی کوردستان عەمەلیاتی نیزامی و چەکدارییان بەڕێوە نەبردوە و ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی رایگەیاندوە کە ئەو پۆلە پیشمەرگەیە لە نیزیک بۆکان مەهاباد چەند کەسێکیان لە هێزەکانی رێژیم کوشتوە لە بنەڕەت دا راست نیە.

حەمەدەمین ئەفشاری، ئەیاد هەورامی، محێدین کەلهوڕی و حوسێن دێهقانی ئەو ٤ کەسە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەن کە لەو عەمەلیاتەدا کەوتوونەتە بەر دەسڕێژ و شەهید کراون.

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە رێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی ٤ پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دا

کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی رۆژی هەینی، ٨ ی رێبەندان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی سیامەک وەکیلی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری حدک لە سلێمانی بەشداریی لە رێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی ٤ پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ناوەندی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە کرد.

لەو رێوڕەسمەدا سیامەک وەکیلی لە وتەیەکدا بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەخۆشیی حیزبەکەی ئاراستەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد.

شایانی باسە کە ٤ پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان چەند رۆژ لەوە پیش لە نیزیک گوندی کانیزەردەی سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیم و بە داخەوە هەر چواریان گیانیان بەخت کرد.

# دوایین زانیارییەکان لە سەر بارودۆخی شیرین عەلەم هوویی لە بەندیخانەی ئێڤین

خەلیل بەهرامیان پارێزەری شیرین ئەلەم هوویی بەندکراوی سیاسی لە بەندی ژنانی بەندیخانە ی ئێڤین ، کە لەم دواییانەدا لە لایەن دادگای ئینقلابەوە بە تۆمەتی موحاربە بە لەسێدارەدان مەحکووم کراوە، داوای پێداچوونەوەی بە حوکمی دەرکراو بۆ ناوبراو کردوە.

بە پێی راپۆرتی هرانا، خەلیل بەهرامیان سەبارەت بە پەروەندەی شیرین ئەلەم هوویی لە وتووێژێکدا لە گەڵ ئەم ماڵپەڕە رایگەیاند : لە کاتی خوێندنەوەی پەروەندەی شیرین ئەلەم هوویی بەڵگە گەلێکی روون لە سەر موحارب بوونی وەبەر چاو نەکەوتوە.

ناوبراو لە درێژەدا گوتوویەتی کە حەوتووی رابردوو پارێزەریی شیرینی لە ئەستۆ گرتوە و لە یەکەم هەل دا داوای چاوپێکەوتن لە گەڵ ناوبراوی کردوە.

بە وتەی ئەو پارێزەرە ، ئەلەمهوویی هەنووکە لە بەندی ژنانی بەندیخانە ئێڤین دا زیندانییە و لە وتووێژێکی تەلیفوونی لەگەڵ ناوبراو دا شیرین گوتوویەتی کە ئاگاداری دەرچوونی حوکمی ئیعدام لە بارەی خۆی نەبووە.

خەلیل بەهرامیان جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەو زیندانییە سیاسییە لە دانیشتنی پێشووی دادگای دا دوور لە بنەما قانوونییەکان بووە و پارێزەری دەستنیشان کراو لە لایەن دادگاوە ، هیچ داکۆکییەکی لە شیرین لەبەرامبەر حوکمی ئیعدامدا نەکردوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە شیرین ئەلەم هوویی بە تۆمەتی موحاربە لە رێگای هاوکاری لە گەڵ حیزبێکی سیاسیی کوردستان، بە لەسێدارەدان مەحکووم کرا .

### خالیدی عەزیزی لە وتووێژ لە گەڵ تەلەڤیزیۆنی"بی بی سی دا":

# سەقامگیری و ئەمنییەتی سیاسی لە ئێران لە گرەوی دانان بە جۆراوجۆریی نەتەوەیی سیاسی، فەرهەنگی و مەزهەبی دایە

ئێوارەی رۆژی سێشەممە ١١ی رەشەمە، خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژێکدا لەگەڵ بەرنامەی " بە عبارت دیگر"ی تلویزیۆنی "بی بی سی فارسی" دا وەڵامی پرسیارەکانی "عینایەتی فانی"، بەڕێوەبەری ئەو بەرنامەیەی دایەوە.

خالیدی عەزیزی لە وڵامی پرسیارێک دا سەبارەت بەوەی کە ئێوە دەتانەوێ چ گەڵاڵەیەکی نوێ بۆ خەبات داڕێژن و چ جۆرە سیمایەکی نوێ لە بواری فکر و ئەرزشەوە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نیشان بدەن، وڵامی دایەوە: **تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندیی بە بابەتە نێوخۆییەکانی حیزبەوە هەبێ، حیزبی دێمۆکرات لە ٣٠-٤٠ ساڵی رابردوو دا یەکێک لە گرفتەکانی ئەوە بووە کە ئێمە ئازادیی دەربڕین و بیر ورا بە گشتی، لە حیزب دا زیاتر نەهادینە بکەین و ئەندامانی حیزب بتوانن لە دەرەوەی حیزبیش بە ناوی خۆیانەوە سەبارەت بە مەسایلی جیدیی حیزب قسە بکەن، بە ئامادەییەکی زیاترەوە بچنە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزب، پەیوەندیی حیزب لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان پەرە پێ بدەن و لەو رێگایەوە خەڵکی کوردستان بتوانن لە شێوازی پێکهاتنی بیرە سیاسییەکانی نێو حیزب دا رۆڵیان هەبێ.**

عەزیزی لە درێژەدا گوتی : **ئێمە لە کۆنگرەی ١٤یەمی حیزبەوە هەوڵمان داوە کە ئەوانە زیاتر و زیاتر لە نێوخۆی حیزب دا نەهادینە بکەین. لە چاو رابردوو رێبەریی حیزب گەنجتر بووە، بەشداریی ژنان لە رێبەریی حیزب زیاتر بووە، جۆراوجۆریی جوغرافیاییش لە رێبەریی حیزب دا زۆرتر بووە، بەو واتایەی کە بەشداریی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی ئێران، لە ئورووپا، ئەمریکا و ئۆستراڵیا زیاتر بووە. بوونی ئەو جۆراوجۆرییانە لە رێبەریی حیزب دا بۆتە هۆی ئەوە کە حدک و رێبەرییەکەی بتوانێ لە سیاسەت و بەرنامەڕێژییەکانی دا کەڵک لە روانگە و بیرە جۆراوجۆرەکان بگرێ.**

سکرتێری گشتیی حدک لە وڵامی پرسیارێکی دیکە دا سەبارەت بە جووڵانەوەی سەوز و پەیوەندیی حدک و جووڵانەوەی سەوز گوتی :

**هەر چەند کە جووڵانەوەی سەوز دژکردەوەیەک لە بەرانبەر کردەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە بوو، بەڵام لە چەند مانگی دوایی دا لەو سیناریۆیە چۆتە دەرەوە . تەیفێکی بەرین لە خەڵکی ئێران لە نێو ئەو جووڵانەوەیە دان.ئێمە پێمان وایە کە ئەگەر جووڵانەوەی سەوز بتوانێ لانیکەمی خواستەکانی لە ئێراندا تەسبیت بکا، هەنگاوێکی باش بۆ پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسلامییە.**



کاک خالیدعەزیزی لە درێژەی وەڵام بەو پرسیارەدا لە سەر ئەوە پێی داگرت کە ئێمە پێمان خۆشە کە لەگەڵ تەیفە جۆربەجۆرەکانی ئەو جووڵانەوەیە پەیوەندیمان هەبێ. ئەوان هان بدەین و پشتیوانییان لێ بکەین. لانیکەم ئەو ئەرکەمان لەسەر شانە کە پێیان بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا گرفتەکانی کوردستانی چارەسەر نەکردوە.

سکرتێری گشتی هەروەها رایگەیاند کە ئێمە هەوڵ دەدەین بە پێی توانایی خۆمان ئەو جووڵانەوەیە رادیکاڵتر بکەین تا بتوانێ جۆراوجۆرییەکانی ئێران قبووڵ بکا و هەر لە تاران نەمێنێتەوە.

عەزیزی لە کۆتایی ئەو وڵامەدا گوتی: **ئەو جووڵانەوەیە بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە رەنگی سەوزی هەیە یان لە داهاتوو دا چ رەنگێکی دەبێ، جووڵانەوەیەکی خەڵکییە و جووڵانەوەیەکی خەڵکی، نابێ لە پەیوەندی لەگەڵ کاتێکی دیاریکراو و کەسێکی دیاریکراو دا بناسرێ و شوناسی پێ بدرێ.**

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵامی ئەم پرسیارە دا کە ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان چیتان دەوێ و بۆچی خەبات دەکەن، گوتی:

**داخوازی ئێمە ئەوەیە کە ئێران بە شێوەیەکی فیدراڵ ئیدارە بکرێ ئێمە خوازیاری ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵین. دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، نیزامی و قانوونی نابێ لە تاران کۆببێتەوە. نەتەوەکانی دیکەی ئێران دەبێ لە چۆنیەتیی دارشتنەوەی ئێران، پێکهێنانی دەوڵەتی ئێران و جێگیر کردنی شوناسی ئێران دا، بەشداربن. ئێمە ئەم فیدرالیزمەمان لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا قبووڵ کردوە و هەوڵ دەدەین کە ئەم کولتوورە لە ئێران دا جێ بخەین کە ئەگەر دەمانەوێ لە ئێران دا سەقامگیری و ئەمنییەتی سیاسی هەبێ، دەبێ دێموکراسی هەبێ و ئەم دێموکراسییەش دەبێ دان بە جۆراوجۆریی سیاسی، فەرهەنگی، نەتەوەیی و مەزهەبیی ئێران دا بنێ. کاتێک دان بەم جۆراوجۆرییانەدا بنرێ ئێمە پێکەوە دەتوانین ئێران ئیدارە بکەین.**

لەم بەرنامەیەدا پرسیار لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە لەم دواییانەدا رات گەیاندوە کە ئامادەی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێران وتوویژ بکەن، ئایا پێت وایە دەوڵەتی ناوەندی ئامادەی وتوویژ بێ؟ بەرێز عەزیزی لە وڵام دا گوتی: **ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئوسووڵ، حیزبی دێموکرات هەمیشە لەگەڵ ئەوە دابووە کە مەسەلەی کوردستان کە مەسەلەیەکی سیاسییە، لە رێگای وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چارەسەر بکرێ. جا ئێستا ئەگەر تەرەفەکەی ئەو کۆماری ئیسلامییەی خامنەیی و ئەحمەدینژادە بێ کە بە هیچ جۆر ئیستیعدادی ئەوەی نیە، یا کۆماری ئیسلامییە کە ئاغایان کەرووبی و خاتەمی و مووسەوی باسی دەکەن، یا هەر سیستەمێکی حکوومەتیی دیکە. لە باری ئوسووڵییەوە، وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دروستە. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئیستیعدادی ئەوەی نیە.**

لە پرسیارێکی دیکەدا. عینایەت فانی بەرێوەبەری بەرنامەی "بە عبارتی دیگر" نەزەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە بارەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران پرسی و گوتی حیزبە کوردەکان پێشتر ئەو جۆرە کەسانەیان بە جاش و هاوکاری رێژیم دەزانی، ئێوە لەو بارەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟

خالید عەزیزی: **ئێمە هیچ کات بەم جۆرە سەیری مەسەلەکەمان نەکردوە. ئەگەر کەمێک بگەڕێینە دواوە، لە مەجلیسی شەشەمی ئێران لە زەمانی ئاغای خاتەمی دا کە فراکسیۆنی کورد لە نێو مەجلیس پێک هات ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئەوانمان هان دا کە لەم هەلومەرجە تا رادەیەک کراوەی ئەو کاتی ئێران کەڵک وەربگرن. بەڵام ئێستا لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا بە کردەوە هیچ مەجال و دەرفەتێک بۆ تێکۆشانی سیاسی نوێنەرانی کورد لە نێو مەجلیسی ئێران دا نیە و ئێمەش ناتوانین پێوەندیان لەگەڵ دابگرین و ئەوانیش ناتوانن. کەشوهەوای سیاسی، ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، هەم لە نێو مەجلیس و هەم لە کوردستان دا بە تەواوی گۆڕاوە. ئەگەر لە تاران یا دەرەوەی کوردستان کەسێک بگیرێ، ناتوانن بە هاسانی ئیعدامی بکەن، بەڵام لە کوردستان، بە هاسانی خەڵک بە تاوانی سیاسی و پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی کوردستان، ئیعدام دەکەن. دەمەوێ ئەوە بڵێم و پێی لە سەر دابگرم کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە سەردەمی ئەحمەدینژاد دا چەند بەرابەر بووە و کوردستان بووە بە ناوچەیەکی بە تەواوی ئەمنییەتی و نیزامی.**

بەرێز عەزیزی، لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە "ئەگەر وەزعی کوردستان هەروەک جارانە، بۆچی دەستتان لە خەباتی چەکداری هەڵگرتوە" گوتی:

**وەلانانی خەباتی چەکدارانە دوو هۆی هەیە. یەکەم ئەوە کە کوردستانی عێراق لەگەڵ کوردستانی ئێران دا سنووری هاوبەشی هەیە و رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کوردستانی عێراقە. بە هۆی چالاکیی نیزامیی ئێمەوە لە نێوخۆی ئێران دا، رێژیمی ئێران دەتوانێ گوشار بخاتە سەر حکوومەتی هەرێم و حیزبە کوردستانییەکان. کەوابوو بە سەرنجدان بە وەزعی کوردستانی عێراق و ئەوە کە نامانەوێ بیانوو بدەینە دەست کۆماری ئیسلامی کە فشار بۆ کوردستانی عێراق بێنێ، خەباتی چەکداریمان راگرتوە. دووهەم هۆ ئەوە بوو کە لە سەردەمی ئاغای خاتەمی دا هەلومەرجێکی تارادەیەک کراوەی سیاسی دروست ببوو ئێمە نەماندەویست بیانوو بدەینە پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان لە نێوخۆی کوردستان بۆ ئەوەی توندوتیژیی زیاتر بنوێنن. لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا، دووبارە ئەم سیاسەتە ئەمنییەتییە زاڵ بۆتەوە.**

عینایەت فانی: ئێوە گوتتان کە خەباتی چەکداریتان راگرتوە، واتە خەباتی چەکداریتان رەت نەکردۆتەوە؟

خالید عەزیزی: **خەباتی چەکداریمان رەت نەکردۆتەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئوسووڵی خەباتگێرانەی ئێمە، باوەڕمان وایە کە دەبێ وێڕای**

**ئەگەر هەلومەرجێک لە ئێران دا بێتە پێشێ و ئەم هەلومەرجە لە کوردستان وابخوازێ کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات یا پێشمەرگەکانی کوردستان، تێکۆشانی نیزامیان هەبێ، هیچ دوورنیە کە لە داهاتوودا ئەم شێوە تێکۆشانە دەست پێ بکەینەوە**

رێزدانان بۆ ناوەرۆکی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، پێویستە هەموو شێوازەکانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی هەبێ بەڵام دیارە لە هەلومەرجی ئێستادا خەباتی چەکداریمان وەلاناوە. ئەگەر هەلومەرجێک لە ئێران دا بێتە پێشێ و ئەم هەلومەرجە لە کوردستان وابخوازێ کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات یا پێشمەرگەکانی کوردستان، تێکۆشانی نیزامییان هەبێ، هیچ دوورنیە کە لە داهاتوودا ئەم شێوە تێکۆشانە دەست پێ بکەینەوە.

## پێداگریی وڵاتانی زلهێز بۆ تاوتوێ کردنی نائارامییەکانی ئەم دواییانەی ئێران

وەرگێڕان و ئامادەکردن: ئایەت مرادی

لە پێوەندی لەگەڵ یەکەم کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێڤ بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دا، نوێنەرانی وڵاتانی بریتانیا و فەڕانسە خوازیاری تاوتوێ کردنی نائارامییەکانی ئەم دواییانەی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران بوون. هاوکاتیش نوێنەری ئەمریکا لەم رێکخراوە دا داواکارییەکی لەم شێوەیەی پێشکەش بەم رێکخراوە کردوە. جێگای ئاماژەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی داوای لە کۆمیسێری باڵای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کردوە کە سەردانی ئەم وڵاتە بکا. بەڵام وتەبێژی ئەم رێکخراوەیە لە پێشدا داوای کردوە مەئموورانی ئەم رێکخراوە سەردانی ئێران بکەن، کە ئەم داواکارییەی کومیسێری باڵا لە لایەن رێژیمەوە وەڵامی پێ نەدرایەوە. شایانی باسە کە هەیئەتێکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرپەرستیی "محمد جواد لاریجانی" لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداریی کرد و دیفاعیان لە رەوشت و کردەوە نائینسانییەکانی رێژیمی ئێران بە نسبەت مافەکانی خەڵکی ئێرانەوە کرد.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە ئێران بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بە دژی ساختەکارییەکانی تاقمی پاوانخوازەوە رژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیی خۆیان لەم پێوەندییەدا دەربڕی کە ئەم هەڵوێست دەربڕینەی خەڵك لەگەڵ دژ کردەوەی توندی تاقمی پاوانخواز بەرەوڕوو بوو. لە رەوتی ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە دا بە دەیان کەس کوژران و هەزاران کەسی دیکە لە زیندانەکاندا تووشی ئەشکەنجە و سووکایەتی پێکردن بوون. جێگای ئاماژەیە کە فەڕانسە پێشنیاری کرد کە کۆماری ئیسلامی میکانیزمێکی گونجاوی نێونەتەوەیی و سەربەخۆ بۆ روونبوونەوەی ساختەکارییەکان قبووڵ بکا. نوێنەری فەڕانسە ژان پاپتیستە ماتئی لە ژنێڤ رۆژی دووشەممە ١٥ی فێورییە لە کۆبوونەوەیەکی سێ ساعەتی دا لە ناوەندی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆماری ئیسلامیی بە سەرکوتکردنی خوێناوی تاوانبار کرد. ناوبراو هەروەها گوتی کە کەسانێك هەن بە شێوەی ئینسانی خوازیاری مافەکانی خۆیانن هەر بۆیە فەرانسە داوا دەکا کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی میکانیزمێکی گونجاوی نێونەتەوەیی و سەربەخۆ، بۆ روونبوونەوەی ئەم ساختەکارییە قبووڵ بکا. هەروەها پیتر گودرهام، نوێنەری بریتانیا لەم پێوەندییەدا رایگەیاند کۆماری ئیسلامی دەبێ "بان کی موون" دەعوەت بکا بۆ تۆژینەوە لە نائارامییەکانی دوای هەڵبژاردنەکان و تاوتوێ کردنێکی سەربەخۆی پێشێلکارییەکانی مافی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران. بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری ئاسوشێتدپرێس، ئەندامێکی پایەبەرزی دەوڵەتی ئەمریکا

ل ٦

# پەیامی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

**ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز! خەڵکی وشیار و خەباتگێڕی کوردستان!**

٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان و، ڕۆژی هاواری یەکسانیخوازی و پێداگرتنەوە لەسەر نەهێشتنی ستەمی جینسییە. بە بۆنەی ئەم یادەوە پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهان و هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز بەگشتی و بە تایبەتی پیرۆزبایی لە ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان دەکەین.

٨ی مارس هەلێکە بۆ هەموومان تا لە بارەی هەلومەرجی ژنان و خەباتی ژنانەوە قسە بکەین و پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکانیان و ئەو ستەم و نابەرابەرییانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیست ویەک لە سەرانسەری جیهاندا ژنان لەگەڵی بەرەوروون بێنینەبەر باس. بەتایبەتی لەم بۆنەیەدا جێی خۆیەتی باسی هەلومەرجی ژنان لە وڵاتی ئێران دا بکەین.

٨ی مارسی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕبوونی سی و یەک ساڵ لە تەمەنی پڕلە سەرکوت و ستەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. سی ویەک ساڵە ژنانی ئێران لەگەڵ ڕەفتاری نامرۆڤانە، سەرکوت و سووکایەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەرەوروون. دژایەتی لەگەڵ ژنان هەر لەسەرەتاوە بەشێك لە سیاسەتی نیزامی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بووە. لە ٨ی مارسی ١٣٥٧، هێشتا مانگێك لە سەرکەوتنی شۆڕشێك کە ژنانیش شان بەشانی پیاوان تێیدا بەشدار بوون تێنەپەڕیبوو کە ژنان گوێیان لە فتوایەکی ڕاچڵەکێنەر بوو. خومەینی دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە حیجابی لەسەر ژنان کرد بە زۆرەملی. ئەوە سەرەتای ئەو سەرکوتە سیستماتیکە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆی دا دژی ژنان بەڕێوەی بردوە. دەستێوەردان لە ژیانی تایبەتی لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا دەستی پێکرد. هەرچی ماف و ئازادییەك کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و خەباتی چەندین ساڵەیان لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا وەدەستیان هێنابوو، ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر لێیان دەسەندرایەوە و ئەوان لە مافی ژیانێکی ئازادانە بێبەش دەکران. لە ژێر ناوی ئایین دا توندونیژی و جیاکاری و جیاکردنەوەی جینسییەتی، سەنگسار و قەتڵە ناموسییەکان، دژی ژنان، ڕەوایی پێدرا. بە میلیۆنان ژن لە مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی کار، سەفەر، سەرپەرستی کردنی منداڵی خۆیان و...، بێبەش کران.

بەڵام ئەوەی گرنگە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە ژنانی ئێران لە پەلامار بۆ سەر مافەکانی خۆیان بێتەفاوەت و بێدەنگ نەبوون. ئەوان خەباتێکی سەختیان لە دژی ڕوانگەی کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی تازە و سەندنەوەی مافەکانیان لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە دەست پێکرد. خۆپێشاندانی خۆڕسکی ٨ی مارسی ١٣٥٧ یەکەم ناڕەزایەتی دەربڕین دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژنانەوە بوو، کە بە ناڕەزایەتی لە فەرمانی حیجابی زۆرەملی هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی "نا"ولامی فەرمانی خومەینییان دایەوە.

لە درێژایی ٣١ ساڵی ڕابردوودا ژنانی ئێران و کوردستان لە خەباتێکی سەخت دژی نێوەرۆکی دژە ژن و پیاوسالارانەی نیزامی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دا بوون. لەم پێناوەش دا نرخی زۆر قورسیان داوە. بەڵام بەربەرەکانی لە گەڵ ڕوانگە و سیاسەتە دواکەوتووانەکانی ئەم ڕێژیمە هەر وا درێژەی هەیە. هەر ئێستا لە درێژەی بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی یەکسانیخوازی و دژ بە دیکتاتۆری دا بە سەدان ژنی تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری و یەکسانیخوازی لە زیندان لە ژێر ئازار و شکەنجە دان. زۆری واشیان تێدایە کە لە ژێر حوکمی ناڕەوای ئێعدام دا بەسەردەبەن.

**ژنانی تێکۆشەری ئێران!**

ئەمڕۆ ئێوە لە سەفی پێشەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە دان. لە هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و ئازادیخوازی دا، ئێوە لە ڕیزەکانی پێشەوە دان. ئێوە خەبات لە دژی نابەرابەریی جینسیتان تێکەڵ بە خەباتی ئازادیخوازیی هاونیشتمانانتان کردوە. بە خۆشییەوە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێرانیش، کۆتایی هاتن بە نابەرابەریی جینسییان کردوە بە یەکێك لە داخوازە سەرەکییەکانیان. هەر بۆیە ئێستا ئیدی ئێوە ژنانی ئێران بە تەنیا نین. دروشمی نەمان بۆ دیکتاتۆری و هەڵاواردن بووە بە دروشمی هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران و دڵی ڕەشی کۆنەخوازانی دەسەڵاتداری خستۆتە خورپەوە. بزووتنەوەیەك کە بە دوای کودیتای هەڵبژاردن دا خۆی نواندوە، بزووتنەوەیەکە کە خوازیاری ئازادی، دیموکراسی و مافی مرۆڤە. ئەمە ئەو داخوازانەن کە ئێوە ژنانی ئێران لە مێژە خەباتیان بۆ دەکەن.

ئێوە لە زیندوو ڕاگرتن و بەردەوامیی ئەم بزووتنەوەیەدا کە ٨ مانگە تەنگی بەم ڕێژیمە هەڵ چنیوە، ڕۆڵێکی حاشا هەڵنەگرتان هەیە. بەڵام کێ هەیە نەزانێ کە ئێوە ژنانی ئاگا و یەکسانیخواز، زۆر پێشتر لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە بە وەڕێخستنی کەمپەین دژی یاسا کۆنەپەرستانەکان، بە مانگرتن و حەرەکەتە ئێعترازییەکانتان دژی نابەرابەری، بە کۆڕو کۆبوونەوەکانتان بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە، هەروەك ئێستا لە سەنگەری خەبات دا بوون و، تەسلیمی ئەم نیزامە دواکەوتوو و پیاوسالارە نەبوون؟ چالاکییەکانی ساڵانی ڕابردووی ئێوە بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە، سەرەڕای هەموو هەڕەشە و هێرشێکی هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە دەسەلمێنن کە ژنانی ئێران بڕیاری خۆیان لە بارەی پساندنی کۆت و زنجیرەکان داوە و هیچ هێزێك ناتوانێ لەم بڕیارە پاشگەزیان بکاتەوە.

**ژنانی ئازادیخوازی کوردستان!**

کۆمەڵگای کوردستان بە درێژایی مێژوو لە گەڵ چەوسانەوە و ستەمی جۆراوجۆری نەتەوەیی، مەزهەبی، چینایەتی بەرەو ڕوو بووە. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك گەلێکی خەباتکار هەموو کات بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی، لە خەبات و بەربەرەکانی دابووە. ژنانی کوردیش ئەگەر لە سەرێکەوە، زۆرترین بەشیان لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و جینسی پێبڕاوە، لەلایەکی دیکەوە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دنیایەکی باشتر، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون و، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یەکێك لە کۆڵەکەکانی خۆڕاگریی خەباتی نەتەوەی کورد بوون. بەڵام ویست و داخوازەکان و مافەکانی ئەو بەشە لە ئینسانەکان زۆربەی جارەکان پشت گوێ خراوە و خراوەتە پەراوێزی خەبات بۆ سڕینەوەی ستەمی نەتەوایەتی. خودی ژنانیش بە ناچار کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەو بۆچوونە کە خەباتی نەتەوەیی لە پلەی یەکەمی گرنگی دایە. بەڵام ئێستا خەباتی نەتەوەیی لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی جیهانی پێشکەوتوو دا شێوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە گرتوە. ئێستا ئیدی هیچ جووڵانەوە و ڕێکخراو و تەشکیلاتێك ناتوانێ ئەم بۆچوونە لە سیاسەتەکانی دا تەبلیغ بکا کە ئەمڕۆ ئەولەویەت بە خەباتی نەتەوەییە و خەباتی ژنان دەبێ ببێتە پاشکۆی ئەم خەباتە. ژنی کورد ئێستا بەو ڕادەیە لە ئاگایی گەیشتوە کە گرنگیی خەباتی یەکسانیخوازی لە خەباتی نەتەوەیی کەمتر نیە و نابێ ئەم خەباتە بۆ داهاتوو هەڵگیرێ. لە سەر حیزبە نەتەوەییەکانیشە دەرکی ئەم ڕاستییە بکەن کە هیچ نەتەوەیەك ڕزگار نابێ ئەگەر ژنان تێیدا چەوساوە بن. خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەییش بەبێ بەشداریی بەرینی ژنان، سەرکەوتوو نابێ. هەر لەو کاتە دا هیچ دیموکراسییەکیش وەدی نایە مادام ژنان بەشدارییان لە دەسەڵات دا نەبێ. بۆیە قسە کردن لە ئازادی و بەختیاری بۆ داهاتووی کوردستان بەبێ بایەخدان بە خەباتی یەکسانیخوازی و بەشداریی چالاکانەی ژنان لە خەباتی ئەمڕۆ دا بێمانایە.

لە ئاکامی وشیاریی خودی ژنان و بایەخدانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بە یەکسانیی ژن و پیاو و، گرنگیی پێدرانی نێوەرۆکی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ژنان لە ئاستی جیهان دا، جووڵانەوە فیمینیستییەکان و خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان، سەرانسەری دنیایان داگرتوە. بە خۆشییەوە، کوردستانی ئێمەش یەکێك لە مەیدانەکانی خەبات لە پێناوی ڕزگاریی ژنان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نابەرابەرییە. ئەمڕۆ لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان دا، دژایەتی لەگەڵ کولتووری دواکەوتووانە و دابونەریتی دژ بە ژن و خەبات بە دژی ستەم و چەوسانەوەی جینسی لە لایەن ژنانەوە لە شێوەی جۆراوجۆردا بەدی دەکرێ و، حوزووری ژنانی ئاگا لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و مەدەنی دا، تا دێ زیاتر دەبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم گۆڕانە گەشبین و هیوادارە و، بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە کاری نەزەری و لە خوێندنەوە و، لێکدانەوەی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و لە تێکۆشانی خۆی لە بواری جۆراوجۆردا بایەخی زیاتر بە پرسی ژنانی کوردستان بدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە شانازی و هەر لەو کاتەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ، باوەڕ بە یەکسانیی ژن و پیاو و خەبات بۆ نەهێشتنی جیاوازیدانی جینسی، بکات بە بەشێکی دانەبڕاو لە فەرهەنگی سیاسیی خۆی و، تێدەکۆشێ ئەو باوەڕە لە ئەدەبیاتی حیزب و لە هەڵسوکەوتی ڕێبەران، تێکۆشەران و ئەندامانی دا، ڕەنگ بداتەوە.

پەیامی ئێمە بە بۆنەی ٨ی مارس بۆ ئێوە ژنان لە کوردستان و ئێران و بۆ هەموو خەباتکارێکی دیموکرات و یەکسانیخواز لە وڵاتەکەماندا ئەوەیە کە داخوازەکانی ئێوە بە ڕەوا و، خەبات و تێکۆشانی ئێوە بە حەق و پشتیوانی لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی بە ئەرکی خۆمان دەزانین.

پیرۆز بێ ٨ی مارس، ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان

سەرکەوێ خەباتی ئازدیخوازی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٥ی ڕەشەممەی ١٣٨٨**
**٦ی مارسی ٢٠١٠**



تاران/٨ی مارسی ١٣٥٧ ـ ناڕەزایەتیی ژنان بە دژی فەرمانی خومەینی

**لە سەر حیزبە نەتەوەییەکانیشە دەرکی ئەم ڕاستییە بکەن کە هیچ نەتەوەیەك ڕزگار نابێ ئەگەر ژنان تێیدا چەوساوە بن. خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەییش بەبێ بەشداریی بەرینی ژنان، سەرکەوتوو نابێ. هەر لەو کاتە دا هیچ دیموکراسییەکیش وەدی نایە مادام ژنان بەشدارییان لە دەسەڵات دا نەبێ**

**پەیامی ئێمە بە بۆنەی ٨ی مارس بۆ ئێوە ژنان لە کوردستان و ئێران و بۆ هەموو خەباتکارێکی دیموکرات و یەکسانیخواز لە وڵاتەکەماندا ئەوەیە کە داخوازەکانی ئێوە بە ڕەوا و، خەبات و تێکۆشانی ئێوە بە حەق و پشتیوانی لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی بە ئەرکی خۆمان دەزانین.**

مستەفا شەڵماشی بەرپرسی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات:

# "تا جەماوەر لە نێو خۆی وڵات چالاکتر بێ، دیپلۆماسیی ئێمە لە دەرەوە، قسەی زیاتری بۆ گوتن هەیە"

هەڤپەیڤین: حوسێن ئەحمەدپوور

لەم دواییانەدا، بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەپرسی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بۆ بەشداری لە پلێنومی کومیتەی ناوەندی دا، سەردانی کوردستانی کردەوە. ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەم سەفەرەی ڕێزدار شەڵماشیی بە دەرفەت زانی و کۆمەڵێك پرسیاری لە پێوەندی لەگەڵ دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە کوردەکان لە دەرەوەی وڵاتی لەگەڵ هێنایە گۆڕێ. ئەمەی دەیخوێننەوە، بەرهەمی ئەم چاوپێکەوتنەیە:



**پ: زۆر جار بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت حیزبەکانی دیکەش باس لەوە دەکەن کە پرش و بڵاویی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە ترین هۆکارە بۆ لاوازی دیپلۆماسی کورد لە دەرەوەدا. بەو وەزعیەتەوە کاروباری دیپلۆماسیی کورد چۆن دەچێتە پێشەوە و ئەم پرش و بڵاوییە بەراستی تا چەند کۆسپە لە بەردەم دیپلۆماسی کوردا؟**

و: ئەگەر کاری دیپلۆماسی بە پێوانەی نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد هەڵسەنگێنین ئەوە راستە. پرش و بڵاوی هێزە کوردستانییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ نوێنەرایەتییەکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات پێك نەیێ. حیزبەکان هەر کام بەتەنیا هەوڵ دەدەن کاری دیپلۆماسی بکەن، کە ئەوەش هەر باشە. بەڵام جێگای داخە کە بە هۆی ئەو پرش و بڵاوییەوە ناتوانین بڵێین ئێمە وەك نوێنەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری دیپلۆماسی دەکەین. کەوابوو پرش و بڵاویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆسپە لەبەردەم ئەوەی کە نوێنەرایەتی دروست ببێ بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە.

**پ: باشە ئایا کێشەی نێوان حیزب و لایەنە کوردییەکان لە دەرەوەی وڵات هەمان ئەو کێشەو ناکۆکیانەیە کە لە نێو خۆی وڵاتدا باڵی بە سەردا کێشاون؟**

و: دیارە لە دەرەوەی وڵات ناکۆکییەکان لاوازتر خۆ دەنوێنن، بەڵام لە جەوهەردا هەر یەکن. بەتایبەت ئەندام و لایەنگرانی ئەو لایەنانەی کە ئامادە نین کێشەکان بە شێوەی دیالۆگ چارەسەر بکەن، لەوێش زۆر جار کۆسپ دروست دەکەن و دەبنە لەمپەر لە ڕێگای یەکگرتن و کاری هاوبەش.

**پ: ئێوە وەکوو حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ بیرتان لە ڕێگەیەکی نوێ کردۆتەوە، میکانیزمیکی نوێتان پێ شك دێ کە لانی کەم لە ئاستی دەرەوەدا یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن؟ شایەد ئەم کێشانە تا ساڵانیکی دوورو درێژی دیکە لە نێو حیزبەکاندا هەر بەردەوام بێ، بەڵام خۆناکرێ کورد بەم بۆنەیەوە لەدەروەدا هەروا لاوازی بنوێنێ؟**

و: ئێمە لە ساڵی رابردوودا دوو کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکانمان پێك هێناوە کە لەیەکیان دا ٩ حیزب و ڕێکخراوە لەوەی دیکەیان دا ٧ حیزب و ڕێکخراو بەشداریان کردوە. بۆ ئەمساڵیش بەرنامەی تایبەتیمان هەیە بۆ دروست کردنی هاوکاری لە دەرەوە و هیوادارین بتوانین تەکانێکی خێراتریش بە لێك نزیکبوونەوەو هاوکاری بدەین. میکانیزمی ئێمە بۆ هاوکاری هەر ئەوەیە کە بە بێ مەرج دانان ئامادەین لەگەڵ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان هاوکاری بکەین و بۆ خۆشمان هەوڵ دەدەین لە زۆر جێگادا پێش قەدەم بین. جگە لەوە ئێمە نرخ بۆ هەموو ئەو هەوڵانەش دادەنێین کە کەسایەتییە بێلایەنەکان دەی دەن. ئامادەین بەشداری لە هەوڵەکانیان دا بکەین و بۆ کاری نەتەوەیی پشتیان بگرین. هەروەها پێشوازی لەهەر بانگەوازێك دەکەین بەو مەرجەی لە ڕێگای یەکگرتن و بە نەتەوەیی کردنی هەوڵەکان دابێ و خاوەنەکەش ئامادە بێ نرخی بۆ بدا و لە چوارچێوەی تەنگی حیزبایەتی بەرێتەدەر.

**پ: زۆر کەس پێیان وایە کە لە دەرەوەدا لە چاو کوردستان ئیمکانی لێك نزیکبوونەوە هاوهەڵوێستی و پێکهێنانی یەکیەتییەك یان لە درووست کردنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە ئاستی هەموو کورداندا زیاترە، سرووشتییە کە لەوەها حاڵەتێکدا قورسایی کورد لە دەرەوەدا زیاتر دەبێ و دەست ئاوەڵاییەك بۆ کورد درووست دەبێ. ئایا ئەم ڕایە چەندە درووستە و یان تا ئێستا هیچ هەوڵێك بەم ئاراستەیەدا هەیە؟**

و: بەداخەوە ناکۆکیی نێوان حیزبەکان لە کوردستان، کۆسپە بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لە دەرەوەش. تا ئێستاش چ لە رادەی هەموو کوردستان و چ لە راددەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دا زۆر جار هەوڵ دراوە، بەڵام سەری نەگرتووە، چونکە ناکۆکیەکان لە کوردستان پەلیان هاویشتوە بۆ دەرەوەش. بە گشتی بۆ پێکهێنانی یەکیەتی، یا بەرە یان هەر شتێکی دیکە لە پێناوی هاوکاری دا، ئیرادەو ویستی ڕێبەرایەتیی حیزبەکان پێویستە و بەتەنیا بە ویستی ئۆرگانەکانی خوارتر، یا بدەنە جێبەجێ نابێ. با لە دەرەوە ئەو هەستەش بەهێز بێ، ئەگەر ڕێبەرایەتیی حیزبەکان مۆڵەت نەدا، ناکەوێتە خانەی جێبەجێ کردنەوە.

**پ: ئێوە ماوەیەك لەمەوبەر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەویزیۆنیدا باستان لەوە کرد نەبوونی ڕێکخراوێکی چالاکی مرۆڤی کورد لەدەرەوەدا کەم و کوڕییەکی گەورەیە، بەچەشنێك کە تەنانەت ئوروپاییەکان بەوشێوەیەی کە پێویستە نەیانتوانیوە پێشێلکرانی سیستماتیك و چەند قاتی مافی مرۆڤی کورد بەجیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێ بگەن. ئایا ئێوە هیچ بەرنامەیەکتان لەم بوارەدا هەیە بۆ نموونە بە تەنیا یان بەهاوکاری چەند لایەنێکی دیکە هەوڵ بدەن چالاکانی مافی مرۆڤی کورد لە دەوری یەك کۆبکەنەوە و ڕێکخراوێك دابمەزرێنن و ئێوەش لە رووی ڕاگەیەندن و ئابووری و پێوەندییەکانەوە هاوکارییان بکەن؟**

و: من باسم لەوە کرد کە ئەگەر ڕێکخراوێکی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە کوردستانمان هەبایە کە هەموو حیزب و لایەنەکان پشتیوانیان لێ کردبایە، زۆر باشتر دەنگی دەبیسراو لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکان دا وەردەگێرا. زۆر ناوەندو لایەنی وا هەن کە پێیان باشترە لەگەڵ ڕێکخراوێکی مەدەنی تەرەف بن تا ڕێکخراوێکی سیاسی. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئوروپاییەکان نەیان توانیبێ پێشێلکرانی سیستماتیك و چەند قاتی مافی مرۆڤی کورد بە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێبگەن. هەوڵی حیزبەکانیش توانیویەتی لە زۆر جێگادا کار بکاو ئوروپاییەکانیش کێشەی کورد و چەوسانەوەی دوو چەندانەی گەلی کوردیان ناسیوە، تەنانەت لە زۆر بڕیاردا بە جیا باسیان لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کردوە، لە ئاخرین کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیستی زیندانیانی ئیعدامیی کورد کە حیزبی ئێمە بڵاوی کردبۆوە، هاتوەو باسی کوردستانیش بە جیا هاتوە. لە ساڵی رابردوودا کۆنفرانسێك و پانێلێك تەنیا بۆ حیزبی ئێمە لە پارلەمانی ئوروپا پێك هاتوە، کە باسی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کراوە. لە وەڵامی نامەیەك دا کە من بەناوی نوێنەری حیزب سەبارەت بە وەزعی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانم ناردبوو، ئەمنێستی ئینتەرناسیۆنال و دەیان لایەنی دیکە پشتیوانیان کردوە.

بۆ دروست بوونی ڕێکخراوێکی ئاواش ئێمە وەك حدك ئامادەین هاوکاری بکەین بەڵام پێویستە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەش ئامادە بن و پشتیوانی لێ بکەن، دەنا سەرکەوتوو نابێ.

**پ: ئێوە کە بۆ خۆتان سەردانی زۆر ناوەند و وەزارەتخانە و ... وڵاتانتان کردوە، ئایا بە راشکاوی پێیان کوتوون کە وەکوو حیزب مەیەن، بەڵکوو هەموو حیزبەکان بەیەکەوە وەکوو کوردی ئێران وەرن؟**

و: بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێم کە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێمە هیچ کاتێك بە ناوی نوێنەرایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبووە. من بۆخۆم سەردانی هەر ناوەندو لایەنێکم کردبێ، هەر بەناوی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بووە.

لە هیچ جێگایەکیش نەیان گوتوە کە وەکوو حیزب مەیەن. بەڵام پرسیاری زۆر لەو ناوەندو لایەنانە ئەوە بووە کە بۆچی کوردەکان پێکەوە یەکناگرن و نوێنەرایەتییەکی نەتەوەیی پێك ناهێنن. یا بۆچی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵ نادەن نوێنەرایەتی پێك بێنن.

**پ: هەندێك کەس هەن کە ئەو دیدار و سەردانانە بە کەم بایەخ یان تەنانەت بە بێبایەخ هەڵدەسەنگێنن و دەڵێن هیچ دەسکەوتێکی بۆ کورد نیە، چوونکە تا ئیستا بە کردەوە هیچ دەسکەوتێکی نەبوو و ئەو وڵاتانە و ئەو حیزبانە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بەکردەوە، هیچ یارمەتییەکی کوردیان نەداوە، جیا لە فەرانسە ئەویش لە رابردوودا ئێوە ئەم بۆچوونە چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

و: ئەو کەسانەی ئەو دیدارو سەردانانە بە کەم بایەخ، یا بێ بایەخ لە قەڵەم دەدەن، لە کاری دیپلۆماسی تێ ناگەن، ئاگادار نین یا بە مەبەستی هێنانە خواری بایەخی کاری هەڵسووڕانی حیزب لە دەرەوە ئەو بانگەشەیە دەکەن. ئەوەش راست نییە کە ئەو جموجۆڵە دیپلۆماسیانە هیچ دەسکەوتێکیان نەبووە. مەبەستی سەرەکی لە کاری دیپلۆماسی، ناساندنی مەسەلەی کورد و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، کە لەو بارەشەوە دەسکەوتی باشی هەبووە. دیارە دەبێ ئەوە بڵێم کە بەرهەمی کاری دیپلۆماسی لە درێژ خایەن دا دەر دەکەوێ. نە هەڵمەتی یارمەتی کۆکردنەوەیەو نە کارێکی بەرهەم هێنەر کە هەرچی زووتر ئەنجامەکەی دەردەکەوێ. هەوڵدانێکە بۆ ناساندنی مەسەلەی نەتەوەیەك و بۆ زەمینەسازیی پێکهێنانی پشتیوانی نێونەتەوەیی. کوردستان پشتگوێ نەخرێ. هەروەها هەوڵدانە بۆ لە قاودانی کردەوە دژی ئینسانیەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکاریەکانی ئەو ڕێژیمە لە مەسەلەی مافی مرۆڤ دا. کە ئەمەیان هەر تا ئێستاش دەسکەوتی هەبوەو گەلێك ڕێکخراو و ناوەندی نێونەتەوەیی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان دا هەڵوێستیان گرتوە. جگە لە هەمووی ئەوانەش هەر حیزبێکی زیندوو سەردەمیانە پێویستی بەوە هەیە کە لە راددەی نێونەتەوەیی دا خۆی بناسێنێ و دۆست و لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکا. حیزبی ئێمە بە خۆشیەوە توانیویەتی لە هەموو ئەم پارانەوە هەنگاوی گەورە هەڵێنێ.

با بۆ ئاگاداریی ئەوانەی ئیشارە بە یارمەتیی فەرانسەش دەکەن و پێیان وایە تەنیا پەیوەندی لەگەڵ فەرانسە بەرهەمی هەبووە بڵێم کە لەو رادەیەدا کە فەرانسە لە رابردوودا یارمەتی هەست پێکراوی کردوە پەیوەندی بە هێزی مەیدانی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتەوە هەبوەو جگە لە فەرانسە، وەڵاتی دیکەشی گرتوەتەوە، کە باسی ئەمڕۆ نین. دیارە حیزبی دیموکراتیش لەو سەردەمە دا لە هێندێك مەسەلەدا یارمەتی ئەوانی داوە بۆ وێنە رزگار کردنی دوو بارمتەی فەڕانسەوی. دەنا بوون و چالاکیی ئێستای حیزب زۆر لەو سەردەمە زیاترەو گەلی کوردو حیزبی دیموکراتیش زۆر لەو سەردەمە ناسراوترن، هەرچەند دەبێ بڵێین کە لەو سەردەمەدا لەلایەن هەندێك دەوڵەت و هێزەوە زۆرتر گرینگی پێ دەدرا.

**پ: نوێنەرانی حیزبە کوردییەکان کە سەردانی شوێنێك دەکەن، لە میدیاکانی خۆیان زۆر بە گرینگییەوە باسی دەکەن، بەڵام ئایا ئەو شوێنانەی کە ئێوە سەردانی دەکەن، ئەوانیش ئەو سەردانانە بە گرینگ دەزانن؟ ئایا ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە لە میدیاکانی دەرەوەدا هیچ دەنگدانەوەیەکی هەیە، تابڵێین بۆئەوانیش بایەخی خۆی هەیە؟**

و: دیارە ناکرێ چاوەڕوان بین کە رەنگدانەوەی ئەو دیدارانە لە مێدیاکانی ئەو جێگایانەی ئێمە سەردانیان دەکەین، هەر بەو راددەیە بێ کە میدیاکانی حیزبەکان باسی دەکەن. ئامانجی ئەو سەردانانەش هەمیشە ئەوە نیە کە رەنگدانەوەی میدیایی هەبێ. بەڵام لە زۆر جێگاش دا رەنگدانەوەی میدیایشی هەیە. لە زۆر جێگادا حیزبەکان و ناوەندەکان باس ئەو دیدارانە دەکەن. هێندێك لە چالاکیە دیپلۆماسیەکانیش تەنانەت رەنگدانەوەی میدیایی باشیان هەیە.بۆ وێنە ئەو کۆنفرانس و پانێلانەی لە پەرلمانی ئوروپا و وڵاتانی دیکە پێك هاتوون. یا بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئینتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست، شوڕای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبە گەورەکان وەك حیزبی کاری بەریتانیا و هی دیکە.

**پ: کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر چالاکییە دیپلۆماسییەکانی ئێوە چ هەڵوێستێکی هەیە، تا ئێستا چ کاردانەوەیەکی هەبوە، ئایا تا ئێستا بەرەسمی ناڕەزایەتیی خۆی دەربڕیوە؟**

و: کۆماری ئیسلامی بەو چالاکیانە زۆر نارەحەتە. بەڵام لە دنیای دەرەوە دا بۆی ناکرێ وا بە هاسانی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕێ. تا ئێستا لە چەند جێگادا بۆ وێنە لەگەڵ پارلمانی ئوروپا و شووڕای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە ئاشکرا نیگەرانی خۆی لە چالاکی نەیارانی خۆی لەو وڵاتانە دەربڕیوە. بۆ وێنە ماوەیەك لەمەوبەر داوای پارلمانی ئوروپای بۆ سەردانی زیندانیانی سیاسی قەبوڵ کرد، کەچی کاتێك زانی ئەو هەیئەتە پەیوەندی لەگەڵ ئوپۆزیسیۆنیش دەگرێ، پاشگەز بۆوە و ڕێگای بە هەیئەتی پارلمانی ئوروپا نەدا سەردانی ئێران بکا.

هەروەها چەندین جار نوێنەرانی ڕێژیم لە کۆبوونەوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارلمانی ئورووپا دا ناڕەزایەتیی خۆیان لە چوونی نوێنەرانی ئێمەو حیزبەکانی دیکە لەو کۆبوونەوانەدا دەربڕیوە.

**پ: دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوەندە ئورووپاییەکان پەراوێز بکرێ، بەڵام ئێوە دەڵێن کە نەتەنیا پەراوێز**

ل ٦

# خیبرەگانی چاوەدێر بەسەر رێبەردا یان رێبەری چاوەدێر بەسەر خیبرەگاندا؟!

مستەفا مەعرووفی

رۆژانی ٤و٥ی رەشەمە حەوتەمین کۆبوونەوەی چوارەمین دەورەی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بە سەرۆکایەتیی هاشمیی رەفسەنجانی بەڕێوە چوو.

ئاکامی کۆبوونەوەکانی ئەو مەجلیسە بە ئاسانی قابیلی پێش بینین. هەرچەند ئەم مەجلیسە بەپێی قانوونی ئەساسی دەسەڵاتی گۆڕینی رێبەری هەیەو تەنیا نیهادێکە کە قانوون ئیزنی رەخنەگرتن بە کاروکردەوەکانی رێبەری پێ داوە، بەڵام لەپێشدا بۆ زۆر لە شارەزایانی سیاسی روونە کە ئەو مەجلیسە کاری پەسندبێژیی رێبەرو تەئیدی کارو کردەوەکانی رێبەرە.

کۆبونەوەی ئەمجار لە دوو بارەوە گرنگو جێگەی تێڕامان بوو: یەکەم ، لەبەر ئەو رووداوانەی ئەم چەند مانگەی دواییو سەرکوتو کوشتارو ئەشکەنجەی خۆپێشاندەران کە بە فەرمانی راستەخۆی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوون، دووەم، کێشەو ناکۆکیی نێوان رەفسەنجانی سەرۆکی ئەو مەجلیسەو خامنەیی رێبەری رێژیم. بە تایبەتی ئەمەی دوایی گرنگیی تایبەتیی هەبوو. کەچی وەك زۆر جاری دیکە کە قابیلی پێش بینی بوو، رەفسەنجانی لە کۆتایی دا دەستی کرد بە پێ هەڵگوتنو تەئیدی رێبەرو هەڵوێستو سیاسەتەکانی.

لەم وتارە دا هەوڵ دەدرێ باسی ئەوە بکرێ، مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری کە ئەرکی ئەوەیە لە رێبەر بپرسێتەوەو چاوەدێریی بەسەر دا بکا بۆچی بۆتە نیهادی پەسندبێژو گوێڕایەڵی رێبەرو بۆچی رەفسەنجانی کە لەلایەن دەستو پێوەندەکانی خامنەیی‌یەوە خراوەتە پەراوێزو دژایەتیی دەکرێو هێرشی دەکرێتەسەر، کەوتۆتە مەرایی‌و لە رووی ناچاری‌یەوە بە خامنەیی هەڵدەڵێ.

مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بەپێی ئەسڵی ١٠٧ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی ئەرکی " دیاریکردنی رێبەر" ی لەسەر شانە. بەپێی ئەسڵی ١١١ ی قانونی ئەساسی " هەرکات رێبەر نەی توانی ئەرکە قانوونی-یەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ، یان خاوەنی ئەو مەرجانەنەبوو کە لە ئەسڵەکانی ٥و ١٠٩ دا هاتوون، یان دەرکەوێ کە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هێندێك لەو مەرجانە نەبووە، لە پۆستەکەی لادەبرێ. دیاریکردنی ئەم کارە لەئەستۆی خیبرەگان "ە. هەروەها لەو ئەسڵە دا گوتراوە کە: " لە هەلومەرجێکی وا دا یان لاچوون یان لابردنی رێبەر، ئەرکی سەرشانی خیبرەگانە لە زووترین کات دا بۆ دیاریکردنی رێبەرێکی نوێ هەنگاو بنێن."

با بزانین مەجلیسێك کە دەبێ چاوەدێری بەسەر کارو کردەوەی رێبەر دا بکا، رێبەر لابەرێو رێبەرێکی نوێ هەڵ بژێرێ، چۆن دیاری دەکرێ؟ لە ئەسڵی ٩٩ی قانوونی ئەساسی دا شوورای نیگاهبان کە لەلایەن رێبەرەوە دیاری دەکرێ چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری دا دەکاو ئەندامەکانی دەبێ لەلایەن ئەم شوورایەوە تەئید بکرێن. ئەسڵی ٩٩ دەڵێ:" شوورای نیگاهبان چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری، سەرۆك کۆماری، مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌داو پەنابردن بۆ دەنگی گشتی‌و رێفراندۆمی لەسەر شانە." سەیر ئەوەیە کە بزانین بەپێی ئەسڵی ١١٠ی قانوونی ئەساسی " دیاریکردنو لابردنو قبووڵی دەست لەکارکێشانەوە"ی فەقیهەکانی شوورای نیگاهبان" لە ریزی " ئەرکو سەلاحیەتی رێبەر " دان.

کەوابوو ئەندامانی شوورای نیگاهبان رێبەر دیارییان دەکا، هەر ئەوانیش دەتوانن ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان دیاری بکەن بۆ هەڵبژێران، واتە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان کە سەلاحیەتی دیاریکردنی ریبەریان هەیە، ناراستەخۆ رێبەر دیاریان دەکا، هەربۆیەش نە رێبەر موخالیفانی خۆی دیاری دەکاو نە ئەوانیش کە رێبەر هێناونی، رێبەر لادەبەن. جگە لەمانەش ئەو کۆمەڵە دەسەڵاتدارە تیمێکی سابیتو دیاریکراون کە دەیان هەودای سیاسی‌و ئابووری لێکی گرێ داون، مەگەر مردن گۆڕان لە پێکهاتەیان دا پێك بێنێ، ئەگینا نایەڵن "بێگانە" یان بێتە نێو.



بەڵام لە بارەی رەفسەنجانی-یەوە: هاشمیی رەفسەنجانی چ لەسەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی‌و چ لەسەردەمی خامنەیی دا بەهۆی جۆراوجۆر هەتا ئەم دوایی‌یانە کەسی دووەمی دەسەڵات بووە. ئەو مەسەلەیە ئەگەر بۆ خومەینی جێگەی نیگەرانی نەبوو، بۆ خامنەیی کە بەردەوام لەژێر پرسیار دایە مایەی سەرئێشەو نیگەرانی‌یە. رەفسەنجانی ئەگەر هاوشانی خومەینی نەبوو هاوشانی خامنەیی هەیەو رەنگە هەورازتریش بێ، بەڵام هاوشانسی ئەو نیە. بەهۆی نفوورزێك کە لە دەزگا دا هەیەتی نەلابردنی بۆ رێبەر کارێکی ئاسانەو نە پێش ئاوەڵاکردنی کارێکی ژیرانە. کەوابوو پێویست بوو جەبهەیەکی رەقابەتی لەگەڵ کەسێکی وەك ئەحمەدی نەژاد لە دژی بکرێتەوەو قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئەحمەدی نەژادو کێشەی خامنەیی – رەفسەنجانی بە رواڵەت ببێتە کێشەی ئەحمەدی نەژاد - رەفسەنجانی.

رەفسەنجانی لە دەسەڵات دا لەوە بەهێزترو بە نفووزتر بووکە بەو رێگایانەدا لابرێ. بۆیە لە رووداوەکانی ئەم چەند مانگەی رابردوودا بە بیانووی بەشداری لە خۆپیشاندانەکان دا هێرشیان کردە سەر ئەندامانی بنەماڵەکەی‌و تەنانەت خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران دا بە رواڵەت بەناوی دیفاع لە رەفسەنجانی هێرشی کردە سەر نزیکەکانی. دەستو پێوەندەکانی خامنەیی بە ئاشکرا لە راگەیەنە گشتی‌یەکان دا هێرش دەکەنە سەر رەفسەنجانی.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا کە سەرۆکایەتیی مەجلیسی خیبرەگانی رێبەری بەدەست رەفسەنجانی‌یە، سەرەڕای ئەو هەمووە پال پێوەنانو بێ حورمەتی‌و لاوازکردنی نفووزو دەسەڵاتە، رەفسەنجانی بۆچی ناچارە مۆری تەئیید لە سیاسەتو کردەوەکانی رێبەر بدا؟ رەفسەنجانی رابردوویەکی زۆری لە جینایەتەکان، لە ئێعدامی بە کۆمەڵی رۆڵەکانی ئێران، سەرکوتی توندو بێ بەزەیی‌یانەی موخالیفان، بڕیاری تێرۆری موخالیفان لە دەرەوی وڵاتو لە نێوخۆو...هتددا هەیە. دوو دادگای موعتەبەر لە ئەڵمانو لە ئارژانتین دەستێدابوونی ئەویان لە کۆمیتەیەك دا سەلماندوە کە لە کۆماری ئیسلامی‌دا بەرپرسی تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتن. جگە لەمانەش بنەماڵەکەی سەروەتو سامانێکی یەکجار زۆریان بە شێوەی نامەشرووع وەسەریەك ناوە. کەوابوو رەفسەنجانی ئەوەندەی مەوقعیەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵكو دنیای دەرەوە لاوازە، ئەوەندە لەلای خامنەیی‌و دەسەڵاتەکەی لاواز نیە. لەیەك قسە دا رەفسەنجانیی لاوازو تەحقیر کراو لە کۆماری ئیسلامی دا شانسی لە رەفسەنجانی تاوانبارو قەرزدار لەدەرەوەی کۆماری ئیسلامی زیاترە.

درێژەی

## وتووێژ لە گەڵ بەڕێز مستەفا شەڵماشی

**نەکەوتووین بە لکوو لە زۆر رووشەوە لە لایەنی بەرامبەر و لەچاو رابردووش باشتر دەرکەوتووین. ئایا مەسەلەی ناو و مەسەلەی پێگەی جەماوەری دوو حیزب بۆ ئورووپاییەکان پرسیار نەبووە و ئەوان بەگشتی چۆن بەرخوردیان بەم مەسەلەیە کردوە؟ هەر ئەو مەسەلەیە بە نیسبەت ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکانەوە چۆن بوە؟**

و: دوای لەتبونی حیزب ئێمە لە دەرەوە دوو گرفتی سەرەکیمان هەبوو. یەکەم ئەوەی کە تەواوی بنکەو ئیمکاناتەکانی حیزب وەك دەفتەری پاریس، تیشك تی.ڤی و هی تر کەوتە دەست ئەوان و دووەم تەواوی رایەڵ و پۆی پەیوەندییەکانیش لەو کاتە دا بە دەست ئەوانەوە بوو. ئێمە دەبوو بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم هەڵسوڕێین و خۆمان بە حیزب و ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بناسێنین. دیارە ئێمەش لە شتێك دا دەوڵەمەند بووین، ئەویش کادری بە تواناو بێ ویستی شەخسی بوو. کادرەکانی ئێمە خۆبەخشانە و بە ئینێرژی و توانایەکی زۆرەوە کەوتنە کار. ساڵی یەکەم هەتا کۆنگرە ، ساڵی جەزبی ئەفراو کۆکردنەوەی هێزو تواناکان بوو. ساڵی دووەم لە دوای کۆنگرەی چاردە، ساڵی سازماندان و خۆناساندن بوو. ساڵی سێهەم، واتە ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی چالاکی و کاری دیپلۆماسی و دەرخستنی هێزی حیزب بوو، کە بەبێ ئەوەی بمهەوێ زەقی بکەمەوە، دەتوانم بڵێم لە هەر سێك قۆناغ دا سەرکەوتوو بووین، تەنیا ئەوەندە بەسە کە بڵێم لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ١٨٥ چالاکی ئەنجام دراوە، کە زیاتر لە ٩٠ یان کاری دیپلۆماسیی گرینگ بوون. ئەوە جگە لە کارەکانی رێکخراوەیی. مەسەلەی ناوی حیزبیش هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ ئێمە نەبووە. دیارە لە دیدارەکان دا ئێمە هەمیشە خۆمان ناساندووەو باسی ئەوەمان کردوە کە حدك و حدکا، دوو حیزبی جیاوازن.

ئەو مەسەلەیە بۆ ئوروپاییەکان هەر جێگای پرسیاریش نەبووە. بۆ ئەوان کە عادەتیان بە پلۆرالیزم و کاری دێموکراتیك گرتووە، جیاوازی ناو تەنانەت بە جیاوازی یەك پیتیش دەبێ، چ بگا بە جیاوازی یەك ووشەی گەورەی وەك(ئێران). دیارە بۆ ئێرانیەکان، جاروبار پرسیار هاتۆتە پێش کە مەبەست لە لابردنی ووشەی ئێران چی‌یە. کە ئەوانیش دوای روون کرنەوە، کێشەیەکیان نەماوە. دیارە هێزی ئێرانی ئەوتۆش هەن کە هەر بە وشەی کورستانیش هەڵدەبەزنەوە، جا چ بگا بەوەی کە ئێرانیشی لەگەڵ نەبێ، کە ئەوانە تەرەفی ئێمەنین و هەر چۆنیان پێ خۆشە با وا بیر بکەنەوەو ئێمەش پێویستمان بەوە نییە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوجۆرە کەس وهێزانەوە هەبێ.

**پ: کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەرووی جموجۆڵی دیپلۆماسی و لۆبی دروست کردنەوە لە چ ئاستێکدان؟**

و: لەباری جموجۆڵی دیپلۆماسییەوە کوردەکانی باشووری کوردستان زۆر چالاکن لە رادەی رەسمی و نێودەوڵەتی دا. ئەوەش زۆرتر بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی باشووری کوردستانەوەیە. دیارە ئەو جموجۆڵە دیپلۆماسییەش بە دەست کاربەدەستانی حکوومەتی باشوری کوردستانەوەیە، نەك دانیشتووانی کوردی وڵاتانی دەرەوە.

بەدوای کوردی باشووردا،کوردەکانی باکووری کوردستان چالاکن لە کاری دیپلۆماسی دا. بە تایبەت ئەوانەیان کە لە ئوروپا کاری سیاسی دەکەن. بەڵام لە باری لابی کردنەوە کورد بە گشتی لاوازە. بەداخەوە کورد تا ئێستا بە هەموو پارچەکانیەوە رێگای لابی کردنی نەدۆزیوەتەوە.

دیارە لابیش زۆرتر بە ئیمکاناتی ماڵی دەکرێ، کە کورد بە گشتی تا ئێستا نەیتوانیوە، یا نەیویستوە سەرمایەگوزاریی لەسەر بکا.

دیارە تێکۆشانی جەماوەری لەنێو خۆی وڵاتیش کار دەکاتە سەر جم و جۆڵی دیپلۆماسی لە دەرەوە. ئەوە راستە کە جووڵانەوەی جەماوەری لە باکوری کورستان بەهێزترە لە جووڵانەوەی جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کورستان و ئەوەش بێگومان شوێنی لەسەر کاری دیپلۆماسی لە دەرەوە هەیە و تا جەماوەر لەنێو خۆی وڵات چالاکتر بێ، ئێمەش لە دەرەوە قسەمان بۆ گوتن زۆرتر هەیە دیارە ئوروپاییەکان زۆر گرینگی دەدەن بە خەباتی جەماوەری، بەڵام ئەوەش زۆر باش دەزانن کە خەباتی جەماوەری لە وڵاتێکی وەك ئێراندا کە بە دەست رێژیمی کۆنە پەرست و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیەوە دەناڵێنێ و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ وڵاتانی دیموکرات و ئازاد دا نییە، زۆر دژوارترە هەتا لە وڵاتی وەك تورکیەدا کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئوروپا هەیە و تا رادەیەك ئازادیی دەربڕینی تێدا هەیە.

**پ: جارێکی باسی ئەوەتان کرد کە نابێ بارودۆخی دیپلۆماسیی کورد لە باکووری کوردستان لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەیەکەوە بەراورد بکەین. بەڵگەشتان بۆ ئەوە بوونی کوردێکی زۆری باکور لە ئورووپا هێنایەوە. بەڵام ئەوەی راستی بێ چالاکی و تێکۆشانی بەردەوام و رۆژانەی خەڵکی کورد لەنێو خۆی تورکیە دەتوانێ قورساییەکی زۆر بە دیپۆماسیی کورد لە ئورووپا ببەخشێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە تێکۆشانی سیاسیی کورد( وەکوو جەماوەر) لە نێو قووڵایی ئێران زۆر لاوازە. ئایا ئەم لاوازییە و ئەم بێدەنگییەی خەڵکی کورد لە ئێران چ کارگەرییەکی لەسەر کاری دیپلۆماسیی ئێوە داناوە. ئایا ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەکە گرینگییەکی ئەوتۆ بە ئێوە نەدرێ؟ لەوبارەیەوە ئورووپاییەکان هیچیان پێ نەکوتوون؟**

و: من لە بەراورد کردنی چالاکیی کوردی باکوورو کوردی رۆژهەڵات لە دەرەوە، باسی ئەوەم کرد کە لە باری چەندی و بوونی ئیمکاناتەوە پێکەوە بەراورد ناکرێن. کوردی باکوور هەم لە مێژە لە دەرەوەن، هەم ژمارەیان زۆرە و هەم ئیمکاناتی ماددییان زۆرترە. دیارە هەر بەو رادەیەش چالاکیان زۆرترە لە کوردی رۆژهەڵات. بەڵام ئەگەر رێژەیی چاو لە مەسەلەکە بکەین، پێم وانییە جیاوازییەکی زۆر هەبێ.

درێژەی

## پێداگریی وڵاتانی زلهێز بۆ تاوتوێ کردنی نائارامییەکانی ئەم دواییانەی ئێران

رایگەیاندوە کە لێکۆڵینەوە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یەکێك لەو رێگە چارانەیە کە دەیسەلمێنێ کە دەستبەسەرکراوانی دوای هەڵبژاردنەکان شکەنجە دراون یا کوژراون. مایکل پازنر یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی: گرنگ ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە نێونەتەوەییەکان ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدا ئاشکرا بکا و میتۆدو شێوەی ئەم کارەش ئەوەندە گرنگ نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە حوسێن رەزوانی یەکێك لە دیپلۆماتەکانی رێژیم کە سەردانی ژنێڤی کردبوو لە وتەیەکدا بە هەواڵنێرانی راگەیاند، لێکۆڵینەوە نێونەتەوەییەکان لە پێوەندی لەگەڵ نائارامییەکان دا بە گشتی دەبێ بەرتەسك بێ. چونکە دەزگای قەزایی ئەم وڵاتە توانای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی لە هەر جۆرە ساختەکارییەکی هەیە. ناڕازییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران رادەگەیەنن کە هیچ باوەڕێکیان بە دەزگای قەزایی ئەم وڵاتە نەماوە. هەروەها "میرحوسێنی مووسەوی"ش یەکێك لە ناڕازییانی ئەم بزووتنەوەیە لە وتووێژێکدا رایگەیاندوە کە دەزگای قەزایی وڵات پشتیوانی لە هێزە ئەمنییەتیەکان دەکا و، ئەوە هێزە ئەمنییەتیەکانن کە بە ناوی دەزگای قەزاییەوە حوکم دەکەن. شیاوی ئاماژە پێدانە کە رۆژی دووشەممە ١٥ی فێورییەی ئەمساڵ، ٧٨ رێکخراوی ئێرانی کە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە رەفتارو کردەوەکانی رێژیمی ئێران لە بەرامبەر رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژنێف کۆبوونەوە و خوازیاری ناردنی هەیئەتێکی ئەم سازمانە بۆ ئێران بوون تا لە سەر بارودۆخی پێشێلکارییەکانی مافەکانی خەڵکی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ بکەن.

سەرچاوە: سایتی بی بی سی

# هەرێمی كوردستان لە بەردەم تاقیكردنەوەیەكی مێژوویی دا

سمایل شەرەفی

هەرێمی باشووری كوردستان لەچەند روویەكەوە لەبەردەم تاقیكردنەوەیەكی مێژوویی دایە. چۆنیەتیی پێكەوەهەڵكردنی جۆراوجۆرییە سیاسییەكانی ناوخۆی هەرێمی كوردستان، چۆنیەتیی خۆرێكخستن و پێكهێنانی یەكگرتوویی لە ناوەندی عێراق بۆ دیفاع لە بەرژەوەندییە باڵاكانی نەتەوەی كوردو هەروەها چونیەتیی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی چاكسازی و لە هەمووی گرینگتر پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی هەرێم، ئەو بەهاو بایەخانەن كە لە قۆناغی ئێستای پرۆسەی سیاسیی ئەم هەرێمەدا بایەخی ئەم تاقیكارییە مێژووییە دەردەخات.

جیاوازی و جۆراوجۆریی لیستی كاندیداكان و لە هەمووی گرینگتر، سەرهەڵدانی دیاردەی "ئۆپۆزیسیۆن" لە سەردەمی هەلبژاردنەكان و یەك لەوان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكانی نوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراق لە هەرێمی كوردستان بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەم هەرێمەی لە رووی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتیی ناوخۆو چۆنیەتیی مامەڵە كردنی نوێنەرایەتییەكانی هەرێمی كوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی، خستۆتە قۆناغێكی نوێ و لە هەمان كات دا هەستیارەوە.

هەر وەك زۆر جار بەرپرسانی باڵای حكوومەتی هەرێمی كوردستان و لە سەروی هەمووانەوە،سەرۆكی هەرێم، كاك مەسعود بارزانی باسی كردوە، "بوونی ئۆپۆزێسیۆن و جیاوازی، نەتەنیا بە زیانی پرۆسەی سیاسیی هەرێم نیە، بەڵكوو بە مەرجێك كە هەموو لایەكمان پێداگری لە سەر پاراستن و بەرەو پێشبردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانمان بكەین، ئەو جیاوازییانە دەتوانن یارمەتیمان بدەن كە كەموكوڕییەكان باشتر ببینین و هەوڵی چارەسەركردنیان بدەین."

ئەگەر بمانەوێ بەم جۆرە بڕوانینە دیاردەی "ئۆپۆزێسیۆن" و لایەنە جیاوازەكانی كوردستان بەم جۆرە لە سەر پاراستن و دیفاع لە بەرژەوەندییە باڵاكانی نەتەوەی كورد لە سەر ئاستی دەوڵەتی ناوەندی و لایەنەكانی دیكەی دەرەوەی كوردستان، هاونەزەرو هاوهەڵوێست بن، دەكرێ وێنایەكی دڵخۆشكەرو شارستانیانە لە




بارودۆخی ئێستای هەرێمی باشووری كوردستان بە دەستەوە بدەین.

ئەوەش بەم مانایە نیە كە هەڵەو كەموكۆڕییەكان نەبینین. كاتێك كە دیاردەی ئۆپۆزێسیۆن سەر هەڵ دەدات، لە یەكەم خوێندنەوەدا قامك بۆ لای "بوون"ی كەموكۆڕی رادەكێشرێ و لە راستی دا دیاردەی "ئۆپۆزێسیون" لە بوونی "هەڵە و كەموكۆڕی"دا خۆی پێناسە دەكا.

ئەگەر ناوی پاساوی هەڵەو كەموكۆڕییەكانی لە سەر دانەنرێ و بمانەوێ لە رووی كۆمەڵایەتی – مێژووییەوە، پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی باشووری كوردستان تاوتوێ بكەین، دەكرێ زەمینەكانی سەرهەڵدانی دیاردەی ئۆپۆزێسیۆن لە هەرێم، لە مەفهوومی "قۆناغی تێپەرێن" دا شرۆڤە بكرێ. بێگومان لە وەها حاڵەتێك دا پێویستە باسێكی هەمەلایەنەی مێژوویی، كلتووری و كۆمەڵایەتی بۆ ئەم پرسە بكرێتەوە كە لە وەها وتارێك دا ئیمكانی نیە. بەڵام ئەگەر ئاورێك لە مێژووی تەنیا سی ساڵی رابردووی چەند دەیە دەسەڵاتی دیكتاتۆری بە سەر ئەم هەرێمەدا بدەینەوە كە بە چ شێوەیەك هەوڵی "ئاسمیلە"كردنی ئەم نەتەوەیان داوەو، هاوكات ئەگەر ئاورێك لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتانی دەوروبەری وەك ئێران، توركیە و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بدەینەوە كە لە كوێی ئەم پێناسانە دا جێ دەگرن، دەردەكەوێ كە كورد سەرەرای ئەو هەمووە زوڵم وزۆرە مێژووییەی لێیكراوەو سەرەڕای كەم ئەزموونی لە بەرێوەبەری دا، توانیویەتی وێنایەكی مەعقوول لە دەسەڵاتداری لە هەرێمی باشووری كوردستان بدات بە دەستەوە.

دوای زیاتر لە سەد ساڵ تێپەڕین بە سەر شۆرشی مەشرووتە لە ئێران و سەدەیەك قوربانیدان بۆ دەستەبەركردنی ئازادی و دێموكراسی لەم وڵاتە، تەنیا هەشت مانگ لەمەوپێش لە رێگای كودەتا كردن لە دەنگەكانی خەڵك، گەورەترین بێ رێزی بە ئیرادەی ئازادیخوازیی خەڵكی ئەم وڵاتە كراو دەسەڵاتی دیكتاتۆریی مۆرەی خۆی بەناوی سەركۆمار بە سەر ئەم وڵاتەدا سەپاندەوە كاتێكیش كە خەڵك لە بەرانبەر ئەم پێشلكارییە گەورەیەدا ناڕەزایەتییان دەربڕی بە دڕندانەترین شێوە سەركوت كران.(دوای زیاتر لە سەد ساڵ خەبات بۆ دەستەبەركردنی ئازادی و دێموكراسی!)

بەڵام لە هەرێمی باشووری كوردستان، هەر لە یەكەم تێكۆشانی دوای سەرهەڵدانی یەكەم بەرەی ئۆپۆزێسیۆن دا، نوێنەرانی ئەم بەرەیە لە رێگای پرۆسەی هەڵبژاردنێكی ئازادەوە، رێیان كەوتە پارلمانی كوردستان و ئازادانە راوبۆچوونەكانیان دەردەبڕن.

سەرەڕای هەمووی ئەمانە، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی ئامانجی ئەم نووسینەو ئاماژە بە نیگەرانییەكان لەم قۆناغە لە فەزای سیاسیی هەرێم دا بكەین پێویستە تێبینییەكی بنەرەتی و لە هەمانكات دا هەستیار لە بەرچاو بگرین كە ئەویش "ئەمنییەتی سیاسی"ی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە. مەترسییەك كە لە باروودۆخی ئێستادا هەم لە سەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و هەم لە ئاستی دەرەوەی سنوورەكانی هەرێم و عێراقدا رووی لە كوردستانە.

ئەزموونی شەڕی ناوخۆ لە كوردستان، ئەو مافە بە هەموو كوردێكی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر دەدات نیگەران بێ لەوەكە هێندێك جار لە ئاكامی رووبەڕووبوونەوەی جیاوازییەكان دا تێكهەڵچوون بێتە ئاراوەو ئاسایشی هەرێم بكەوێتە مەترسییەوە. لێرەدایە كە پێویستە سەركردایەتیی كوردو بە تایبەت سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان وەك تا ئێستا كردوویانە زیاتر چاودێری بارودۆخەكە بكەن و لایەنەكان بۆ رەچاو كردنی یاساكان و یەكتر قبوولّ كردن هان بدەن.

بەڵام ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرنگییەكی تایبەتی هەیە، وەزن و قورسایی كوردە لە بەغدا كە زۆر جار نیگەرانیی چاودێرانی سیاسیی كوردی لێ كەوتۆتەوە. ئایا لیستە جیاوازەكانی كورد، لە بەغدا یەك دەگرن و بە گوتارێكی هاوبەشەوە داكۆكی لە بەرژەوەندییەكانی خەڵكی كوردستان و هەرێم دەكەن، یان نەخێر، هەر كەسەو بە هەوای خۆی.....؟

بێگومان پرشوبڵاویی كورد لە بەغداو هاوهەڵوێست نەبوونی لە شوێنە بڕیاردەرەكان و بەتایبەت لە پارلمان ناتوانێ بە قازانج بشكێتەوەو دابینبوونی بەرژەوەندییەكانی كورد مسۆگەر نابێ. بۆیە ئەم چاوەڕوانییە لە جێی خۆی دایە. نوێنەرانی جۆراوجۆرییەكانی كوردستان لە پارلمانی داهاتوی عێراق، یەكگرتووانەو بە گوتارێكی هاوبەشەوە بەنیسبەت مەسەلەكانی پێوەندیدار بە كوردستانەوە هاوهەڵوێست بن و تەنیابیر لەوە بكەنەوە كە ئەوان نوێنەری خەڵكی كوردستانن و دەبێ كار بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاكانی كوردستان بكەنەوە.

# نوقم مانەوەی كێشەی بەلووچستان لە خوێن دا

سامان فەقێ نەبی

لەچەند رۆژی رابردوودا عەبدول مالك ریگی، رێبەری گرووپی "جنداللە" لەلایەن رێژیمی كۆماری ئیسلامییەوە دەستبەسەر كراو، دوو رۆژ دواتر لە شاشەی "press TV" دەركەوت. ریگی و گرووپەكەی ماوەی ٦ساڵە كە لە رەهەندی خەباتی چەكدارییەوە دژی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران وەستاونەتەوە و لەو ماوەیەدا تێرۆریزمی دەولەتی لەلایەك و توندوتیژیی گرووپی جنداللە لەلایەكی تر وایكردووە كە بەلووچستان ببێتە ناوچەیەك كە توندوتیژی تێدا بگاتە لوتكە.

ئەگەر ئاورێك لە مێژووی هاوچەرخی بەلووچستانی ئێران بدەینەوە، لە یەكەم وێستگە دا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە لە سەردەمی رەزاشا تاكوو ئێستا، بەلووچستان بە ئەنقەست وەكوو دواكەوتووترین و بێبەشترین ناوچەی ئێران راگیراوە. نەتەوەی بەلووچ كە لە سەردەمانێك دا زۆرینەی حەشیمەتی پارێزگاكانی هورموزگان، كرمان وسیستان و بەلووچستانی پێك دەهێنا، لە سایەی سیاسەتی تواندنەوەی فەرهەنگی و دوورخستنەوە لە زێد و هێنانی خەڵكی غەیرە بەلووچ لە شوێنەكانی تری ئێران بۆ زێدی بەلووچەكان ئەمڕۆكە نەتەوەی بەلووچ تەنها لە بەشێك لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان كاراكتێرە میللی و مەزهەبی یەكەی پاراستوە.

ئەمڕۆكە لە ساحەی سیاسیی بەلووچستان چەندین پارت و رێكخراوی سیاسی دەور دەگێڕن كە پارتی خەڵكی بەلووچستان (حزب مردم بلوچستان) یەكێك لە دیارترینیانە.(ئەو پارتە لە ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە) و هاوكات لەو ساڵانەی دواییشدا هۆكار گەلێك وەكوو هەڵاواردنی مەزهەبی دژ بە سوننی‌یەكان و هاوكات گەشەی بیرۆكەی بناژۆخوازیی ئیسلامی لەهەر دوو وڵاتی پاكستان و ئەفغانستان و هاتنی ئەو شەپۆلە بۆ ناو بەلووچستانی ئێران، بوونە هۆی ئەوەكە گرووپی "جنداللە" لە وەها بەستێنێك دا سەرهەڵ بدا.

لە راستیدا هۆی سەرەكیی سەرهەڵدانی گرووپی جنداللە لە سیاسەتی چەوتی رێژیمی كۆماری ئیسلامی‌یەوە سەرچاوە دەگرێ. هەڵاواردنی مەزهەبی و ستەمی نەتەوایەتی بە دوو فاكتەری پاڵنەر لە هاتنە ئارای گرووپی جنداللە لە قەڵەم دەدرێن. گرووپێكی توندڕەو وەكوو جنداللە، دەرهاویشتەی دەیان ساڵ سەركوتی خەڵكی بەلووچستان و چارەسەر نەكردنی كێشەی بەلووچ لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی‌یە، سەركوتی خەڵكی مافخوازی بەلووچستان لە یەكەم ساڵەكانی دوای سەركەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧و پاشان تێرۆر و كوشتنی دەیان چالاكی سیاسی و مەزهەبیی میانەڕەوی بەلووچ لە رەوتی كوشتارە زنجیرەییەكان و هەڵاواردنی مەزهەبی بە شێوەیەكی ئاشكرا، هەموو دەستیان دایە یەكتر كە گرووپی "جنداللە" بە ناچار رێگای توندوتیژی و تەنانەت تێرۆریش بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی كۆماری ئیسلامی بگرێتە بەر.

بێ گومان توندوتیژی، توندوتیژی لێدەكەوێتەوە و سروشتییە كە كاتێك نەتەوەیەكی ستەم لێكراو وەك بەلووچ بە هۆی سەركوتی فیزیكیی بێبەزەییانەی كۆماری ئیسلامی هەر چەشنە دەلاقەو رۆچنەیەكی مەدەنی بە رووی خۆیدا داخراو دەبینێ، ئاشكرا هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بانگەشەی چارەسەریی هەموو كێشەكان لە رێگای جیهاد و فەتواو توندوتیژی‌یەوە دەكا و كولتووری توندوتیژیی گەیاندۆتە هەموو كون و قوژبنێكی وڵاتی ئێران. هەر لەو چوارچێوەیەدا ناكرێ ریگی و جنداللە بە "علت" ناچارە كە پەنا بۆ توندوتیژی ببا و رێكار و میكانیزمی توندوتیژی بكاتە ئامرازێك بۆ هەڵبرووكانەوەی خەبات و ئامرازێك بۆ پارێزگاری لە مان و شوناسی خۆی.



حاشا هەڵنەگرە كە توندوتیژی ئامرازێكی غەیرە ئاوەزمەندانەیە، بەڵام بەستێنی كەڵك وەرگرتن لەو ئامرازە لە سیاسەتی غەیرە شارستانییانەی رێژیمێكەوە سەرچاوەی گرتوە كە خۆی بە بزانین، بەڵكو وەها گرووپێك"معلولی" دۆخێكی تراژیدیك و كۆمەلگایەكی قەیران زەدەیە كە رێژیمی كۆماری ئیسلامی لە ئافراندنی دا دەوری سەرەكیی گێراوە. هەر بەو پێیە گرتن و ئێعدامی ریگی و تەنانەت لە ناوبردنی تەواوی ئەندامانی گرووپەكەی بە چارەسەری سڕینەوەی توندوتیژی لە بەلووچستان لە قەڵەم نادرێ. تا ئەو كاتەی ئاسەواری كولتووری توندوتیژی لە زەین و رەوانی گەلی بەلووچستاندا بوونی هەبێ (كولتوورێك كە لە بنچینەوە كۆماری ئیسلامی خوڵقاندویەتی و پەرەی پێداوە)، كەسایەتی لە چەشنی عەبدول مالك ریگی و گرووپ گەلێك لە چەشنی جنداللە هەر سەرهەڵدەدەنەوە. تا كاتێك كێشەی بەلووچستان لە ناوەندەوە هەروا بە شێوەیەكی سەتحی و رووكەشی ئاوڕی لێ بدرێتەوە و عەقڵییەتی سیستم لە گشتییەتی خۆیدا گۆڕانی بەسەر دا نەیە، گرێ كوێرەی كێشەكان و توندوتیژی هەر لە جێدا دەمێنێ. ئەو رۆژە دەتوانین بڵێین كە بەلووچستان و باقی شوێنە پەراوێزخراوەكانی ئێران وەك كوردستان و خوزستان، ئاسایش و ئارامی لەهەموو بوارێكدا تێدا بەدی دەكرێ كە توانای راكێشانی متمانەی نەتەوەی زوڵم لێكراوی بەلووچ بەرەو لای ناوەند بە كردەوە هاتبێتە دی، دۆخێك كە تەنیا لە رێگای سازدانی گوتارێكی ئاوەزمەندانە لە نێوان نەتەوەی بەلووچ و دەسەڵاتی ناوەندی دەستەبەر دەبێ و لەودا مرۆڤایەتی بە كلیلی كردنەوەی دەرگای سەرجەم ئەو كێشانەی كە دەیان ساڵە بە داخراوەیی ماونەتەوە، دادەنرێ.

# کێشەی رووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست

فەیسەڵ ئیراندوست
وەرگێران لە فارسییەوە: حەسەن شێخانی

> **زۆر جار دەنگی ئەمریکا و راگەیەنە فارسییەکانی دەرەوەی وڵات، لە هەمبەر بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان هەمان رەفتار و دژ کردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی و خومەینی دا شاهیدی بووین**

کۆمەڵگە مرۆییەکان بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی و دابین کردنی لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانێکی باشتر بۆ ئەندامەکانیان ناچارن پرەنسیپی لە یەک تێگەیشتن و هاوکاری لەنێوان گرووپەکانی پێکهێنەری خۆیان دا پێڕەو بکەن. زۆربەی وڵاتانی دنیا بە رەچاوکردنی ئەم پرەنسیپە توانیویانە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا پێشکەوتن بە دەست بێنن.

نەتەوە جیاوازەکانی ئێران ساڵانێکی دوورو درێژە لەو پەڕی ئارامی و هێمنایەتی دا، لەگەڵ یەکتر دەژین و هیچ تێکهەڵچوونێکیش لە نێوانیان دا رووی نەداوە. دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دروست بوونی چەندین وڵاتی جۆراوجۆر، هەستی ناسیۆنالیستیی گەلانی ناوچەکە سەری هەڵداو وردە وردە فۆرمی گرت. دژایەتیی عەرەبەکان لەگەڵ تورکەکانی عوسمانی و سەرهەڵدانی چەشنێک پان عەرەبیزم، خەباتی سەربەخۆیی خوازانەی خەڵکی هیندوستان، هەنگاوەکانی ئاتاتورک لە وڵاتی تازە دامەزراوی تورکیا و سیاسەتە کلتوورییەکانی رەزا شا لە ئێران، لە فۆرمە دیارو بەرجەستەکانی هەستی ناسیۆنالیستی نەتەوەکانی ناوچەکە، لەم قۆناغەدا بە ئەژمار دێن.

کۆتاییەکانی حکوومەتی بنەماڵەی قاجار یەکێکە لە قۆناغەکانی تاریکی ژیانی ئێرانییەکان. لەو رۆژگارەدا بە هۆی گەندەڵیی بەربڵاو و بێ ئاگایی پاشاکانی داوێن تەڕی قاجار لە ئاڵوگۆڕەکانی جیهان، وڵاتی ئێران بەرەو هەڵدێرگەی نەمان دەچوو. گرێدراویی مۆرەکانی دەسەڵات بە دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان و بە تایبەت بریتانیای کۆلۆنیالیست لە کەس شاراوە نییەو، تەنیا کۆلۆنیالیستەکان دەیانتوانی وڵاتی ئێران لە چنگ ئەم دەسەڵاتدارەخراپکارو گەندەڵانە رزگار بکەن. بنەماڵەی قاجار کە تورک بوون دەیانتوانی لەگەڵ وڵاتی تورکیا و وڵاتانی تورک زمانی دەوروبەری گۆلی کاسپین یەک بگرن. ئەم یەکگرتنە لەگەڵ پرەنسیپی سیاسەتی دەرەوەی کۆلۆنیالیزم، واتە سیاسەتی"پەرتکە و زاڵ بە" ناتەبا بوو، بە تایبەت کە جیهان لە سەروبەندی ئاڵوگۆر دابوو.

سەرەنجام بریتانیای مەزن بریاری دا لە جێگەی قاجارەکان،"نەتەوەی نەجیبی فارس" لە ئێراندا بە دەسەڵات بگەیەنێ. زۆر جار فارسەکان لە ئێراندا حکوومەتیان کردبوو. وڵاتی ئێران لە دەورانی پاشاکانی فارس دا هەم لە باری بەرفراوانیکردنی بیاڤی دەسەڵاتدارەتی و هەم لە بواری پەرەسەندنی کلتوورو شارستانییەت دا قۆناغێکی زێڕینی بە خۆیەوە دیبوو. بە سەرنجدان بە بارودۆخی بنەماڵەی قاجار و پێش بینی کردنی ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەیی، گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ فارسەکان، هەم لە رووی ناوخۆیی و هەم لە روانگەی دەرەکییەوە کارێکی باش و لە جێی خۆیدا بوو.

بە پێی زۆر بەڵگەی مێژوویی، سەرەنجام ئینگلیزەکان، رەزاخانی میر پەنجیان(کە فەرماندەیی یەکێک لە دەستەکانی قەزاقی جێگیر لە قەزوینی لە ئەستۆ بوو) بۆ ئەم بابەتە گرینگە هەڵبژاردو شاپوری ریپۆرتێر، یەکێک لە فەرمانبەرانی بە ئەزموونی خۆیان بۆ ئامادەکردنی ئەو، دەستنیشان کرد. رەزا خان دوای ئەوەی کە بوو بە شای ئێران، بە یارمەتیی راوێژکارە بریتانیایی و ئێرانییەکانی، بە لاسایی کردنەوە لە کەماڵ ئاتاتورک، دەستی بە ئەنجامدانی هێندێک بە ناو ریفۆرم کرد کە لە سەرووی هەموویان دەتوانین ئاماژە بە بانگەشەو پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بکەین. ناسیۆنالیزمی دڵخوازی رەزا شاو پشتیوانەکانی، لە سەر بنەمای کلتووری فارس و ئایینزای شیعە دامەزرا. کلتوور، زمان، ئایینزا و داب و نەریتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی وەلانرا. هەڵبەتە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر، هەموو هەوڵێکیان بۆ لە ناوبردنی کلتووری نەتەوەکانی دیکە خستە گەڕ تا بە ئامانجەکەیان کە بریتیە لە "یەک دەوڵەت، یەک نەتەوەو یەک رێبەر"بگەن. لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەوی دا، سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە باخچەی ساوایان تا زانکۆ، رۆژنامەکان و رادیۆو تەلەفزیۆن، موسیقا و هونەرو، زۆر بنات و دامەزراوەی جۆراوجۆری دیکە لە خزمەت جێگیرکردن و پەرەپێدانی ئەم بیرکردنەوەیەدا بوون. دەوڵەتی شا هەموو کەرەسە و پێداویستییەکانی وڵاتیان بۆ بانگەشە و پەرەپێدانی زمان و کلتووری فارس خستبووە گەڕ. لە بەرامبەردا خۆ دەرخستن و بوونی کلتوورەکانی دیکەیان قەدەغە کردبوو. تەنانەت بە دروست کردنی نوکتەو گاڵتە کردن بە کلتوورو زمانەکانی دیکە، سووکایەتییان پێ دەکردن تا لەم رێگەیەوە پرێستیژیان لە کۆمەڵگە دا بێننە خوارێ. ئەرتەش، ژاندرام و پۆلیس لەم پێناوەدا خرابوونە گەڕ. بەم پێیە نەوەیەک بە بیرۆکە و ئایدیای ناسیۆنالیزمی ئێرانی پەروەردە دەبن و لە بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵگەدا جێ دەگرن. ئەوان بەرێوەبردنی دامەزراوە کلتووریەکان، راگەیەنە گشتییەکان و زۆربەی ئیدارەکانی دەوڵەتی بە دەستەوە دەگرن. بە دەربڕینێکی دیکە ناسیۆنالیزمی ئیرانی بەرێوەبەرێتیی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران لە دەست خۆیدا مۆنۆپۆڵ دەکا. پڕ ئاشکرایە کە بە درێژایی ئەم ساڵانە، زمان و کلتوور و ئەدەبیاتی نەتەوەی فارس بەهێز دەبێ و گەشە دەستێنێ. لە بەرانبەردا هونەرو ئەدەبیات و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران زیانی گەورەی لێ دەکەوێ و نەوەیەک لە منداڵانی ئەم نەتەوانە، تەنانەت زمانی زگماکی و کلتووری نەتەوەیی خۆیان لە بیر دەکەن. منداڵانی نەتەوەکانی غەیرە فارس ناچار دەبن لە تەمەنی ٦ـ٧ ساڵەیی دا، راستەوخۆ لە باوەشی بنەماڵەوە، بێ هەبوونی بچووکترین ئاشنایی لەگەڵ زمانی فارسی، بچنە قوتابخانەو بۆ فێربوونی زانست هەوڵ بدەن، مەسەلەیەک کە زیانێکی قەرە بوو نەکراو لە توانستی فێربوونی ئەوان دەدا.

ستەمی نەتەوایەتی لە پاڵ پێشێلکاریی مافەکانی دیکە دا، خەڵکی ئێران ئازار دەداو بەم هۆیەوە گەلانی زۆر لێکراو بە ئاواتی نەمانی ستەمی نەتەوایەتی، لەسەر خستنی شۆڕشی ئێراندا چالاکانە بەشدارییان کرد.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نەتەنیا ستەمی نەتەوایەتی چارەسەر نەکرا بەڵکوو ئەمجارە بە بیانووی مەزهەبی و بە ناوی خوا، زیاتر لە رابردوو پەرەی سەند. رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی دین و مەزهەبەوە، هەر چەشنە داخوازی سیاسی و کلتووریی نەتەوەکانی ئێران و لەم نێوەدا نەتەوەی کوردیان بە توندی سەرکوت کرد. رێبەرانی رێژیمی ئاخوندی بە خۆبواردنی رواڵەتی لە هەر چەشنە گوتار و کردەوەیەکی ناسیۆنالیستی هەوڵیان دەدا ئۆمەتی موسڵمانی ئێران و جیهان بە هێنانە ئارای "ئیسلامی پاک و بێگەردی محەممەدی" بۆلای خۆیان راکێشن. بەڵام دوای ئەوەی کە هیچ سەرکەوتنێکیان لەم بارەوە بە دەست نەهێنا بۆ سەرچاوەی سەرەکیی دوکتورینی خۆیان کە ناسیۆنالیزمی ئێرانییە گەڕانەوە. هەڵبەتە ئەم رۆژانە، زۆر جار بیر کردنەوەی ناسیۆنالیستی لە ئاخافتنەکانی رێبەرانی رێژیم دا لە مەڕ مەسەلەی ناوەکی دەبینین.

چیرۆکی تراژیدی و خەمهێنەری ستەمی نەتەوایەتی لە ناوخۆی وڵات و سنوورەکانی ئێران و لە ئاستی رێبەرانی حکومەتەکانی ئێران دا قەتیس نابێ. بەڵکوو ئەم مەسەلەیە لە دەرەوەی وڵات و لەنێو رێبەرانی سیاسی و رووناکبیرانی نەتەوەی سەردەست دا درێژەی هەیە. بێجگە لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کە دوو حیزبی ناوچەین، کەم و زۆر رێبەریی تەواوی حیزبە سەراسەرییەکانی دیکە لە دەست کەسایەتییەکانی نەتەوەی سەردەست دایە. تەنیا کەس یا کەسانێک لە نەتەوەکانی غەیرە فارس دەتوانن لە رێبەرایەتیی ئەم جۆرە حیزبانە دا جێ بگرن کە بە تەواوی لەگەڵ هەل و مەرجی فکریی ئەم حیزبانە دا خۆیان گونجاندبێ و لە بۆتەی فەرهەنگی فارس دا توابنەوە. کۆمەڵە بۆ ئەوەی ببێتە رێکخراوێکی سەراسەری"سوکانی" خۆی دایە دەست گرووپێک کە لە ناوەندەوە هاتبوون. بەم پێیە بەڵایەکیان بە سەر هات کە تا ئێستاش ئەندامەکانی تاوانی ئەم کارەیان دەدەن. بەشێک لەوان بۆ وەرگێران لە بازنەی سەراسەری دا هەروا شوناسی خۆیان بە توندی ئینکار دەکەن.

زۆربەی حیزب و رێکخراوە سەراسەرییەکان لە راستەوە بگرە تا سەڵتەنەت خواز، لە مەشروتە خوازەوە بگرە تا چەپەکان، وەک یەک، چاو لە دۆزی نەتەوەکانی ئێران و ستەمی نەتەوایەتی دەکەن. هێندێک جار دروشم گەلێک لەلایەن هێندێک هێزی چەپەوە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکان دەدرێ کە لە رووی نێوەرۆکەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ روانینی بۆ نموونە سەڵتەنەت خوازەکان نیە. بە ناوی" گەلی قارەمانی ئێران" و" کرێکارانی جیهان یەکگرن"، هەر دووکیان یەک روانگەیان بە نیسبەت خەباتی مافخوازانەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەیە کە لە حاشا کردن لە مافی نەتەوە بندەستەکان و پاوانخوازی و مەزنخوازی دا خۆی دەبینێتەوە.

نە تەنیا بژاردەکانی مەزنخواز و پاوانخوازی ناوەند کە لە رێبەرایەتیی رێکخراو و حیزبەکاندا جێیان گرتبوو، دژایەتیی داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێرانیان دەکرد بەڵکوو نەوەیەکی بە ئەزموون و پەروەردە کراو لەوان، زۆر زوو راگەیەنە گشتییەکانی فارسی زمانی دەرەوەی وڵات و گرێدراو بە وڵاتانی جۆراو جۆریان بە دەستەوە گرت و لەم رێگەیەشەوە دەستیان بە دژایەتی کردنی گەلانی ستەم لێکراوی ئێران کرد. دوای رووخانی رێژیمی شا، زۆربەی رۆژنامەنووس و کارمەندانی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی گرێدراوی رێژیم، بۆ دەرەوەی وڵات کۆچیان کرد و لە رادیۆ بی بی سی، دەنگی ئامریکا، رادیۆ ئاڵمان، رادیۆ فەرانسە، رادیۆ سوئێدو چەندین رادیۆی دیکە کە هەموویان بە زمانی فارسی بۆ ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەرنامە بڵاو دەکەنەوە، دەستیان بە کار کرد. ژمارەیەک لەوان بەرێوەبردنی نزیک بە سی کاناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کە لە ئەمریکا و ئەوروپا بەرنامە بڵاو دەکەنەوە وە ئەستۆ دەگرن.

ژمارەیەکی دیکە کە لەگەڵ شۆڕش (نیزام) بوون، دوای ئەوەی کە وردە وردە لە بازنەی دەسەڵات وەلانران بەوان پەیوەست بوون و شەپۆلێکی تەبلیغاتیی ئەوتۆیان لە دژی جیابوونەوە خوازەکان! وەڕێخست کە هەر مەپرسە. مەودایەک کە ئەوان لە نێوان ناوەندو نەتەوە بندەستەکان دروستیان کرد زۆر قووڵتر و بەژانتر بوو. چونکە نەتەوە بندەستەکان لە رووناکبیرانی فارس (کە ئیدیعایان دەکرد دژی دیکتاتۆری خەبات دەکەن و بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک هەوڵ دەدەن) چاوەڕوانیی هاودڵییەکی زۆرتریان لەگەڵ داخوازییەکانیان دەکرد. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم رووناکبیرانە(بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ) هاودڵی و هاو ئاهەنگییەکی زیاتریان لەگەڵ دەسەڵاتی سەرکوتکەر نیشان داو تەنانەت هێندێک جاریش لە دژایەتی کردنی مافە رەواکانی نەتەوەکانی ئێران، رووی شا و خومەینییان سپی کردەوە. لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی — دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، ئەم بڵندگۆیانە( کە گوایا روو بە خەڵکی ئێران بانگەشەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن) بە کردەوە بوونە یەکێک لە دەزگاکانی حاشا کردن لە بزووتنەوەی کورد و زۆربەی رووناکبیرانی کورد لە خێری ئەم رادیۆیانە گوزەران. دەنگی ئەمریکا کە بە بەرارد لەگەڵ دەزگاکانی دیکەی هەواڵ گەیەنی، دەزگایەکی گەورەترە، لەم نێوە دا رۆڵێکی نێگەتیڤی زیاتری هەیە. ئەم دەزگایە کە گوایە دەنگی فارسیی ئەمریکایە، بە کردەوە بۆتە دەنگی فارسەکانی ئەمریکاو، زێهنیەتێک بە خەڵک دەقەبڵێنێ کە گوایە سیاسەتی ئەمریکا لە مەڕ ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی سەردەمی رێژیمی پەهلەوی و تەنانەت بیرکردنەوەی هێندێک لە رێبەرانی حکوومەتی هەنووکەیی ئێران نیە. بەڵام ئەگەر سەرنجی بەشەکانی دیکەی دەنگی ئەمریکا کە بە زمانەکانی دیکە بڵاو دەبێتەوە، بدەین ئەم پارادۆکسەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێ. ئەم مێتۆدی کارکردنە کۆسپی زیاتر دەخاتە سەر رێگەی ئێرانییەکان بۆ گەیشتن بە دێموکراسی. **زۆر جار دەنگی ئەمریکا و راگەیەنە فارسییەکانی دەرەوەی وڵات، لە هەمبەر بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان هەمان رەفتار و دژ کردەوە لە خۆیان نیشان دەدەن کە لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی و خومەینی دا شاهیدی بووین،** روانینێک لە سەرەوەراو لە رووی بەخشش و بەزەیی شاهانە. لە نێو کاربەدەستانی ئەو راگەیەنانە دا خەڵکانێک دەبینرین کە بە راشکاوی رادەگەیەنن ئامادەن دەستی خوێناویی خومەینی بۆ سەرکوتی نەتەوە بندەستەکانی ئێران ماچ بکەن.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاخوندەکان کە بڕیار بوو لە دەلاقەی ئیسلامەوە چاو لە خەڵکی ئێران بکەن نە لە سۆنگەی ناسیۆنالیزمەوە، بە هیچ کوردێک ئیجازە نەدرا کە پۆستێکی نیوە سەرەکی لە ئاستی پارێزگا کورد نشینەکان دا وە ئەستۆ بگرێ. ئەم مەسەلەیە پارێزگاکانی شیعە نشینی کرماشان و ئیلامیش دەگرێتەوە. بە سەرنجدان بە هێندێک ناوی وەکوو تورک نژاد پارێزگاری کرماشان، مازەندەرانی بەرپرسی رادیۆو تەلەفزیۆن، زەرەندی کرمانی، قۆمی و عەتائوڵڵا ئەشرەفی ئیسفەهانی ئیمامی جومعەکانی سی ساڵی رابردوو و هەژمارێکی زۆر لە بەرپرسانی غەیرە خۆجێیی لە ئیلام و کرماشان بەدرێژایی دەسەڵاتداریتی ئاخوندەکان، رادەی متمانەی ئەوان بە خەڵکی کوردستان دەردەکەوێ. بە پێی ئەو ئامارانەی لە سایتەکانی بە ناو ریفۆرمخوازانی کرماشان دا بڵاوبوونەوە زیاتر لە ٥٠ لە سەدی بەرێوەبەرانی سەرکەوتووی کرماشانی بۆ پارێزگاکانی دیکەی وەکوو تاران دەگوازرێنەوە. لە دوای زەنگەنە وەزیری نەوت، تەنیا کرماشانییەکی جێی متمانەی رێژیم، بەرپرسی زیندان و ئەشکەنجەکەری زیندانی دیزڵ ئاوای کرماشانە کە لە کابینەی پێشووی ئەحمەدی نژاد دا پۆستی وەزارەتی بە ناو"رفاه" ی پێ سپێردرا بوو.

کۆی کردەوەکانی رێژیم و رووناکبیرانی ناوەندنشین، نەتەوەکانی بندەستی لە ناوەند دوور خستۆتەوە. بەم پێیە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران نەیتوانیوە لەهەموو پتانسییەلەکانی ئارایی کەڵک وەربگرێ و ئەم مەسەلەیەش چ لە رابردووداو، چ ئێستاش کە بزووتنەوەی سەوز لە هەمبەر رێژیم راوەستاوە، بە قازانجی دوژمنانی خەڵکی ئێران تەواو بووە. بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشە بچووکە! هاورێیانی ناوەندنشین بە سەرنجدان بە گۆڕان و پێشکەوتنەکانی دنیای ئەمرۆ لەهەموو بوارەکان، بە تایبەت لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان لەئاستی کۆمەڵگاکانی جۆراوجۆر دا، دەبێ پێداچوونەوەیەکی قووڵ بە تێڕوانین و جیهانبینیان دا بکەن و بە روانگەیەکی تازەوە لە خەڵکی ئێران (ئەو وڵاتە پان و بەرین و فرە چەشنە) بڕوانن. بێ گومان ئەمڕۆکە دۆستانی ناوەندنشین ئاستی هۆشیاری و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ستەم لێکراوی ئێران دەزانن و بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و ئازادی دەبێ رێگەیەکی نوێ بگیرێتە بەر، بە وتەی سۆهراب سپێهری،" چاوەکان دەبێ بشۆرێن و جۆرێکی دیکە چاو لە شتەکان بکرێ".واتە بە روانگەیەکی دیکەوە چاو لە پرسی نەتەوە بندەستەکان بکرێ.

# فێدرالیزم بۆ چارەسەری ئاشتیانەی تورکیاو ئاستەنگەکانی بۆ (EU)

ئا: ڕەحیم قادری

زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوایی و ئەوانەی نوێنگەی دنیای شارستانین، سیستمی فێدراڵی وەك سیستمی سیاسی وڵاتەکانیان پەیرەو دەکەن و دەستوورە مۆدێرنەکانی ئەم سەردەمەش ناوەڕۆکەکانیان بریتیت لە سکولاریزم و ئازادی و دێموکراسی و بەشداربوونی زۆرینەی خەڵك لە دەسەڵات. هەر وڵاتێك لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵە چەمکەدا ئیدارە بکرێت، بە ئاستێکی بەرز توانای دابینکردنی ماف و ئازادییەکان و ئابوورییەکی پێشکەوتووی هەیەو مرۆڤەکانیش تێیدا یەکسانن و خاوەن ڕۆڵن لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن دا. ئەمڕۆکە سیستمی هەرەشیاو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە ئاستی جیهان دا فێدراڵیزمە. بەو پێیە ئەو سیستمە ئەلتەرناتیڤێکی گرینگە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە تورکیاو بۆ ئێمەی کورد بایەخێکی گرینگی هەیە، چونکە دراوسێی کوردستانەو پێگەی جوغرافیی ئەو وڵاتەی وای کردوە کە لە هەموو گۆڕانێکی ناوچەکەدا وەکوو وڵاتێکی خاوەن سەنگ و کاراکتەرێکی هەرێمی لە هاوکێشەکان ڕۆڵی گرینگی هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە سێ لایەنی گرینگ بدرێ بۆ ئەوەی کاردانەوەکانی ئەم مەسەلەیە پێوانە بکرێت کە ئەویش لایەنەکانی یاسایی، سیاسی و فیکرییەو لە دواییش دا بە کورتی ئاستەنگەکانی بەردەم چوونە نێو یەکیەتیی ئورووپا هەڵوێستەیان لەسەر دەکرێ.

**لایەنی یاسایی**

بێگومان ئەگەر سەیری ئەو گۆڕانکارییانەی بکەین کە لە تورکیا هاتوونەتە ئاراوە ئەو کاتە بۆمان روون دەبێتەوە کە پێشنیاری سیستمی فێدرالی بۆ تورکیا لە رووی یاساییەوە هیچ ئاستەنگێکی نییە.

ئەو گۆڕانکارییە دەستوورییانەی کە ساڵی ١٩٩٥ لە دەستووری ئەو وڵاتەدا ئەنجام دران هێندێك سنووری تری لە بەردەم داخستنی پارتە سیاسییەکان لە وڵاتە دانا.

لە ماددەی ٤و ٦٨ی دەستووردا ئاماژە بەوە کراوە کە هەر پارتێکی سیاسی بە شێوەیەکی ئاسایی و فیعلی کار لەسەر پارچەپارچە کردنی دەوڵەت و میللەت نەکات قانوون ڕێگە نادات ئەو پارتە دابخرێت و هەرگیز نابێت هیچ پارتێکی سیاسی بە بێ هۆکارێکی دیاریکراو بریاری داخستنی لەسەر بدرێت بە پشت بەستن بەم یاسایە پێشنیاری سیستمی فێدرالی نابێتە هۆکارێك بۆ داخستنی پارتێك، بەلام لێرەدا پێویستە چەمکی پارچەچارچە کردنی دەوڵەت و میللەت لە تورکیادا بە پێی چەمکێکی هاوچەرخانەو بریارەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئورووپا شیکردنەوەیەکی گونجاوی بۆ بکرێت.

بێشك ئەگەر باس لە سیستمی فێدرالی بکەین، فێدراڵیزم لەهەر وڵاتێکدا دژی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەرووی دەستوور و یاسا نێونەتەوەییەکانەوە فێدراڵیزم دەوڵەتێکی یەکپارچەیە بەو جیاوازییە کە دەسەڵات لەناوەندەکەی دا کۆنابێتەوەو بە سەر چەند ناوەندو هەرێم دابەش دەکرێت و، سیستمێکی مۆدێرنە بۆ ڕێکخستنەوەی نێوخۆی دەوڵەتێك.

بە کورتی دەکرێ پێوەندی و جیاوازییەکانی سیستمی فێدرالی بەم شێوەیە جیا بکەینەوە کە سیستمی فێدرالی ناکەوێتە چوارچێوەی پێناسەی جوداخوازی و هەرگیز ئامانجی جیا کردنەوەو پارچەپارچە کردنی وڵات نییەو لەرووی فیزیکیەوە، سنوورە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانی رەت ناکاتەوە. بەڵکوو ئەم سیستمە پێوەندیی بە ڕێکخستنەوەی ئیدارەی ناوخۆییەوە هەیەو یەکیەتیی دەوڵەت ناشێوێنێت. لەلایەکیترەوە دەوڵەتێکی ناوەندی لەرووی ناچارییەوە نییە کە دەبێ هەتاهەتایە هەر بێت. بە مانایەکیتر ئەگەر دەوڵەت نەبوو، ئیتر بەو واتایە نابێ کە دەوڵەتێکی یەکپارچە نییە. دەوڵەتێکی فێدراڵ لەرووی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لەرووی دەستووریشەوە دەوڵەتێکی یەکگرتووەو ئەگەر لەرووی پێکهاتەی دەوڵەتیشەوە سەیری بکەین جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەوڵەتێکی ناوەندی نییە. تەنیا لەرووی ئیدارەی ناوخۆییەوە نەبێت جیاوازی هەرە گرینگی دەوڵەتی ناوەندی لەگەڵ دەوڵەتی فێدرالی دا لە چوارچێوەی پرەنسیپەکانی یەکپارچەیی دەتوانرێت بەم شێوەیە بەراورد بکرێن. ئەگەر بە پێوەری ڕێکخستنەوەیەکی دێموکراسییانە بپێوین ئەوەتا کە سەرچاوەی دەسەڵات ئیرادەی ئازادی میللەتەکەیەتی، و ئەم سیستمە لە ڕێگەی ئیرادەی ئازادی میللەتەوە دێتە کایەوە، بەلام لە فێدرالیزم دا دەسەلات بە پێی جۆراوجۆریی پێکهاتەی خەڵکەکەی بەسەر چەند هەرێم و ناوەندێکدا دابەش دەکرێ. لێرەدا هەڵەی هەرە گەورە لە تورکیا ئەوەیە کە لە دەستووری وڵات دا پرەنسیپەکانی پارێزگاریکردن لە یەکیەتی و یەکپارچەیی دەوڵەت و میللەت لەگەڵ مۆدێلی دەوڵەتێکی ناوەندی تێکەڵ کراون، ئەگینا لەم سەردەمەدا گەلێك وڵاتی وەکوو تورکیا کە لە رووی کلتوورو زمان و ئایینی و... فرەلایەنن توانیویانە لە ڕێگەی سیستمی فێدراڵییەوە خۆیان لەژێر چەتری دەوڵەتێکدا کۆبکەنەوە، چونکە بێگومان هاوپێوەندیی نەتەوایەتی لە ئیرادەی ئازادیی بەیەکەوە ژیانی هاووڵاتیانەوە دێتە کایەوە.

ئێمە باسمان لە هۆکارەکانی داخستنی پارتێکی سیاسی لە تورکیادا کرد ئەوەتا لە ماددەی ٨٠ی دەستووردا هاتوە: هەر پارتێکی سیاسی دژ بە پرەنسیپەکانی دەوڵەتی ناوەندی بێت قەدەغەیە. ئەوەش لە دەستووردا هۆکاری داخستنی پارتێکی سیاسیە. لێرەدا بە پێی یاساکان ئێمە دژ بە دەستوور نین، بەلام پێویستە گۆڕانکاری لەم یاسایەدا بکرێت و ئەم قەدەغەیە لابردرێت.

ئەو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ٢٠٠٤ بە تایبەتی لە ماددەی ٦٠ی دەستوور دا کراون بە شۆڕشێکی یاسایی لەم وڵاتەدا لە قەڵەم دەدرێن کە تایبەت بوون بە ماف و ئازادییە بنەرەتییەکان و پێویستی لە یەکگەیشتنی میللەتەکان. تورکیا کە کاندیدە بۆ بوون بە ئەندام لە یەکیەتی ئورووپا (EU) و بە پێی ئەو ڕێککەوتننانەی کە لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپادا واژۆی کردوون هەموو ئەو پەسەندکراو و پەیماننامانەی لە چوارچێوەی سیستمی (EU) دروست بوون پەسەندی کردوون گرینگترینیشیان بریارەکانی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئوروپان کە بە پێی ئەو بریارانە نابێت هیچ پارتێکی سیاسی ئەگەر توندوتیژی بەکارنەهێنێ یان پشتگیری توندوتیژی نەکات دابخرێت. لەم چوارچێوەیەشدا ئەوەی لە کۆتاییدا بۆمان روون‌دەبێتەوە ئەوەیە کە پێشنیاری سیستمێکی فێدرالی نە لەرووی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و نە لەرووی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە و نە لەرووی ئیداریشەوە هیچ بەربەرستێکی بۆ دانانرێت و هیچ قەدەغەیەکیش نایگرێتەوە واتە داوایەکی مەشروع و خاوەن پرەنسیپی تایبەت بەخۆیەتی.

**لایەنی سیاسی**

پێشنیاری سیستمی فێدرالی لەرووی سیاسیشەوە لەگەڵ راستییەکانی تورکیە ناتەباو نەگونجاو نیە، چونکە گەلێك لە وڵاتە مۆدێرنەکانی جیهان و ئەوانەی کە هاوپەیمانی تورکیان و هەروەها ئەوانەی کە تورکیا دەیهەوێت بچێت ریزیانەوە ئەم مۆدێلەیان بەسەرکەوتوویی تاقی کردۆتەوە و لە وڵاتەکانی خۆیان جێبەجێیان کردوە. ئەو دەوڵەتانەی کە فرەلایەن و فرەکلتوورن ئەم سیستمە لە پێناو پاراستنی هاوپێوەندیی نەتەوایەتی و خوشگوزەرانی و بەیەکەوە ژیانیان بە باشترین شێواز بۆ بەڕێوەبردن دەزانن و هەڵیان بژاردووە دەتوانین نموونەی وڵاتانی وەك ئەمریکاو کاناداو بێلژیکیش بێنینەوە، و نزیکترین نموونەش بۆ




تورکیا عێراقە کە هاوسنوورو دراوسێی تورکیایە. عێراق کە وەك تورکیا خاوەن ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی و فرەلایەنە کۆمارێکی فێدرالی دامەزراوە. ئەم شێوازەش لە بەڕێوەبردن لە دەستووردا چەسپاوە کە بە ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی عێراق پەسەند کراوەو رەزامەندیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشی لەسەرە.

**لایەنی فیکری**

ئاستەنگی هەرە گەورە بۆ جێبەجێکردنی سیستمی فێدرالی لە تورکیا ئاستەنگە فکرییەکانن بە تایبەتی لە هزرو بیری ئەو کەسانەی کە ئیدارەی دەوڵەت دەکەن ئەوان لە دامەزرانی دەوڵەتەوە تا ئێستا هەمیشە بیری پیرۆزی دەوڵەتیان لە مێشك و هزری کۆمەڵگادا چاندوە. بیری "دەوڵەتی پیرۆز" لە تورکیا وەك ئایینی لێهاتوە. دەوڵەتی پیرۆز دەوڵەتێکی ناوەندییە و بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت هەموو کەسێك دەسەلاتی دەوڵەتی پیرۆز قبووڵ بکات و ئاستەمە گۆرانکاری لە پێکهاتەی دەوڵەتی پیرۆزدا بکرێت و هەر کەسێك داوای گۆرانکاری لەم چوارچێوەیەدا بکات بە جوداخواز و بە لاوازکەری دەوڵەتی پیرۆز تاوانبار دەکرێو لەگەڵ دژکردەوە بەرەوروو دەبێت. بەتایبەتی لەلایەن سوپای تورك کە خۆیان بە پارێزەری دەوڵەتی پیرۆز دەزانن و پێداگرن لەسەر تەمەن درێژکردنەوەی دەسەلاتی سەربازیی ناوەندی لە تورکیا و ئەم سیستەمەش وەك ناچارییەك بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوایەتی و پاراستنی یەکیەتی تورکیا سەیر دەکەن و دێموکراسی وەك هەڕەشەیەك بۆسەر ڕێژیمەکان دەبینین و مافی ئەوە بەخۆیان دەدەن خۆ لە ئیدارە مەدەنییەکان هەل بقورتێنن. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦ یەکێك لە ژێنراڵە خانەنشینەکانی هێزی زەمینی سوپای تورکیا لە وتارێکی دا بۆ رۆژنامەی "جمهوریت" دەڵێت: "دەوڵەتەکەمان دەوڵەتێکی نەتەوەییە، پێویستە هەموو جیاوازییە کلتووری و ئایینی و ئیتنیکییەکان لە یەك بازنەدا یەکبگرنەوە" بێگومان بە هیچ شێوەیەك گوێ بە سەپاندنی رای جیاواز نادەین و بەرێوشوێنی کۆنترۆڵ کردن، مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکەین. دەرفەت بە هیچ کەسێك نادەین بەدوای جیاوازییەکاندا بگەرێت". بەداخەوە ئەوەیە بیرکردنەوەی بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لە لوتکەی سوپای تورکیادان ئەگەر خۆیان خانەنشین بن، ئەوە لەبیروبۆچوونەکانیان دا خانەنشین نین. جێگای داخیشە ئەم مێشکانە ئاستەنگی هەرەگەورەن لەبەردەم سیستمی فێدرالی لە تورکیا. هەڵبەت ئەو هزرەی کە دەیەوێت بەرەنگاری پێشکەوتنە خێراییەکانی دنیا بێتەوە مەحکووم بە دۆرانە. بەلام پاشەکشە بەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەوڵ و تەقەللاو کاتێکی باشی دەوێ بۆ ئەوەش پێویستیمان بەو کەسانە هەیە کە خاوەن بیرو باوەرێکی پێشکەوتنخوازانەو هەلۆێستی ئازایانە بن و مرۆڤی بوێرو لەخۆبوردوو بن. والێرەدا بۆ روونکردنەوەی زیاتری بەربەست و ئاستەنگەکان لەبەردەم چوونی تورکیا بۆ (EU) ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین: یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامەتیی لە یەکیەتیی ئورووپا بوونی ئابوورییەکی چالاك و بازارێکی ئازادو بێکێشەیە. بۆیە لە راپۆرتەکانی دا ژمارەو ئاماری زۆر دەربارەی ئەو گۆرانانە بلاو دەکرێتەوە کە لە ئابووری تورکیا بە لایەنی باشی و خراپ روودەدات و بە وردی چاودێری جووڵەی ئابووری دەکرێ. جگە لەوەی ئورووپاییەکان ئەوە ناشارنەوە کە ترسی ئەوەیان هەیە ئەگەر تورکیا بووە ئەندام لێشاوێك کرێکاری بێکار لەپێناوی گەران بەدوای کارو نرخی بەرزی کرێی کارکردن روو بکەنە ئەڵمان و باقی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی دیکەی یەکیەتی ئورووپا دەکەن.

سەبارەت بە پەیوەندیەکانی تورکیا لەگەڵ یۆنان و کێشەی قیبرس و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست و دابەشکردنی ئاو لەگەڵ دراوسێیەکانیدا هەیەتی کە ئەوەش ئەوە دەخوازێت تورکیا چاو بە سیاسەتی دەرەویدا بخشێنێتەوە کە تا ئێستاش پەیرەوی کردوە و بە کردەوەش دەست لە هێندێك بۆچوونی پانتورکی و ئامانج و ئاواتە دەرەکییەکانی لەهەمبەر ئەو وڵاتانەی ئاماژەیان پێکرا بێنێت کە لە راستیدا پێویستە سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی ئورووپا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەتەواوی بگونجێنن و لەسەرووشیانەوە پێکهێنانی پەیوەندییەکانی هێزو هاوسەنگ لەگەڵ وڵاتانی جیهان و چارەسەرکردنی کێشەی نێودەوڵەتییەکان.

رێژەی ٩٩٪ی دانیشتوانی تورکیا پەیرەوی ئایینی ئیسلام دەکەن. پەیوەستبوون و پەیرەوکردنی نەریتەکانی ئایینی ئیسلام بۆ زۆربەی تورکەکان جێی بایەخەو نەریتەکانی ئیسلام بە بەشێکی گرینگ لە پێکهاتەی کولتووری و مێژوویی خۆیان دەزانن. ناسنامەی موسڵمانێتیی دانیشتووانی تورکیا یەکێکە لەو پاساوانەی بەشێك لە ئورووپاییەکان لەدژی ئەندامییەتی تورکیا بە کاری دێنن. ئورووپاییەکان ئەوە ناشارنەوە کە ترسیان لە زیادبوونی ژمارەی موسڵمانان هەیە. بەگوێرەی داتا فەرمی و نافەرمییەکان ژمارەی موسڵمانان لە دەوڵەتانی یەکیەتی ئورووپا بە ١٣ میلیون کەس خەملێندراوە کە دەکاتە ٣,٥٪ی دانیشتوانی یەکیەتی ئورووپا.

تورکیا باش دەزانێت کە لە درێژەی وتووێژەکانی بۆ بوونە ئەندام لە (EU)دا رووبەرووی هێندێك داواکاریی زۆر هەستیاری ئورووپاییەکان دەبێتەوە یەك لەوانەش داننان بە لەناوبردنی بە کۆمەڵی ئەرمەنییەکان بە دەست تورکەکانەوەیە کە ئەوەش لێبووردنێکی نێودەوڵەتی و بەخشینی قەرەبوویەکی گەورە بە خێزانی قوربانییان لە تورکیا دەخوازێت.

هەر چۆنێك بێت بە پێی هەموو ئەوانە هەڵوێستی یەکیەتی ئورووپا (EU) لەوبارەوە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە تورکیا مەرجەکانی ئەوەی تێدایە درێژە بە وتووێژەکانی بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەی کە بە لای کەمەوە زیاتر لەچەند ساڵێك دەخایەنێت و زۆرینەی ئورووپاییەکان مەزەندەی ئەوە دەکەن کە تورکیا بە هاتنی ساڵی ٢٠١٥ دەبێتە ئەندام لە یەکیەتی ئورووپا بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ تورکیا لەم ماوەیەدا و بەر لە هاتنی ساڵی ئاماژەی پێکراو دەتوانێت کێشەی ناوخۆیی و دەرەکییەکانی چارەسەر بکات؟ و بە پێی پێوەرە داواکراوەکانەوە لە لایەن (EU) خۆی ئامادە بکات؟

**سەرچاوەکان:**

١ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/١١/١٧ ژمارە (١٧٧٦) ل٦

٢ـ رۆژنامەی کوردستانی نوێ چوارشەممە لە رێکەوتی ٢٠٠٦/٧/١٢ ژمارە (٤٠١٨)ل

٣ـ کتێبی تورکیاو یەکیەتی ئورووپا لە نووسینی هێمن میرانی ل٢٠٠و ٢٠١

**ئەگەر باس لە سیستمی فێدرالی بکەین، فێدراڵیزم لەهەر وڵاتێکدا دژی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەرووی دەستوور و یاسا نێونەتەوەییەکانەوە فێدراڵیزم دەوڵەتێکی یەکپارچەیە بەو جیاوازییە کە دەسەڵات لەناوەندەکەی دا کۆنابێتەوەو بە سەر چەند ناوەندو هەرێم دابەش دەکرێت و، سیستمێکی مۆدێرنە بۆ ڕێکخستنەوەی نێوخۆی دەوڵەتێك**

# ڕوانینێك بۆ خەباتی ژنان لە کوردستانی ئێران

گوڵرۆخ قوبادی (بەشی یەکەم) وەرگێڕان بۆ کوردی: ئازاد خەلیفەزادە



ماوەیەکی زۆرە ئەم پرسیارانە زەینی بەشێکی زۆر لە خەباتکارانی بە خۆوە خەریك کردوە.

– بۆ چی خەبات بۆ مافی ژنانی کوردستان؟

– تایبەتمەندییەکانی ئەم خەباتە کامانەن؟

بۆ وەڵامدانەوەو تاوتوێکردنی ئەم پرسیارانە پێویستە ئەگەر بە کورتییش بووبێ چەند پرسیارێك بخەمە روو. سەرەتا تاوتوێکردن و پێشینەی خەباتی ژنانی کوردستانی ئێران و پاشان ڕەوشی هەنووکەیی و هەروەها داهاتووی ئەم خەباتە.

**تاوتوێکردنی ئەم خەباتە:**

کۆمەڵگای کوردستان ساڵانێکی زۆرە کەوتووەتە ژێر ستەمی جۆراوجۆری وەك: ستەمگەلی چینایەتی، نەتەوەیی، ئایینی و ... سەرباری ئەم ستەمانە، دەبێ ئاماژە بە ستەمی ڕەگەزی، وەك گرفتێکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکەین. خەبات لە پێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی هەمیشە لە سەروو دانراوەو بووە بە بنەمای دانەبڕاوی خەباتی ئەم نەتەوەیە. ئەگەر تا ئێستا هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەم نەتەوەیە بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی خەباتیان کردوە، ئێستا ئەم خەباتە ڕەهەندی نوێی، وەك مافی بەشخوراوان، نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و ڕەگەزیی بە خۆوە گرتوە. ستەمی ڕەگەزی لە کوردستاندا ڕابردوویەکی درێژو کۆنی هەیە. خەبات لەم پێناوەدا لە مێژووی ئەو خەباتانەدا، زیاتر بۆ دوای گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی، دواخراوە.

ئێستا ویست و داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان، هاوتەریب و هاوکات لەگەڵ ویست و داخوازییە نەتەوەیی، چینایەتی و ئایینییەکان خۆ دەردەخەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژووی خەباتی ژنانی کوردستان و هەوڵی خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە، سەلماندوویەتی کە بە بێ لەبەر چاوگرتنی مافی ژنان، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لە ئێران و کوردستان بە فەرمی ناناسرێت. ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی خەباتی ژنان بۆ ساڵانێك دەگەڕێتەوە کە کەسایەتییەکی وەك"مەستورەی ئەردەڵان"ی پەروەردە کردو وەك ژنێکی کورد، بوو بە یەکەم ژنی مێژوونوس لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا .

خەباتی ژنان لە شەڕە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کە بە جلو بەرگ و شوناسی پیاوانەوە لەبەرەکانی شەڕدا بەشدار بوون بۆ خەباتی ئەو ژنانە دەگەڕێتەوە کە ژنێکی وەك "قەدم خێر"ی(١) بەرێبەرایەتیی ڕاپەڕینی"پشتکو" گەیاند. یا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دایکانەی کە لەنێو ماڵ و بە تەنیا، بە دوای پەیوەست بوونی هاوسەرەکانیان بە ڕیزەکانی خەبات، بۆ زیندوومانەوەی منداڵەکانیان و درێژەدان بە ژیان و لە ئاکامدا بۆ زیندوو ڕاگرتنی نەتەوەکەیان، ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری و شەڕ و بێکاری و دەستدرێژی و برسییەتی و ماڵوێرانییان بە گیان کڕی. ئەم ڕووداوانە زۆر بە دەگمەن لەلایەن مێژوونووسانەوە بۆ خەبات و هەوڵ و تەقەلای ژنان و زیندوو ڕاگرتنی نەتەوەیەك و پەروەردەی وەچەی نوێ، هاتۆتە ئەژمار. لەبەر ئەوەی مێژوونووسانی ئێمە زیاتر پیاو بوون و مێژووی شەڕە چەکدارییەکانی خۆیان دەنووسن و بە ناوی خۆیان تۆماری دەکەن، و هەوڵ و خەباتی ژنان لەم ڕێگەیە دا لەبەرچاو ناگرن.

مێژووی ژنانی کوردستان بۆ ئەو ساڵانەی دەگەڕێتەوە کە ژنانی دڵسۆزو خەباتکاری وەك" حەفسە خان"(٢)،" میناخان"(٣) و دەیان ژنی دیکە، وێڕای هاریکاری بۆ وەلانانی گرفتەکانی بەردەم ژنان لە پێك هاتنی خوێندنگای کچان و هەوڵ بۆ ناردنی کچان بۆ قوتابخانەکان، لە مەیدانەکانی دیکەش خەباتیان کردوە.

ئەم مێژووە بۆ ساڵانێك دەگەڕێتەوە کە ژنانی ڕۆژنامەنووس و نووسەرو شاعیر و گۆرانیبێژ و هونەرمەند، تابۆکانیان شکاندو هەوڵیان دا کە لە مەیدانەکانی دیکەی هونەریی خۆیان نیشان بدەن. بۆ نموونە"ڕەوشەن بەدرخان"(٤) شاعیرو ڕۆژنامەنووس،"مریەم خان"(٥)، گۆرانیبێژی دەنگ خۆش و خۆشەویستی خەڵك و سەرەنجام ژنناس و بیرمەندی ئەم سەدەیە خاتوو" ڕووناك یاسین"(٦) (١٩٢٠ــــ٢٠٠٢) لێکۆڵەر، ئوستوورەناس، مێژوونووس، ڕەخنەگرو مامۆستای زانکۆکانی" هاروارد"و" دوبلین"، و دەیان ژنی دیکە.

ئەم مێژووە بۆ ساڵانێك دەگەڕێتەوە کە ژنانی کوردستان هاوڕێ لەگەڵ ژنانی جیهان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان ڕاپەڕین و خەباتیان کردوە. بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و گەشەپێدانی بیروڕای فێمنێستی لە کوردستان داو ناساندنی بە خەڵك هەوڵیان داوە. سەرەنجام ئەم مێژووە بەم ساڵانەی دوایی و ئەمڕۆ دەگا، کە بیرو ویستی ژنان دێتە مەیدانەکانی ئەدەبیات، سیاسەت، کۆمەڵگا و ئابووری لە کوردستاندا. بەڵام ئایا ئەم هەوڵە پڕ بایەخانە چ یادگارێکیان بۆ ئێمە بە جێ هێشتوە و چ دەرسێکیان بە ئێمە داوە.

**سەردەمی دەسەڵاتداریەتی پەهلەوی**

بە پشت بەستن بەم مێژووەو درێژەدانی ئەم هەوڵانە بوو کە کچان و کوڕانی کورد لە دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی خەباتی خۆیان بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتی جیهان، ئێران و کوردستان و بە ئیدیۆلۆژیی چەپ و مارکسیستی، بە گەشە پێدانی زانیاریی و خۆڕێکخستن هیمەتیان نواند. ئەم لاوە هوشیارانە ڕێکخستنی نهێنی و جۆراوجۆریان پێك هێنا. بەشێك لەم لاوانە لە سەرەتا دا لەگەڵ خەباتە چریکییەکانی ئەو کاتی جیهان و ئێران سنووربەندییان کردو بە پێرەوی کردن لە ڕێبازی جەماوەری، بە لایەنگریی کرێکاری و ئاوێتەکردنی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی لە کوردستاندا تێکۆشانیان دەست پێکرد. بەم شێوەیە لاوان سەرەڕای هەوڵ لە پێناو پێکهێنانی ڕێکخستنی یەکگرتوو، بۆ پەرەپێدانی تێکۆشانی خۆیان لەنێو چینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی دێهات و شارەکان و ژنان لەچوارچێوەی پیشە جۆراوجۆرەکانی وەك مامۆستایی، کاری ساختومانی، وەرزێری و... دەستیان بە تێکۆشان کرد. سەرەنجام بڕیاری بەشێك لەم خەباتکارانە بوو بە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوی چەپ و مارکسیستی کوردستان بە ناوی "کۆمەڵە".

بەدەست پێکردنی خۆپیشاندان لە پێناو ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بەشداریی ژنان لەم خۆپیشاندانانەدا و بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی، قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ژنان دەستی پێکرد. ئەوان خەباتەکەیان لە سووچی ماڵەکانیانەوە هێنایە سەر شەقامەکان و لە گەشەپێدانی بیروڕای چەپ و پێشکەوتوو پێشوازییان کرد. دژی نەزانی و دواکەوتوویی و یاساکانی ئایینی و پیاوسالاری خەباتیان کرد.

سەرەنجام زۆربەی لەمپەر و تابۆکانیان شکاندو بەم جۆرە لە تەواوی مەیدانەکانی خەباتدا بەشدارییان کرد.

**ساڵی ١٣٥٧و دەستپێکی شۆڕش**

لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ ئێمە شایەتی دوو مەیلی بەرچاوی، ئایینی، چەپ و سوسیالیستی لە کومەڵگای ئێران و کوردستان بووین.

**مەیلی مەزهەبی:**

موسڵمانانی لایەنگری "موفتی-زادە" کە بە ڕێبازی ڕێبەرەکەیان دا لە ڕێکخستنەکانی بەناو "مەکتەبی قورئان"دا سازمان درابوون. ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەم ڕێکخستنانەدا زۆر لاواز بوو. ئەم لایەنگرییە لەسەرەتاوە لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی سوننییەوە (بە وتەی خۆیان "ئیسلامی نابی محەممەدی" نە ئیسلامی خومەینی) دژی ژنان و ئازادییەکانیان خەباتیان دەکرد. بە گوشار خستنە سەر ژنان و ئەزییەت و ئازاریان هەوڵیان دەدا پێش بە خەباتی ژنان بگرن. بۆ نموونە لە بەرگیری کردنی حزووری ژنان لە مزگەوتەکان بۆ بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان، بەشداری لە خۆپیشاندانەکان و تێکۆشان و هاتوچووی ژنان لە ناوەندی ڕێکخراوە سیاسییەکان و...

پاراستنی پۆششی ئیسلامی بە هۆی ئەوە کە لە چوارچێوەی دابونەریتەکانی سوننی دا نەبوون، نە لە سەردەمی خۆپیشاندانەکان و نە دوای شۆڕشی ٥٧و ئازادیی شارەکان باسی لێ نەکرا. بەم باسە لە ساڵی ١٣٥٩و دوای داگیرکردنی کوردستان لە لایەن کۆماریی ئیسلامییەوەو هێرش بۆ سەر ئازادییەکانی خەڵك بوون بە یاساو بەسەر خەڵك دا سەپان.

**مەیلی چەپ و سوسیالیستی:**

ئەم مەیلە کە ڕابردوویەکی تا ڕادەیەك دوورودرێژی لە ئێران و کوردستان دا بوو، لە سەرەتای ڕۆژەکانی شۆڕش لە کوردستان وەك مەیلێکی بنەمایی ئەم خەباتە دەرکەوت.

هۆکارەکانی دیکە لە پەرەپێدانی ئەم مەیلەبریتین لە:

ویستی مەسەلەی نەتەوەیی، زۆرینەبوونی مەزهەبی سوننی (؟!)، کاریگەریی حیزبە چەپەکان وەك "کۆمەڵە"، چریکی فیدایی خەڵق و پەیکار و...، بە ئەندامبوونی ژنان و پیاوانی لاو لەم ڕێکخراوانەداو پێك-هاتنی چوارچێوەیەکی ئازاد بۆ گەشەکردنی بیری چەپ و ئازادیخوازی لە نێوان لاوان و خەڵك و بە پەیڕەوی لەو پاشەکشە کردن بە مەیلە ئایینی و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا، تەواوی ئەمانەو وەها پرس گەلێك بوونە هۆی ئەوەیکە بارودۆخی کوردستان لە بەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکەی ئێران لە خەبات دژی کۆماریی ئیسلامی روخسارێکی جیاواز بەخۆوە بگرێ. لە سەرەتای شۆڕش و ئاشکرابوونی حیزبەکان، دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کومەڵە دەستیان بە تێکۆشانی ئاشکرا کردو توانیان وەك هێزێکی شوێن دانەر، دەرکەون.

١ـ ئەم ژنە خەباتکارە بە دژی زوڵم و بێ عەدالەتیی حکوومەتی ڕەزا شا ڕاپەڕی. ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ حکوومەتی ڕەزا خان،ئازایانە و بە بوێرییەکی بێ وێنە شەڕی کرد. سەرەنجام شا بە هۆی داماویی، کەوتە فرت و فێڵ و ئەوی بۆ وتووێژ بانگهێشت کرد. ١٧ کەس لە فەرماندەکانی ئەم ڕاپەڕینە تیرباران کران و بەمجۆرە ئەم ڕاپەڕینە کۆتایی پێ هات و قەدەم خێر گیراو تا کۆتایی تەمەنی لە زیندانی شادا مایەوە.

٢ـ لە کتێبی :"گزیدەای از زنان نامدار کرد، تألیف عبدالجبار محمد اجباری"، وەرگێڕانی: ئەحمەد محەممەدی.

٣ـ لە کتێبی: "زنان و ناسیونالیسم در جمهوری کردستان سال ١٩٦٤، شهرزاد مجاب".

٤ـ لە کتێبی :"گزیدەای از زنان نامدار کرد، تألیف عبدالجبار محمد اجباری"، وەرگێڕانی: ئەحمەد محەممەدی.

٥ـ لە کتێبی :"گزیدەای از زنان نامدار کرد، تألیف عبدالجبار محمد اجباری"، ورگێڕانی: ئەحمەد محەممەدی.

٦ــ لە کتێبی :"گزیدەای از زنان نامدار کرد، تألیف عبدالجبار محمد اجباری"، ورگێڕانی: ئەحمەد محەممەدی.

## ڕۆژنە

# دووره دیمه‌نی ژیانی کرێکاران لە ساڵی تازەدا

عەلی بداغی

ژیانی کرێکاران لە ئێران یەکێک لە تراژیدیاکانی ئەو وڵاتەیە، چونکی بە پێی ئەو مووچە و حەقدەستەی کە پێیان دەدرێ و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو گرانی و "تەورم"ە هەوسارپچڕاوەی لە کۆمەڵگا دا هەیە، دەردەکەوێ کە ئەوان لە چ ژیانێکی تاقەت پڕوکێن و هەژارانەدا بە سەر دەبەن.

لە ساڵی ٨٨ دا کە دوایین ڕۆژەکانی تێپەڕ دەکەین، مووچەی دیاریکراو بۆ هەر کرێکارێک ٢٦٣ هەزار تمەن لە مانگێک دا بوو، بەڵام قەت هیچ بەرپرسێکی دەوڵەتی تا ئێستا ئامادە نەبوو وەڵامێک بەو پرسیارە بداتەوە کە بەو حەقدەستە دەکرێ چ جۆرە ژیانێکی گونجاو و ئابڕوومەندانە بۆ کرێکارێک و بنەماڵەکەی دابین بکردرێ.

دیارینەکرانی هێڵی هەژاریش بۆ ساڵی داهاتوو یەکێکی دیکە لە کێشەی کۆمەڵگای کرێکاریی ئێرانە.

دەوڵەت لە ساڵانی ڕابردوو بە دیاریکردنی هێڵی هەژاری دەیهێشت دووره دیمەنێک لە وەزعی کرێکاران بخرێتە بەرچاو، بەڵام ئەو ساڵ دەوڵەت تا ئێستا بە شێوەی ڕەسمی لە دیاریکردنی هێڵی هەژاری خۆی بواردوە، چونکی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هاوسەنگییەک لەنێوان هێڵی هەژاری و مووچەی مانگانەی کرێکاراندا پێک بێنێ.

ڕەزا شەهابی، ئەندامی سەندیکای شۆفیرەکانی شیرکەتی واحیدی تاران بە زمانێکی زۆر سادە باس لە قووڵایی کارەساتی ژیانی کرێکاران لە ئێران دا دەکا. ئەو دەڵێ "مووچەی مانگانەو پایەی کرێکار ٢٦٣ هەزار تمەنە، بەڵام لانیکەمی هەزینەکانی بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە شارە گەورەکانی وەک تاران زیاتر لە ١میلیۆن تمەنە. کرێکاری داماو ئەوەی دیکەی لە کوێ بێنێ؟" ئەوەش لە جێی خۆی کە کارگەو کارخانەو واحید تەولیدییەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن و پۆل پۆل بە لەشکری بێکاران زیاد دەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژیش گرانی زۆرتر دەبێ.

ئەوڕۆکە گرینگترین کێشەی کرێکارانی ئێران ئەمنییەتی شوغڵی و کاریی ئەوانە. ئەوڕۆکە زۆربەی کارگەو کارخانەکانی ئێران بە زەرفییەتی ٢٠%ی و ٣٠%ی خۆیان کار دەکەن. کار بۆ کەسی کرێکار یانی هەموو شتێک. کاتێک کار نەبێ، ژیان و هەناسەدان و شیرازەی خێزانیی کرێکار لەبەر یەک هەڵ دەوەشێ.

ئەوڕۆکە لە ئێران دا هیچ گەرەنتییەک بۆ پاراستنی ئەمنییەتی کاری نیە. خاوەن کار هەر کاتێک پێی خۆش بێ دەتوانێ کرێکارەکەی لەسەر کار دەر بکا. چونکی لە مێژ ساڵە بە جێی ئیمزا کردنی"قەرار داد" ی کار وەرەقەیەکی سپی بە کەسی کرێکار ئیمزا دەکرێ و بەمجۆرە لە مافی بیمە کردن، حەقی منداڵ و حەقی نیشتەجێ بوون بێبەش و بێبەری دەکرێ. بە هەزاران نموونە بینراوە کە خاوەن کار دوای ٥ ساڵ کرێکارەکەی دەر دەکا، بێ ئەوەی هیچ کام لە مافەکانی پێ بدا، بێ ئەوەی کە هیچ حیسابێک بۆ ڕابردووی و گیانکێشیی ئەو کرێکارە بکا.

ئەحمەدی نژاد لە حاڵێک دا ئیدیعا دەکا کە دەوڵەتی" ڕیفاە" و خوشبژێوی بۆ خەڵک دامەزراندوە. کە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێران کە لە کەسانی کرێکارو زەحمەتکێش پێک دێن، لە ژێر قورسترین زەبرەکان و فشارەکان بۆ دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە دان. ئەو دەوڵەتە بە هۆی سیاسەتە ئابوورییەکانی و بە هۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی لە ڕێگەپێدان بەوەی کە ئێران ببێتە گەورەترین بازاری مەسرەفی چین، گەورەترین زەربەی لە ئەمنییەتی کاری کرێکاران داوەو لە بەرامبەر ئەوەشدا دروشمی زریقەو بریقەداری لە خواردی کرێکاران داوە.

کرێکار ئەمڕۆکە لە ئێران کەسێکی تووڕە، ماندوو، وەڕەز و تێک تەپیوە کە نە دەتوانێ بە منداڵەکانی ڕابگا و نە دەتوانێ کاتێکیان لەگەڵ بباتە سەرێ و نەهەر دەرفەتی ئەوەی هەیە لە گەڵیان دابنیشێ. ئەو دەبێ بەردەوام و ڕاکە ڕاکە پێوشوێنی کار کەوێ تا بتوانێ بە هەر جۆرێک بووبێ، بۆ سەری برج پوڵی کرێ خانوو، پوڵی ئاو و برق و گاز و تەلیفون و پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی خێزانەکەی دابین بکا. هەلومەرجی دژواری ژیان وای کردوە کە کرێکار بۆ ژیان و بژێوی خۆی دووکار و سێ کار بکا. ترسی لەدەستدانی کاریش وای کردوە کە لە ترسی گیران و کەوتنە زیندان و بێ بژێو مانەوەی ماڵ وخێزان و لە بەریەک هەڵوەشانی بنەماڵەکەی، کەسی کرێکار نەوێرێ تێکەڵ بە هیچ ڕێکخراو تەشەکولێک بێ.

ئەو بێدەنگ دەبێ و چاو لێ دەکا. چونکی دەشزانێ کە تەشەکول و ڕێکخراوەکانیش ناتوانن خۆیان لەبەر هەڕەشەو سەرکوتی دەزگاکانی ڕێژیم ڕاگرن و چووکترین ئیعترازو ناڕەزایەتیی ئەوان شوێنکاری زۆر خراپی بۆ ژیان و ئەمنییەتی بنەماڵەیی ئەو بە دوا دا دێ.

# چەشنێکی یەکەمین ژنانی گۆرانیبێژ لە رۆژهەڵاتی کوردستان

کاکشار ئورەمار

کاتێک ناوی ئێران خانمم بەبیر دێتەوە، یان کەسێک لەسەر کار و ژیانی داوای زانیاریم لێ دەکات، تەزوویەکی سارد بە لەشمدا دێت، چونکە بەمندالی ناوی ئێران خانمم بیستبوو. ئەو وەک خانمێکی گۆرانیبێژ، دەنگخۆش لەناو گەلدا رێزێکی زۆری هەبوو، بەڵام زۆر کەسیش هەبوون سووکایەتییان پێ دەکرد، کچە گوندییەکان دەیانگوت:" مەگەر ئێران خانم شەرم ناکات لە ناو پیاوان و لەرادیۆدا گۆرانی دەڵێت...". بەڵام جێی سەرنج بوو کە تەواوی ژنان و کچانی هەرێمەکانی ئورمێ، سۆما، برادۆست، سەڵماس، دەشتەبێل، خۆی، ماکۆ، زیندەشت و بازرگان زۆر حەزیان لەدەنگی ئێران خانم بوو. کاتێک گوێیان لەگۆرانییەکانی دەگرت، بیستنی دەنگی، گوێگرانی بۆ نێو دنیای خەم و مەینەتەکان، دەگەڕاندەوە.

لە نەوەدەکان کاتێک لە شاری تەورێز دەرسم دەخوێند هەرکات دەرفەت هەبایەت زوو دەگەڕامەوە بۆ شەقامی ئیسلام ئابادی ئورمێ و تەنیشت" گرە کۆ"، گردی جوولەکەکان دووکانێک لەسەر رێگا سەرەکییەکە بوو. ژنێک کە دووکانەکەی بەڕێوە دەبرد، سەری بە هەورییەکی رەش بەستبوو و جلوبەرگی کوردی لەبەر بوو، ئەو بە زارێکی پڕ لە پێکەنینەوە لەگەڵ موشتەرییەکانی قسەی دەکرد و بەڕێی دەکردن. کاتێک مرۆڤ بەوردی سەیری روخساری دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا کە تەمەنی ٥٠ساڵی تێپەڕاندبوو، جوانییەکی تایبەت بە سیمایەوە دەبینرا. قسەخۆش بوو، زۆر بە رێزەوە وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی دەدایەوە. ئەو خانمە هەمان ئێران خانمی گۆرانیبێژ بوو کە من چاوەڕوانم نەدەکرد رۆژێک لە رۆژان ئاوەها بە سادەیی و لە نزیکەوە بیبینم. لە چاو و روخساریدا هەزاران قسەی نەبیستراوی حەشار دابوو، دیار بوو کە چیرۆکی ژیانی هێشتا لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەبیسترابوو و نەنووسرابوو.

پێشتر لە چەند کەسم بیستبوو دەرگای دڵی خۆی بۆ کەس ناکاتەوە. ئەوەبوو کە ژنێکی ناودار و دەنگخۆش، بەبێ ناوونیشان سەری نایەوە. من خۆمم بەکەمتەرخەم دەزانی، چونکە لەوانەبوو بەهۆی خزمێکم بمتوانیبا وتووێژێکی لەگەڵدا بکەم، بەڵام نەمکرد. چارەنووسی ئێران خانم،" لەو کۆمەڵگە دواکەوتووەدا" کۆتایی هات .

لەو ساڵانەدا کە ئورمێم جێهێشت و هاتمە ئەورووپا، زۆر هەوڵمدا بە هاریکاری هەڤاڵانم هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا چێ بکەم، بەڵام لەژێر ستەم و ترسی بەرپرسانی حکوومەتی ئێراندا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کەس جورئەتی نەکرد، ئەو ئەرکە نەتەوەییە ئەنجام بدات. دواتر من زانیم کە ئێران خانم، ماڵئاوایی لە ژیان کردووە و حەسرەتی دیداری دووبارەی لە دڵمدا مایەوە.

## ئێران خانم کێیە؟

نازناوی هونەری" ئێران خانم"ە و ناوی راستەقینەی" ئێران موجەرەد"ە. پاش ئەوەی لە رادیۆی ئورمێ دەستی بەکار و تۆمارکردنی گۆرانییەکانی کردووە، لەلایەن بەرپرسانی رادیۆ و هونەرمەندانی دیکەوە نازناوی "خانم"ی لەسەر دانراوە.

خانمی دەنگخۆش ئێران، لەساڵی ١٩٥٠-١٩٥١ لە بنەماڵەیەکی جووتیار و هەژار لەدایک بووە. ئێران، لە گوندی ئینکەسوی هەرێمی برادۆست لەدایکبووە. ناوی باوکی عەبدولڕەحمان و دایکیشی ناوی پەرێشان بووە. وەک دەگوترێت "پەرێشان ژنێکی دەنگخۆش بووە" ئەوەش وەک میراتێک بۆ ئێرانی کچی ماوەتەوە. جگە لەوەش سروشتی دەستلێنەدراو و رەنگینی هەرێمی برادۆست کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ هونەر و گۆرانیبێژی داناوە. تافی منداڵی و گەنجێتی ئێران خانم، لە گوند دەرباز بووە و ئەو بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی لەناو گەورەماڵانی هەرێمەکەدا کاری کردووە. ساڵانێکی دوور و درێژ لەماڵی خانمی "کیشوەر مامەدی"دا وەک کچێکی ماڵ کاری کردووە. بەپێی ئەو شاهیدانەی کە ئەوکات لە نزیکەوە ئێران خانمیان بینیوە، کچێکی زۆر هێژا و شیرین و دەنگخۆش بووە. زۆرجاران لە تەمەنی گەنجی خۆیدا لە دیوانی گەورە ماڵاندا گۆرانییە پیاوانەکانی گوتووەتەوە .

لەو ساڵانەدا دەنگی ئێران خانم شایی و داوەتەکانی خەملاندووە و کەم داوەت هەبووە کە ئەو تێیدا بە جلووبەرگی رەنگین و گۆرانییە خۆشەکانیەوە بەشداری تێدا نەکردبێت. ئێران خانم پاش ئەوەی لەگەڵ" سەعید"ناوێک زەواج دەکات، لە گوندی سۆمانئاوا نیشتەجێ دەبێت و بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە. لەو گوندە بەهاریکاری مێردەکەی باشتر لە ساڵانی پێشوو کاری گۆرانیبێژی درێژە پێدەدات. مێردەکەی رێی لێ ناگرێت و ئەو هاوکارییەش شیرینی پێکەوە ژیانیان زیاتر دەکات.

## لە رادیۆی کوردی ئورمێ

لە ساڵی١٩٦٩ بەدواوە رادیۆی شارەکانی ئورمێ، تاران و کرماشان پرۆگرامی کوردی- زاراوەی کورمانجییان هەبووە، بەڵام ماوەی پەخشیان لە نیو کاتژمێرەوە بۆ ٢ کاتژمێر گۆڕدراوە. پاش دامەزراندنی بەشی کوردی رادیۆی ئورمێ، ئیتر دەنگی گۆرانیبێژانی کورمانجی دەگەیشتە باکوور و باشووری کوردستان، ئەوکات ژنی گۆرانیبێژ لە رادیۆکاندا نەبوون. ئێران خانم لە هەرێمەکەدا ژنێکی ناسراو بوو. لەسەر داواکاری گۆرانیبێژانی وەک" حەمید یوسفی، موستەفا عەلیزادە، ئیبراهیم نەورۆزی و هەروەها گرووپی مۆسیقای رادیۆ" ئێران خانم، لەساڵی ١٩٧١دا لە رادیۆی ئورمێ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە گۆرانیبێژی کرد. ئێران خانم لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین ژنی کوردە کە بە زاراوەی کورمانجی سەروو گۆرانی گوتووە و دەنگی لە رادیۆ تۆمار کردووە .

جێی ئاماژەیە کە ئێران بەر لەوەی کاری گۆرانیبێژی لە رادیۆدا دەست پێ بکات، ساڵانێک بوو کە ناوبانگی دەنگی لە شار و گوندە کورمانجنشینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو ببوویەوە و هەتا لە باکووری کوردستانیش ئێران خانم، لە ناو خەڵکیدا کەسێکی ناسراو بوو. کاتێک لە رادیۆ دا دەستی بەکار کرد، ئیدی وەک کەسێکی بەناوبانگ لە هەر شوێنێکی کوردستان خۆشەویست و ناسراو بوو. لەناو کورد، میراتی ژن لە بواری هونەر و گۆرانیبێژیدا زۆر دەوڵەمەندە، بە هەزاران ژن و کچ هەبوونە و ( ئێستاش هەن) کە لە بوارەکانی وەک دەنگخۆشی، داهێنان و گۆرانیبێژیدا سەرمەشقن، بەڵام لەبەر سیستەمە پیاوسالارەکان و هەندێک لە یاسای ئیسلامییە وشکەکان، دەنگەکانیان کپ بووە. لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەدا کە لە بەردەم ژنی کورد بوونە، دیسان ژمارەیەکی کەم لەو ژنانە گوێیان نەداوەتە ئەو عورف و عادەتانەی کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم نەبوون. ئەوان کەلام و قەسیدەیان گوتووە، لە شایی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بوونە و شانبەشانی پیاوەکانیان شایستەیی خۆیان لە گەلەک بواردا سەلماندووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیدا کە بەر لە ئێران خانم، ژنی دەنگخۆش و هونەرمەند هەبووە، بەڵام ئەوان وەک ئێران خانم بەجەرگ نەبوونە و وەک ئەو نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی فەرمی کاری هونەری خۆیان لە رادیۆ و ستۆدیۆکان تۆمار بکەن. چونکە ئەو کارە لە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەو سەردەمەدا عەیبێکی گەورە بوو و هەمووان گاڵتەیان پێ دەکرد و بەچاوێکی سووکەوە سەیری کارەکانیان دەکرد .

بەڵام ئەو لەسەر هونەری گۆرانیبێژی خۆی پێداگر بوو. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەکی بژێوی بوو و هەمیش لە ناخی دڵەوە حەزی لێ دەکرد. لەسەر ئەو بنامەیەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێت کە ئێران خانم، رەوشێکی فەرمی دابووە کاری هونەری خۆی و وەک یەکەمین ژنی کوردی گۆرانیبێژ لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێت. لەناو کوردەکانی پارێزگای خۆراسانیشدا ژنێک هەبووە بەناوی (بانو شێروانی) کە بە زاراوەی کورمانجی لە رادیۆی شاری مەشهەد گۆرانی چڕیوە. بەڵام نازانرێت کە ئایا بەر لە ئێران خانم، دەستی بە گۆرانی کردووە یان نا؟ بەهەر شێوەیەک بێت ئەو دوو ژنە لە ناو کوردە کورمانجەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رچەشکێن بوون. لە ناو دراوسێکانی کورددا ئەگەر ژنێک بیویستایە ئەم کارە بکات، زەحمەت بوو کە بتوانێت لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، بۆیە ناچار رووی لە تاران دەکرد و لەوێش بە زمانی فارسی گۆرانی دەگوت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوان، ئێران خانم و بانوو شێروانی وەهایان نەکرد و لەناو گەلدا مانەوە. بەپێی شاهیدان و کەسانی نزیکیان هەردوو ژنەکە لە بواری ئەخلاق و پێوەرە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە هێژا بوون و خاوەنی کەسایەتی خۆیان بوون. لە هەرێمی ئەردەڵانیش یەکەمین کچ کە بە زارەوەی کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) گۆرانی گوتووە، فەتانە وەلیدی بوو کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ گۆرانییەکانی خۆی لە رادیۆی سنەدا تۆمار کردووە. لە ناوچەی موکریانیش مەنیج حەیران، یەکەم ژن بووە کە گۆرانی گوتووە، بەڵام بەداخەوە گۆرانیەکانی تۆمار نەکراوە.

ئێران خانم لەساڵی١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٩ کە کۆماری ئیسلامی لەو ساڵەدا دامەزرا مانگی ٢ جار لەگەڵ کچەکەی بەناوی" گولیستان" دەچووە، رادیۆی کوردی ئورمێ و گۆرانیەکانی تۆمار دەکرد. کاتێک گۆرانیەکانی لە رادیۆوە پێشکەش دەکرد، نامەی هۆگرانی دەنگی جارلەجار زیاتر دەبوو. حەز و خۆشەویستی ئێران بۆ گۆرانی گوتن زۆر بوو، بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی پەهلەوی، نەیاندەویست ماوەی کاری رادیۆی کوردی زیاتر بکەن. چونکە کارێکی وا رێی لە پرۆسەی تواندنەوەی زمان و کولتووری کوردی دەگرت. ئامانجی ئەوان لە دامەزراندنی رادیۆی کوردی لە ئورمێ، کرماشان و تاران ئەوە بوو، کە رێ لە کوردانی رۆژهەڵات بگرن تا تێکەڵ بە شۆڕشی نەمر موستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەبن .



## ناوەرۆکی گۆرانییەکانی ئێران خانم

گۆرانیبێژیی، لە هەرێمی ئورمێ تا ماکۆ و کورمانجەکانی خۆراسان لەژێر کاریگەری گۆرانیبێژیی سەرحەدی باکووری کوردستاندا بووە. ئەو کلامە کوردییانەی کە لەرێگای رادیۆی ئێریڤانەوە بلاودەکرانەوە، کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر گۆرانیبێژی کوردانی رۆژهەڵات داناوە. لەبەر ئەوەش کاتێ مرۆڤ گوێ لە گۆرانییەکانی ئێران خانم دەگرێت، کاریگەرییەکی لەو جۆرەی بۆ ئاشکرا دەبێت. ناوەرۆکی زۆربەی گۆرانییەکانی ئێران خانم سەرچاوەیان لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی کوردستانەوە گرتووە. ئەو وەک گوتەبێژێکی گەلی هەرێمەکە گۆرانی گەلەری دەڵێت کە باس لە کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەکات. گۆرانی وەک: عاریفۆ لاوۆ، باژۆ ئەمیرێ من، باڤێ لالۆ، دەلال ئەز حەیران، دەلال لۆ، دەلالێ مالێ، دلێ من لۆی لۆی، دۆتمام و پسمام، فلیتێ قوتو، حەدۆ رابە، کوڕێ خەلاقێیو دەلال، لێ لێ یەمان(دۆمامێ)، شەڕێ جەز و سالیحبەگێ، یار گەورە و چەندین گۆرانی دیکە کە بە ناوەرۆک لەگەڵ ئەوەدا هەموویان گەلەرین و باس لە ئەڤین و وەفاداری ژنی کورد دەکەن، لەسەر ئاغا و مێرخاس و بەگەکانی کورد گوتراون. کاتێک ئێران خانم گۆرانی ئەڤینداری دەڵێت، هونەری گۆرانیبێژییەکەی باشتر بۆ بیسەرانی ئاشکرا دەبێت، رەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە ئێران لە ژیانی خێزانی و ئەڤینداری خۆیدا شکستی هێنابێت. هەرچەندە ژمارەی ئەو گۆرانییانەی کە ئێران خانم لە رادیۆی کوردی ئورمێ تۆماری کردووە، نازانرێت، بەڵام ئەگەر لەماوەی ئەو ٨-٩ ساڵەی کاری فەرمی خۆیدا(١٩٧١تا١٩٧٩) مانگێ دووجار چووبێتە رادیۆ، ژمارەیەکی زۆری گۆرانی تۆمار کردووە. هاوکات ئەوەش نەزانراوە کە چەند گۆرانی بێ موزیک و بە موزیکەوە تۆمار کردووە. پاش تێکچوونی رژێمی شاهەنشاهی، رژێمی ئیسلامیش دەرگای ئەرشیفی کوردی رادیۆکەی داخستووە و رێگە بە کەس نادرێت کە لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکات. پێدەچێت کە بەرپرسانی حکوومەتی نوێ لە ساڵانی شەڕی نێوان کورد و پاسدارەکاندا، هەموو ئەرشیفی کلام و گۆرانییە کوردییەکانی لەناو بردبێت. هونەرمەند ئێران خانم لە٣١ ساڵ خەباتی هونەری خۆیدا زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی گوتووە کە لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبووەتەوە. ئەوە تەنیا ژمارەی ئەو گۆرانیانەیە کە بەناوی ئەوەوە لە ناو گەلدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئێران خانم سەدان گۆرانی فولکلۆری و گەلەری گوتووە و لە رادیۆدا تۆماری کردووە.

## چارەنووسی ئێران خانم دەگۆڕدرێت !

دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ ژیانی هاوبەش لەگەڵ سەعیدی مێردی، کە ببوونە خاوەن کچێک و دوو کوڕ، سەعید بەپێچەوانەی ویستی ئێران خانمەوە ژنی دووهەمی هێنا. ئەوکات ماڵیان لە گوندی سۆمانئاوا بوو. ئەو رەوشە لاپەڕەی ژیانی ئێران خانمی گۆڕی و نەیتوانی دەردی هەوێ قبووڵ بکات. پاش شەڕ و پێداگرییەکی زۆر، ئێران خانم بڕیاری جیابوونەوە لە سەعیدی مێردی دەدات. پاش ئەوەش گوندی سۆمانئاوا و منداڵەکانی بەجێدەهێڵێت و ماوەیەکیش لای باوکی دەمێنێتەوە. دواتر بۆ جاری دووهەم لەگەڵ پیاوێک بەناوی"داداش ناسری" ژیانی هاوسەری پێکدێنێت و لەشاری تاران نیشتەجێ دەبێت. سێ ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە سەڵماس و١٥ ساڵیش لەوێ دەژێت. دواتر دێنە ئورمێ و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە گەڕەکی ئیسلامئاباد خانوویەک دەکڕن و پێکەوە دووکانداری دەکەن. ئیتر لەو ساڵانەدا بێدەنگ دەبێت و تەنیا لە ناو بۆنە تایبەتی و خێزانییەکان و کەسانی ناسراودا دەنگی دەبیسترێت. لەو ساڵانەی کە ئێران خانم لە تاران بووە، کەس نازانێت لەکوێ بووە و چۆن ژیاوە. منداڵەکانیشی ئاگاداری رەوشی ئەوکاتی نین! بەڵام پاشان دەرکەوتووە کە بێدەنگ نەبووە و هونەرەکەی بەشێوەیەکی شاراوە درێژە پێداوە .

لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە بێدەنگییەدا ئێران خانم، چەند کاسێتی نوێی خۆی بۆ شارەکانی باکووری کوردستان دەنێرێ، پاش بڵاوبوونەوەی کاسێتەکانی لە کوردستان و تورکیا وەها دەزانرێت کە ئێران خانم لە باکووری کوردستانە!(لەوێ دەژی)، بەڵام وەها نەبوو، ئەو لە تاران بوو. ئاشکرایە کە ئەوکات پەیوەندی ئەو لەگەڵ لایەنگرانی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان باش بووە و کاتێک کە مافی گۆرانی گوتنی لە ئێران نەبووە، بەنهێنی کاسێتەکانی گەیاندووەتە باکووری کوردستان. ئەوەش زیاتر خۆشەویستی ئێران خانم بۆ هونەری کوردی دەسەلمێنێت. ژیانی ئێران خانم لە سەردەمی بێدەنگیدا رەنگێکی تر دەگرێتە خۆی و ئەوەش کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی گۆرانییەکانی دادەنێت و بە تەواوەتی دەیگۆڕێت. ناوەرۆکی تەواوی گۆرانیەکانی ئێران خانم، لەدەستپێکی ژیانی لەگەڵ مێردی دووهەمیدا تا ئەوکاتەی دەمرێت، باس لە بێبەختی و زوڵمی پیاوی کورد لەژن دەکات؟! بەڵێ ئەڤینی٣٠ ساڵانی سەعید هەرگیز لەبیری ئێران خانم نەچووەتەوە. ئێران خانم لە مێردی دووهەمی کوڕ و کچێکی هەیە .

## مردنێکی گوماناوی و تراژیک

ئێران ژنێکی زیرەک و قسەخۆش بوو. تەندروستی باش بوو، لە ساڵانی دوایی ژیانیدا هەمیشە خەریکی دووکانداری بوو. لەرەوشێکی وەهادا و لە ٢٠٠١/٨/١٠ هەواڵێک لە ناو خەڵکی ئورمێدا بڵاوبووەوە کە لایەنگرانی هونەری کوردی و دۆستانی ئێران خانمی زۆر غەمگین کرد. هەواڵەکە وەها بوو:" ئێران موجەرەد بە خنکاندنی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا!!". ئەو هەواڵە پرسیاری زۆری لای ئەو کەسانە دروست کرد کە لە نزیکەوە دەیانناسی .

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلای منە و لە هەڤاڵانی نزیکیم بیستووە، ئێران کەسێکی دیندار بووە و زەحمەتە کەسێکی بڕوادار کاری وەها بکات. چونکە لەباری دەروونییەوە نەخۆش نەبوو تا مرۆڤ بتوانێت گومانێکی وا بکات و خۆکوشتنی بسەلمێنێت. لەبارەی مردنەکەیەوە شتی جۆراوجۆر دەگوترێت، بەڵام ئەوەی کە بە فەرمی لەلایەن پزیشکانی نەخۆشخانەی ئورمێیەوە گوترا ئەوە بوو:" خۆی کوشتووە."...

هۆکاری ئەو رووداوە تراژیکە وەک هەندێک لە نزیکانی ئێران خانم کە(نایانەوێت ناویان ئاشکرا ببێت) باسی دەکەن ئەوەیە:" لەم ساڵانەی دواییدا ئێران و مێردەکەی بە کاری دووکانداریی زۆر دەوڵەمەند ببوون، بەڵام منداڵانی ژنی پێشووی مێردەکەی چاویان بڕیبووە ئەو سامانەیان و شەڕیان پێ دەفرۆشتن و داوای پارە و پولیان لێ دەکردن. بە مەزندەی ئێمە کوڕی داداشی مێردی لەبەر پارە، ئێران خانمی خنکاندووە ."...

بەهەرحاڵ تا ئێستا هیچ کەس شتێکی روون لەبارەی مردنەکەیەوە نازانێت و بەداخەوە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی هۆکاری خنکاندنەکەیەوە نەکراوە. ناوی ئێران خانم دەچێتە پاڵ ژنانێکی وەک مریەم خان، نەسرین شێروان، ئایشێ شان، گوڵبەهار، مەرزیە فەریقی، فەتانە وەلیدی و گەلێک هونەرمەندی کورد.

**سەرچاوە:** هەڤپەیڤین لەگەڵ خەبات برادۆستی، هەڤپەیڤین لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد سۆفی عەلی، عەلی حەوسەد و برا نەورۆزی و هەروەها هەڤپەیڤین لەگەڵ چەند کەسی نزیکی ئێران خانم کە رازی نەبوون ئاماژە بە ناوەکانیان بدرێت .

وەرگێراوە لە ماڵپەڕی "وارڤین"

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 530    6 Mar 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org    info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# بەڕەسمی ناسرانی نەورۆز وەک ڕۆژێکی جیهانی



نەورۆز ، بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردان و گەلانی دیکەی بانووی ئێران وەک ڕۆژێکی جیهانی لە لایەن ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕەسمی ناسرا و لە ڕۆژژمێری ئەو ڕێکخراوەیەدا تۆمار کرا.

کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی ڕۆژی سێشەممە، ٤ ی ڕەشەمەی ئەندامانی خۆی دا ٢١ ی مارس، نەورۆز ( ١ ی خاکەلێوە)ی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانیی نەورۆز پەسند کرد.

لە ڕاگەیەندراوی نووسینگەی پێوەندییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم بارەیەوە هاتوە کە ئەورۆکە ٣٠٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی وڵاتانی ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، قەفقاز، تاجیکستان، کۆماری ئازەربایجان و وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست ڕۆژی نەورۆز وەک نەریتێکی کەونار و بۆنەیەکی مێژوویی دەکەن بە جێژن، هەر بۆیەش ئەو بۆنەیە کە مێژوویەکی سێ هەزار ساڵەی هەیە، شایانی ئەوەیە وەک بۆنەیەکی جیهانی، ڕۆژێکی ساڵی بە ناو بکرێ.

شایانی باسە کە هاوینی رابردووش نەورۆز وەک میراتێکی کلتووری و مەعنەویی مرۆڤایەتی لە لایەن" یۆنێسکۆ"، ڕێکخراوی پەروەردەیی و کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ئاستی جیهانی دا بە ڕەسمی ناسرابوو.

# گوڵبەهار، خاتوونی گۆرانیبێژی کورد کۆچی دوایی کرد



گۆرانیبێژی ناوداری کورد گوڵبەهار لە تەمەنی ٧٨ ساڵی دا و بە هۆی نەخۆشییەکی درێژخایەن ڕێکەوتی ٢٣ی فێوریيە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کۆچی دوایی کرد.

جەماڵ ئامێدی بەرپرسی تیپی مووزیکی دهوك، رایگەیاند: کە خاتوو گوڵبەهار دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بە دەست نەخۆشییەکی کوشندەوە "ئیفلیج" ببوو لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد و لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی لە شاری نەجەف بەخاك سپێردرا.

گوڵبەهار ساڵی ١٩٣٢ لە شاری ئامێدی لە دایك بوو و ساڵی ١٩٤٩ لە ڕێگەی شانۆگەرییەوە هاتە گۆڕەپانی هۆنەرەوە و ساڵی ١٩٦٩ بۆ یەکەم جار گۆرانییەکانی لە ئیزگەی دەنگی کوردی لە بەغداوە بڵاو بوونەوە.


# لە تورکیە"مەم و زین" ی ئەحمەدی خانی سەر لە نوێ چاپ دەکرێتەوە




وەزیری فەرهەنگ و گەشتوگەڕانی تورکیە، رای گەیاند، بەم زووانە" مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی لە لایەن وەزارەتەکەیەوە، چاپ دەکرێتەوە.

ئەرتۆغرۆل گونای، وەزیری فەرهەنگ و گەشتوگەڕانی تورکیە، لە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی"جمهوریت" دا رای گەیاند ئەم وەزارەتخانەیە بە نیازە بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکان سەر لە نوێ چاپ و بڵاو بکاتەوە. یەك لەم بەرهەمە کۆنانە، "مەم و زین" ی ئەحمەدی خانییە کە سێ سەدە لەمەوبەر، هۆنیویەتەوە. "مەم و زین" چیرۆکێکی درێژی شێعرییە کە لە ٢٦٦١ بەیت پێك هاتوە و هەتا ئێستا وەرگێردراوەتەوە سەر زمانە گرینگەکانی دنیا بۆ وێنە ئینگلیزی، فەرانسەیی، عەرەبی، تورکی، ئەرمەنی و ڕووسی. ئەم چیرۆکە، داستانی خۆشەویستیی دوو دڵدار بە ناوەکانی مەم و زینە، شوێنی ڕوودانی ئەم چیرۆکە، ناوچەی جزیرە. پێویستە بگوترێ" مەم و زین" ساڵی ١٩٩١ لە لایەن ئومید ئیچلی، دەرهێەری تورك کرا بە فیلم کە لە گەڵ پێشوازیی رەخنە گرانی سینەما بەرەو ڕوو بوو.

**ماڵپەڕی: کوردستانی ئەمڕۆ**




# بۆ ئەسعەدی جوانەمەرگ



بێبەش

لە مێژ ساڵ بوو داوی ڕەشی ناهومێدی دەی ویست لە بەر چاوی گەشت تۆڕی دارمان و هەرەس بەرهەم بێنێ.

گەلێك ساڵ بوو زەروویەکی برسی و بەسام خوێنی دەمارتی دەمژت هەتا بۆ دەمی حەزیاکەی مەرگ، ویشکت بکا و بت فەوتێنێ.....

برام ئەسعەد! براتیان گرت، براتیان برد، بە کەڵپی چیرو خوێناوییان ئێسکیان کرۆشت، ئازاریان دا. شەهیدیان کرد....

بە جەستە خەستەیان کردی، هێدی هێدی مۆمی باڵات دەتوایەوە، نەرم نەرم لە سێبەری عومری کەمت دەبڕایەوە... بەڵام شاری چراخانی دڵت، وەك کوردستان، قەت نەگیرا.

بە پەنجە باریکەکانت هەوای مان و ڕاپەڕینت لە نێو گەرووی شمشاڵی کورد، بۆ کوردستان خۆشتر دەکرد. بە ئیمان و هەست و ورەی پێشمەرگانەت چاوی گەشی هەڵۆیانت گەشتر دەکرد. بزەت هەردەم بتاوێنی بەفری غەمی یارانت بوو،

لە نێو مەزرای دڵی ئازار چێشتووان دا، بەزە تاوو بارانت بوو.

"دریاز" خۆشاوی هەبوونی پێ دای، قەندیل بەرزەفڕی کردی، گرەی کەرکووك قاڵی کردی، کۆیەی حاجی دەرسی کۆڵنەدانی پێ دای، بۆیە ئەسعەد هەر نەکەوتی. هاوڕێم! هەر بە پێوە خەوتی. خەوت ئارام، خەونت ئەرخەوانی و ئامانجت وەدی بێ.

# پەلاماری هێزە ئەمنییەتەیەکان بۆ سەر ماڵی جەعفەر پەناهی دەرهێنەری سینەما



لەم پێوەندییەدا نووسینگەی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بێرلین و پارتی خەڵکی ئوورووپا کە گەورەترین پارتی پارلەمانی ئوورووپایە لە دوو ڕاگەیەندراودا وێڕای دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان لە دەستبەسەر کرانی پەناهی، خوازیاری هەرچی زووتر ئازاد کردنی بوون.

کار بەدەستانی ڕێژی، دوای شەوو ڕۆژێک، پەناهی و هێندێک لە میوانەکانیان ئازاد کرد. بەڵام رایان گەیاند گیرانی ناوبراو لە بەر تاوانی سیاسی نەبوو.

هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران دوای ئەوەی ماڵی دەرهێنەری ناوداری ئەم وڵاتە "جەعفەر پەناهی" دەپشکنن، وێڕای بنەماڵەکەی و ١٥ کەس کە میوانی ناوبراو بوون دەستبەسەرو بەرەو شوێنێکی نادیار رادیان دەگوێزن.

پەناهی کە یەکێکە لە لایەنگرانی ڕەوتی ناسراو بە "سەوز"، گەلاوێژی ئەمساڵ، کاتی بە خاکسپاریی کوژراوانی ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردن لەگەڵ ماڵ و منداڵی و هەروەها سینەماکارانی دیکەی ئێران، مەهناز محەممەدی و روخسارە قائمقامی لە گۆڕستانی "بەهەشتی زارا" بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر دەستبەسەر کرا.

هەروەها دەگوترێ مانگی پێشوو ناوبراو لە لایەن دامودەزگای سەر بە حکوومەت ئیزنی پێنەدرا بەرەو ئاڵمان بە مەبەستی بەشداری لە فیستیڤاڵی بێرلین وەڕێ کەوێ.


# خەڵاتی ئاشتیی ساڵی ٢٠٠٩ پێشکەش بە رامین جەهانبەگلوو کرا




خەڵاتی ئاشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ساڵانە پێشکەش بەو کەسایەتییانە دەکرێ کە لە چواچێوەی ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوەدا هەوڵ بۆ بەهێز کردنی ئاشتی، پێبەند بوون بە مافی مرۆڤ و بەرەوپێش بردنی لێك تێگەیشتنی کلتووری نێوان نەتەوەکان لە ئاستی جیهان دا دەدەن، بۆ ساڵی ٢٠٠٩ درا بە رامین جەهانبەگلوو فیلسۆفی دژە توندوتیژی ئێرانی.

جەهانبەگلوو کە لە ڕێگەی هەوڵەکانی خۆی لە بوارەکانی بیرکردنەوەو پراکتیك و سیاسیدا هەوڵی بۆ پەرەدان بە ئاشتی و ئاشتیخوازی داوە، دوای وەرگرتنی ئەم خەڵاتە گوتی: هەموو کاتێك دژی توندوتیژی بوومەو لەو بوارەشدا هەموو کاتێك بیرۆکەکانی دژە توندوتیژیی "مهماتا گاندی" و "مارتین لوتەر کینگ"م لەبەر چاوە.

# سەری بەردینی ناودارترین فیرعەونی میسر دۆزرایەوە




دەستەی لێکۆڵینەوەی میسری - ئوورووپایی لەو ناوچەیە دەڵێ: لە پەیکەرەکانی دیکە کە تا ئێستا دۆزراوەتەوە، هەمیشە بەشێکیان شکاون، بەڵام ئەو پەیکەرە باشترین نموونەیە لەو پەیکەرانە کە تاکوو ئێستا دۆزراوەتەوە.

یە گوێرەی هەواڵی "بی.بی.سی" سەری بەردینی "ئامێنهۆ تیپی" بە ناوبانگترین فیرعەونی میسر (باپیری توت عەنخ ئامون) لە نێو وێرانەکانی پەرەستگەی فیرعەون لە شاری "ئەلئەقسەر" لە ژێر زەوی دۆزرایەوە. شارەزایان لە سەر ئەم بڕوایەن، ئەوە باشترین نموونە لە رووماى فیرعەونە کە تاکوو ئێستا دۆزراوەتەوە. ئەو سەرە کە دوو میترو نیوە بەشێکە لە پەیکەرەیەك کە بەشێکی زۆری چەند ساڵ لەمەوبەر دۆزراوەتەوە. بەرپرسانی شوێنەوارە مێژووییەکانی میسر رایان گەیاندوە کە بەنیازن کار لەسەر ئەم پەیکەرە بکەن و نۆژەنی بکەنەوە. ئەوە لە حالێکدایە کە دوکتور "هۆریگ سۆرۆزیان" بەرپرسی

بەر لەماڵاوایی

# لە بەر چی ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەم بە جێژن؟

ناوانتم پیلای*

بۆ ئەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان بکەم بە جێژن، هۆکار زۆرن. لە ماوەی ژیانم دا زۆر گۆڕانی بە دوور لە چاوەڕوانیم لە وڵاتی خۆم و لە سەرانسەری جیهان دا، دیتوون. هێزی راوەستانی خەڵکی ئاسایی لە بەرامبەر ئەو بێعەدالەتییانەی لەگەڵیان بەرەوڕووبوون، هەروەها ئەوانەی لە بەرامبەر هەموو نابەرابەرییەك دا، سەرکەوتوو بوون، بە چاوی خۆم بینیومن. وەك ژنێکی ڕەنگین پێست کە لەنێو جەرگەی هەژاری دا گەورە بووم، هەڵاواردنی جینسی، ڕەگەزی و چینایەتیم تاقی کردوونەوە. ئەمڕۆ، بەهێزبوونی ژنان و، دەسەڵاتی زاڵبوون بەسەر خەسارەکانی سەرچاوەگرتوو لەم سێ جۆرە هەڵاواردنانە، بە ڕێزەوە هەڵ دەسەنگێنم.

وەك خوێندکارێکی لاوی لقی مافەکانی ژێر ئاپارتاید، پێم ڕاگەیەندرابوو چاوەڕوان نەبم کە سکرتێرە سپی پێستەکانم، فەرمانم لێ وەربگرن. ئەم شانسەم هەبوو کە دوای تەواو کردنی خوێندنی زانستگە، لەلای پارێزەرێکی ڕەش پێست دامەزرێم. بەڵام لە پێشدا سوێندی دام کە نەهێڵم دوو گیان بم. وەك کۆمیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکم، پشتیوانی و بەرەوژوور بردنی مافەکانی مرۆڤ و لەنێو ئەوان دا مافەکانی ژنان لە بارەی ژنانەوەیە. نیگەرانی ئەوەم ئەم قەیرانە ئابوورییە جیهانییەی ئێستا لەگەڵی بەرەو ڕووین، کاریگەرییەکی نەگونجاو لەسەر ژنان دابنێ. ژنان، زۆرایەتیی هەژاران و، کەسانی بێبەش لە مافە مەدەنییەکان پێك دێنن. ئەوان لەگەڵ بێبەشی لە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بێبەشی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەرەو روون. ناسینی یەکەیەکەی ئەم مافانە کە ژنان شایانیانن، بناغەی بە هێز کردنی ژنان پێك دێنێ.

ژنان هێشتا هەقدەستی وەکیەك بۆ کاری وەکیەك وەرناگرن و ئەو پشتیوانییە حوقووقییەیان نییە کە لە شوێنی کار، بۆ هاوکارانی دیکەیان هەیە. کرێکارانی شوێنە دوورە دەستەکان بە تایبەتی کرێکارانی کۆچبەر، بە زۆری دەکەونە دەرەوەی یاساکانی کار. لە زۆر لە وڵاتانی جیهان، یاساکان کۆسپی سەر ڕێگەی، دەستراگەیشتنی ژنان بە سەربەخۆیی ماڵین و، دەبنە هۆی هەڵاواردن بە زیانی ژنان لە بوارەکانی پەیداکردنی کار، سامان و میرات دا. مەودای نێوان تێرو برسی، دارو نەدار بەرینتر دەکەنەوەو، ژنان لە بژێوو دەستڕۆیشتنێکی بەردەوام بێبەش دەکەن.

توندوتیژی دژی ژنان، خەساری زیاتر بەرەو ڕووی ئەوان دەکاتەوە. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك درمێك لەم دیاردەیە دەڕوانێ. وەك پارێزەرێك کە کارەکەی دژایەتی لەگەڵ توندوتیژیی بنەماڵەییە، کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە توندوتیژییانە لەسەر ژنان، منداڵان و بنەماڵەکانم بە چاوی خۆم و لە نزیکەوە دیون. ئەوە لە حالێك دایە کە ئەم جۆرە تاوانانە، زۆربەی جارەکان دەشاردرێنەوەو هیچ چەشنە سزاو لێپرسینەوەیەکیان بە دوادا نایە. هەروەها کە توندوتیژیی بنەماڵەیی، چەکی زاڵبوون بەسەر ژنان لە بنەماڵە دایە، لە شەڕو تێکهەڵچوونە چەکدارییەکانیش دا، توندوتیژی دژ بە ژنان، چەکێکی شەڕە. وەك قازییەك لە دادگای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی ڕواندا وە، شایەدی دانی ژنانم لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی و دەستدرێژیی جنسی دا، بە گوێی خۆم بیستوەو، دیتوومە کە ئەم توندوتیژییە چلۆن بۆ لەبەر یەك هەڵوەشاندنی بنەماڵەکان و کۆمەڵگەکان بە کار هێنراوە.

من ئەمڕۆ، سەرەڕای بەربڵاوی توندوتیژی و هەڵاواردن دژی ژنان، ڕۆژی جیهانیی ژن دەکەم بە جێژن. جێژنەکردنی من بە بۆنەی بەدیکردنی توانایی ئەو ژنانەیە کە ورەیەکی لە شکان نەهاتوویان هەیە. ئەو ژنانەی کە نەك هەر تێك ناشکێن، بەڵکوو دەوام دێنن و تەنانەت بەرەو پێشیش دەچن. من سەبارەت بە بیری یەکسانیی ژن و پیاو کە لە چوارچێوەی قانوونە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دا، ڕێزی لێ دەگیرێ، هەروەها سەبارەت بە هەوڵدانی بە کۆمەڵمان بۆ وەرگرتنی ئەم بیرەو، پیادەکردنی بە کردەوەی لەنێو ژنان و پیاوانی سەرانسەری جیهان دا، جێژن دەکەم. لەم بۆنەیەدا، هەروەها ڕێزی لە بەرەوژوور چوونی ژمارەی پیاوانێك دەگرم کە تێ دەگەن یەکسانیی جنسی، هەم بە قازانجی پیاوانە، هەم بە قازانجی ژنان. ڕێز لە پیاوانێك دەگرم کە خۆیان بۆ سڕینەوەی توندوتیژی و هەڵاواردن دژی ژنان، تەرخان کردووە.

ئەمساڵ، ڕۆژی جیهانی نێونەتەوەیی ژنان ناوی" ژنان و پیاوان: یەکگرتوو بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژی ژنان" ی لەسەر دانراوە. ئەم ناوە بانگەوازێکە بۆ پشتیوانی لە پەیامی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا. بۆ پێشکەوتنی ژنان هێندێك محەك و پێوانە هەن. بۆ نموونە بەشداریی ژنان لە پارلمان، سپێردرانی پۆستی سەرۆکایەتیی وڵاتان بە ژنان، بە دەستەوە گرتنی دادگا بەرزەکان لەلایەن ژنانەوە، بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەرانسەری جیهان. کچانێك دەبینم کە بە هەست و هیوایەکی دیکەوە، خەریکی گەشەکردنن، ئەم کچانە بڕوابەخۆو بە هێزن و لە بەرامبەر بە شووودانی پێشوەخت، خەتەنە و ئازاری جنسیی دەوەستنەوە. ئەوان دەیانەوێ بچنە قوتابخانە و بخوێنن، دەیانەوێ ببنە پارێزەر، پزیشك، دادوەر، نوێنەری پارلمان، دەیانەوێ ئەو دنیایەی تێی دا دەژین، بیگۆڕن. دڵنیام هەرواش دەکەن. لەم ڕۆژەدا، لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دا، دەمەوێ بەڕێزەوە یادی ئەم جۆرە کچانە بکەمەوە. ئەوان داهاتووی ئێمەن.

*کومیسێری بەرزی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان
هەڵبژاردەیەك لە وتاری ٨ی مارسی ٢٠٠٩ی ئەو خانمە

وەرگێڕان بۆ کوردی: ب.هانا